# شەماڵ سائیب

ژیان و هونەر

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# شەماڵ سائیب

## ژیان و هونەر

ئامادەکردنی

ئەحمەد سالار و ژیمۆ شەماڵ سائیب

ناوی کتێب: شەماڵ سائیب – ژیان و هونەر
ئامادەکردنی: ئەحمەد سالار و ژیمۆ شەماڵ سائیب
ئەرشیفی وێنەکان: عەبدورەحمان بێلاف
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٤١
پیت لێدان: نساران بورهان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + بۆکان نووری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مەریەم موتەقییان
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٩٥ی ساڵی ٢٠١٠ی دراوەتێ

# پێڕست


پێشەکی – دوکتور محەمەد نوری عارف ........ 7
شەماڵی مرۆڤ و هونەرمەند ........ 14
شەماڵی ئاوازدانەر ........ 22
ئاوڕدانەوەیەک لە هونەرمەند شەماڵ سائیب – سەلاح رەئووف ........ 24
هونەرمەندی نەمر شەماڵ سائیب – ولێم یۆحەنا ........ 28
راوبۆچوونم بەرامبەر شەماڵی هونەرمەند – حەمەی شمشاڵ ........ 30
شەماڵ مامۆستای مامۆستایەکان – پارێزەر فیکرەت عیزەت ........ 31
لەگەڵ شەماڵ سائیبدا – محەمەد عەلی مەدهۆش ........ 36
مەرگی هونەرمەندێک – مستەفا ساڵح کەریم ........ 41
شەماڵ سائیبی داهێنەر – هونەرمەند فوئاد ئەحمەد ........ 45
شەماڵ سائیب مامۆستای مۆسیقای کوردی – رەسوڵ بێزار گەردی ........ 47
یەکەمین مۆزیکزانی گەورەی کورد – تەنیا عەرەب عوسمان ........ 49
یادگارێکی دێرین لەگەڵ هونەرمەند شەماڵ سائیب – عومەر هەڵمەت ........ 50
شەماڵ سائیب و یادەوەرییەک – د. شاخەوان نامق شوان ........ 54
شەماڵ سائیب و چەند بیرەوەرییەک – تاهیر کرمانج ........ 56
بەیادی شەماڵ سائیبی شوان لە شەوانی لە یلێدا – ئامانج غازی ........ 59
پێداچوونەوەیەک بە نووسینەکانی شەماڵ سائیب – یاسین قادر بەرزنجی ........ 61
یادێکی شەماڵ سائیب – کەمال رەئووف محەمەد ........ 72
دەمەتەقێی نێوان چالاک تاڵەبانی و شەماڵ سائیب ........ 81
لەگەڵ شەماڵ سائیبدا – ئا: مەحموود زامدار ........ 91

دیدار لەگەڵ شەماڵ سائیب – عەبدوڕەحمان بێلاف ........ 102
چی لەسەر شەماڵ سائیب نووسراوە؟ ........ 109
شەماڵ سائیب دەگەڕێتەوە جیهانی هونەر – د. کوردستان موکریانی ........ 109
کۆچی دوایی هونەرمەند شەماڵ سائیب – علي الحلي ........ 112
سوپاس ........ 114
گۆرانییەکان ........ 115
وێنەکان ........ 153

# پێشەکی

دوکتور محەمەد نوری عارف

وەکو ئاگام لێیە نەزیرە خانی حاجی مەلا کەریم، نزیکەی ١٢ ـ ١٣ ساڵێک دەبێ کە دەیەوێت کتێبێ ئامادە بکرێت بۆ چاپ لەبارەی ژیان و بەسەرهات و بەرهەمەکانی خوالێخۆشبوو هونەرمەندی ناسراوی کورد شەماڵ سائیب ئەم هەواڵەم چەند جارێ بیستووە، چاپکردنی کتێبیش بەتایبەتی کوردی و لەو سەردەمەدا ئاسان نەبوو، رەزامەندی وەرگرتن بۆ چاپکردنی کۆششێکی زۆری دەویست، دوای ئەوە پارەی چاپکردنەکەیشی لە توانای هەموو کەسێکدا نەبوو، هەرچەندە رێکەوتی ١٩٩١/٩/١٧، رەزامەندیی وەرگیرابوو بۆ چاپکردنی، بەڵام هەروا مابووەوە، ئاواتی لەچاپدانی نەهاتە دی، پێش ئەوەی کە پاکنووسی کتێبەکە ببینم نەزیرە خان پێی وتم: کە پێشەکییەکی بۆ بنووسم، منیش ئەو بەڵێنەم پێ دا کە پێشەکییەکە بنووسم، دەستنووسەکە فۆتۆکۆپیکراو بوو، هونەرمەند کاک ئەحمەد سالار لە ساڵی ١٩٩١دا ئامادەی کردبوو بۆ چاپ، دیارە گەلێ خۆی پێوە ماندوو کردبوو، کاک سالار لە پێشەکییەکەیدا دەڵێ: ئەم بەرهەمە بە خواستی خاتوو نەزیرەی مەلا کەریم هاتووەتە بەر.

لەبەرئەوەی کە کاک سالار لە هونەرمەندی خوالێخۆشبوو زۆر نزیک بوو خۆشی هونەرمەندێکی ئەوەندە ناسراوە کە پێویست بەوە ناکات من باسی لێوە بکەم، هەڵسان و دانیشتنێکی زۆری لەگەڵ هونەرمەند شەماڵ سائیبدا هەبووە، وە هاورێیەکی نزیکی بووە، ئەوەی کە پێوەندییەکانی پتەوتر کردووە ئەوە بووە کە هەردوو هونەرمەند بوون و باشتر لە ناخ و دەروونی یەکتری شارەزا بوون و ئەوەیشی کە هانی داوە ئەم کتێبە بەم جۆرە ئامادە بکات و

خۆی پێوه خەریک بکات بەدڵێکی فراوانەوە، هەر ئەو پێوەندییە توندوتۆڵە بوو لە نێوانیاندا.

ئەم کتێبە پێک هاتووە لە کۆمەڵێ وتار و لێکۆڵینەوە و وتووێژ و گفتوگۆ، لەبارەی هونەرمەندی خوالێخۆشبوو شەماڵ سائیبەوە، هەروەها مامۆستا سەلاح رەئووفی هونەرمەند ئاوازەکانی کردووە بە نۆتە. خاوەنی ئەو کۆمەڵە وتار و نووسینە هونەرییانەی کە لەبارەی خوالێخۆشبووەوە ئامادە کراون، بە شێوەیەکی گشتی لە دوور یان نزیکەوە شەماڵ سائیبیان ناسیوە دۆستایەتی و خۆشەویستی و پێوەندی هەبووە لە نێوانیاندا.

بەهۆی ئەوەی کە ئەوانیش مۆسیقیزان و هونەرمەند و نووسەر و رۆشنبیرانی کورد بوون، پێوەندیی بەشێکیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی لاوێتی هونەرمەندی خوالێخۆشبوومان، هەندێکیشیان وەکو من ئاگام لێیە هەڵسان و دانیشتن و دۆستایەتییەکی گەرمیان لەگەڵدا هەبووە، وەکو کاک ئەحمەد سالار، کاک چالاک تاڵەبانی، کاک کەمال رەئووف و کاک عەبدوڕەحمان بێلاف بەرزنجی و... هتد. بەڵام وەکو لە نزیکەوە دەزانم پێوەندیی و دۆستایەتییەکی یەکجار گەرموگوڕی بوو لەگەڵ کاک چالاک تاڵەبانیدا و هەمیشە هاتوچۆی دەکرد و زۆر جار شەماڵ دەیگوت: وەسیەت بێ ئەگەر مردم عوودەکەم بدەن بە کاک چالاک تاڵەبانی.

ئەوەی کە شایانی باسە بەشێوەیەکی گشتی بەڕێزانی ناوبراو گەلێ شتیان خستووەتە ڕوو لەبارەی ژیان و بەرهەمی هونەرمەندی ناوداری کوردمان، هەر لە سەرەتای منداڵییەوە تا رۆژی کۆچکردنی، هەروەها لەبارەی لایەنە هونەرییەکانی تا ڕادەیەکی باش دواون، ئەم لایەنانە لەبەرئەوەی کە هونەرین و زیاتر پێوەندیی بە شارەزاییی ئەوانەوە هەیە، من ناچمە ناو ئەو مەیدانەوە و ئەوەی کە لێوەی دەدوێم تەنیا کورتە بیرەوەرییێکە، سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٧کە بۆ یەکەم جار لە بەغدا خوالێخۆشبووم ناسی و ئەو کاتە و دوای ئەوە تا دەگاتە ساڵی ١٩٦١ کە گەرمەی چالاکی و ناوبانگی شەماڵ سائیب بوو، نە بەتەنیا لە کوردستان، بگرە لە ناو هەموو عێراقیشدا، وەکو

گۆرانیبێژێکی ناسراوی کورد شوێنێکی تایبەتی خۆی هەبوو، گۆرانی (هەرێ لەیلێ) کە بەناوبانگترین گۆرانیی ئەو سەردەمەی بوو لە کوردستاندا، لە ناو عەرەبەکانیشدا هەر ناسراو بوو. لە یادمە زۆر جار شەماڵ دەیوت: هەرێ لەیلێ خۆشەویستترین کوڕی منە و لە هەموو گۆرانییەکانم زیاترم خۆش دەوێ. ڕۆژێ ئەم بەسەرهاتەی بۆ گێڕامەوە و وتی: جارێکیان بۆ پرسە لە بەغداوە گەڕامەوە بەرەو سلێمانی، لە ڕێگە پاسگایەکی سەربازی ئۆتومۆبێلەکەیان ڕاگرتین و داوای ناسنامەیان لێ کردین، کاتێ سەربازە عەرەبەکان زانییان من شەماڵ سائیبم، وتیان: تا گۆرانی (هەرێ لەیلێ)مان بۆ نەڵێیت نایەڵین بڕۆن، لە پاش ئەوەی کە پێم وتن من بۆ پرسەی کەسێکی خۆم ئەڕۆم بۆ سلێمانی و زۆر دڵگرانم و کەی کاتی ئەوەیە کە من گۆرانیتان بۆ بڵێم، ئیتر کە ئەمەیان زانی داوای لێبووردنیان لێ کردم و ڕێگەیان داین و وتیان باشە فەرموون بڕۆن خواتان لەگەڵ.

ئەمە بوو گۆرانی هەرێ لەیلێ کە ئەو سەردەمە زۆر کەس تامەزرۆی بیستنی بوو. هەر لە دەوروبەری ئەو سەردەمەدا بوو کە خوالێخۆشبوو لە بەغدا پێی وتم با پیاسەیەکی بۆ بکەین، لام سەیر بوو بینیم کە ئۆتومۆبێلێکی کڕیوە، وتی: سواربە با بڕۆین، وتم باشە من تێ ناگەم، تۆ دەڵێیت بەم زووانە دەچم بۆ ئەمەریکا و ئێستا ئۆتۆمۆبێلت کڕیوە، وتی: ئاخر بەو مەبەستە کڕیومە تا پێش ئەوەی کە بڕۆم بۆ ئەمەریکا دەمەوێ گەشتێکی باش بکەم بەناو کوردستاندا و ئەو هەموو دۆست و برادەر و دیمەنە جوانانەی کوردستان ببینم، چونکە دیارە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەجێیان دەهێڵم و بە پێویستی دەزانم کە تێر ببم لە دیدەنییان و ئەو یادگارە خۆشانە لەگەڵ خۆمدا ببەم بۆ دەرەوەی نیشتمان، زۆری پێ نەچوو ڕۆژێ لە ڕۆژانی ساڵی ١٩٦١ نیشتمانی بەجێ هێشت و چوو بۆ ئەمەریکا، ساڵ هات و ساڵ چوو منیش بۆ خوێندنی باڵا ساڵی ١٩٦٥ چووم بۆ ئێران و لە زانستگای تاران وەرگیرام و کۆتاییی ساڵی ١٩٧٠خوێندنم تەواو کرد و سەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٧١ گەڕامەوە، ئەو کاتە دوکتۆر محەمەد ساڵح سەرۆکی زانکۆی

سلێمانی بوو، له بەغدا بینیم و وتی: وەرەوە بۆ زانکۆی سلێمانی و کۆلێجی ئاداب دەکەینەوە و مامۆستای تریش پەیدا دەکەین، ئەوەبوو کە ڕۆژی ١٩٧١/ ٨/٣١ له کۆلێجی ئادابی زانکۆی سلێمانی وەرگیرام کە یەکەمین مامۆستای کۆلێجەکە بووم، زۆری پێ نەچوو د. کەمال فوئاد له ئەڵمانیاوە گەڕایەوە و شەماڵ سائیب له ئەمەریکاوە و د. عەبدوڵا دەبباغ له بەریتانیاوە و مریەم خان له بەغداوە و... هتد هەموو هاوبەش بووین له دامەزراندنی کۆلێجی ئادابدا، ئەودەمە زۆربەی کاتی بێ ئیش لەگەڵ کاک شەماڵ سائیبدا بەیەکەوە بووین، سەرەتای گەڕانەوەمان بوو بۆ کوردستان و زۆری حەز دەکرد کە سەر لە دۆستان و برادەرانی دێرینی خۆی بدات، خەڵکەکەیش بە پەرۆش بوون بۆ دیدەنی هونەرمەندی تازە گەڕاوە بۆ کوردستان، کە ماوەی نزیک بە دە ساڵێ دوور بوو لێیان.

کۆڕ و دانیشتنەکانی گەلێ خۆش و بەتام بوو بە تایبەتی نوکتە و قسە بەتامەکانی هەوێنی شادی و خەمرەوێنی بوون، هەندێ جار شتی سەیر و نامۆی بە بیردا دەهات، بۆ نموونە سەردەمێ سەرگەرمی گەڕان بوو بەدوای ئەوەدا کە لە دەوروبەری سلێمانی گردێک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی کە بیکات بە گۆڕستانێکی تایبەت بە هونەرمەند و ڕۆشنبیر و ناسراوەکان و دەیوت: هەر کاتێ کە گردەکەمان دۆزییەوە ڕەزامەندیمان وەرگرت بۆ ئەوەی بیکەین بە گۆڕستان ئەوا بەدار و درەخت و گوڵ و گوڵزار دەیڕازێنمەوە، ڕۆژێ پێم وت: تۆ ئێستا خانوو و شوێنت نییە کە تێیدا بژیت، کەچی خەریکی دروستکردنی گۆڕستانی! وتی: کاکی خۆم تەمەن زۆر کورتە و زوو دەبڕێتەوە، دەبا لە ئێستاوە بیر لەوە بکەینەوە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا هەموو لە گۆڕستانێکدا بۆ هەمیشەیی کۆ ببینەوە و لەیەکەوە نزیک بین وا دەزانم ئەمە کارێکی زۆر باش و نایابە! هەر جارە شتێکی وای بە بیردا دەهات کە بە خەیاڵی کەسدا نەدەهات.

خوالێخۆشبوو دۆست و برادەرانی زۆری هەبوو، هەمیشە هاموشۆی دەکردن و بۆ دیدەنییان دەچوو، حەزی لە سەیران و دەرودەشت و

گەشتوگوزار دەکرد، زۆر نزیکی و تێکەڵاوی هەبوو لەگەڵ قوتابییەکانیدا، سەری دەنایە سەریان و قسەی خۆشی بۆ دەکردن، ئەوانیش زۆر جار لە دەوروپشتی کۆدەبوونەوە و دەیانجووڵاند بە وتە و پرسیار تا گوێ لە نوکتە و قسە بە تامەکانی بگرن.

خوالێخۆشبوو بێجگە لەوەی کە وانەی دەوتەوە، گەلێ چالاکی هونەریشی هەبوو زۆر جار کە تەنیا دەبووم بە تایبەتی لە پشووەکانی هاویندا دەهات بۆ لام جاری وا هەبوو بەهەفتە بگرە بە مانگ لام دەمایەوە، هەڵسان و دانیشتن و دۆستی و برایەتی لەگەڵیدا زۆر خۆش بوو، بەمەرجێ ئەگەر بتزانیبایە کە چۆن ڕەفتاری لەگەڵدا دەکەیت، چونکە دڵی زۆر ناسک بوو، دەبووایە بەوردی و ئارامی دڵی ڕابگیرایە، ئەو کەسانەی کە زۆر لێوەی نزیک بوون ئەمەیان دەزانی و زۆریش دڵخۆش بوون بەو دۆستی و برادەرییەی کە هەیانە لەگەڵیدا، ئەو چەند دڵی ناسک بوو ئەوەندە دڵی پاک بوو، زۆر هاتوچۆی ئەو برادەرانەی دەکرد کە خۆشی دەویستن، سروشتێکی کۆمەڵایەتی تایبەتی هەبوو، دوور بوو لە ژیانی گۆشەگیرییەوە.

لە ساڵانی دوای ١٩٧٥ەوە تەندروستی بەرەو خراپی دەڕۆیشت، هاوڕێکانی ئامۆژگارییان دەکرد، بەڵام گوێی لێ نەدەگرتن، لە ئەنجامدا وای لێ هات ئەگەر ئامۆژگارییەکت بکردایە لەو بارەیەوە پێی ناخۆش بوو، هەندێ جار تووڕەیش دەبوو، لە ساڵی ١٩٨٢دا زانکۆی سلێمانی گوێزرایەوە بۆ شاری هەولێر ئەو لە گەڕەکی شۆڕشدا خانوویەکی گەورەی بەکرێ گرتبوو، چەند مامۆستایەکی نزیکی هێنابووە لای خۆی هەریەکە ژوورێکی پێ دابوون، زۆر جار دەچوو بۆ لایان، کۆڕ و دانیشتنەکانیان زۆر خۆش بوو، بە شێوەیەکی گشتی ڕازی بوون لەو جۆرە ژیانەی کە کاک شەماڵ وەکو برا کۆی کردبوونەوە، خوالێخۆشبوو هەر لە سەرەتای هاتنیەوە بۆ ئەوێ پێوەندییەکی زۆر پتەوی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی هەولێر پەیدا کرد، هەمیشە باسی دەکردن و دەیوت: زۆر ڕێزم لێ دەگرن، دراوسێکانم زۆر خزمەتم دەکەن و دێن بۆ سەردانم، هونەرمەندان و کەسانی ناوداری تری شارەکە هاتوچۆم دەکەن و

زۆر دڵخـۆشم بەوە، ئـەمـە كـاری تـێ كـرد تـا دوا ڕۆژەكـانـی ژیانی، هـەمـیـشـە دەیوت: (كـە مـردم لە هـەولێـر بـە خـاكم بسـپـێـرن). بەڵام بەداخـەوە تەندروسـتی ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپی دەچوو، وای لێ هات نە گوێی لە ئامـۆژگاری دۆستان و برادەران دەگــرت نە لە دوكـتــۆرەكــان، ســەرەنجــام بـە تەنیــا لە یەكێ لە شـوقـەكانی زانكۆدا دەژیا، لەبەر تێكچوونی باری تەندروسـتی دوا ڕۆژەكانی ژیانـی بە نالـەباری دەبردە ســـەر، لە هــەمــووی بـەدتر ئەوە بـوو كــە نـەدەچووە ژێرباری ئـەو چارەسـەرییـانـەی كـە دوكـتـۆرەكـان بۆیان دادەنا، بـە كـورتـی لە ئەنجامدا بەتەنیا مایەوە ئەوەی كە شایەنی باسە ئەوەیە كە شێخ سەلاحەدینی باقلانی و كوڕەكانی عەبدولغەفور و عەبدولڕەحمـان بێلاف تا دوا ڕۆژی ژیانی خـوالێـخـۆشـبـوو هـەمـیـشـە ئاگایان لێـی بوو، خـزمـەتیـان دەكرد وەكو یەكێ لە خێزانەكەی خۆیان، ئەم پێوەندییەش هـەر لە سـەرەتای ساڵی ١٩٨٢ەوە دەستی پێ كرد، كـاك شـەمـاڵ سـەردانی مـاڵ و تەكیـەی شـێخ سـەلاحـەدینی باقـلانی دەكرد كـە شـێـخـێكی دیار و ناسـراوە لە كـوردسـتـان، لە تەكیـەكـەیاندا ڕێزی تایبەتی لێ دەگیرا، جاری وا هـەبوو لەگـەڵ هونـەرمـەندان: تایـەر تۆفیق، ڕەسـوڵ گـەردی، عیسـا بـەرواری، فـوئاد ئـەحـمـەد، مـحـەمـەد عارف جـەزراوی، تەحسین تەها، تەنیا عـارەب عوسمـان لە تەكیـەی ناوبراودا ماونەتەوە و شـەویان بەسـەر بردووە.

كـە خـوالێـخـۆشـبـوو تەندروسـتی زۆر خـراپ دەبێ دەیهێنن بۆ نەخـۆشـخـانـەی كـۆمـاری هـەولێـر و لەوێ دەكـەوێ، وای لـێ دێت ئیـتـر چاری ناكـرێ ئیـنجـا جـەنابی شـێخ سـەلاحـەدین باقـلانـی لەسـەر حـیـسـابی خـۆی دەیداتە دەست پارێزەر فیكرەت عیزەت و عەبدولغەفوری كوڕی و دەیبەنە نەخۆشـخانەی (ابن البیطار) لە بەغدا، ماوەیەكی زۆر لەوێ دەمێنێتەوە، لە ئەنجامدا دوكتۆرەكان دەڵێن: بەجـۆرێ جگەری پەكی كـەوتووە كە چارە ناكرێ، ناچار دەیهێننەوە بۆ هەولێر ئیتر بەتەواوی لە پەلوپۆ دەكەوێ و جـەنابی شێخ سەلاحـەدین دەیهێنێ بۆ مـاڵی خـۆی و ژوورێكی بۆ تـەرخـان دەكـەن و مـاوەی زیاتر لە شـەش مـانگ ئەوپەڕی خـزمـەتی دەكەن، وای لێ دێت كـە ئیـتـر هیچی پێ ناخـورێت، دیسـان

دەیبەنەوە بۆ نەخۆشخانەی کۆماری هەولێر، ئیتر عەبدولڕەحمان بێلاف تەلەفۆن بۆ کاک نیهاڵ سائیبی برای شەماڵ دەکات، ئەویش دێت و دەیباتەوە بۆ سلێمانی و زۆری پێ ناچێت لەوێ لە ڕێکەوتی ڕۆژی ٨/٧ ـ ١١ ـ ١٩٨٦ کۆچی دوایی دەکات.

لە راستیدا کاک عەبدولڕەحمان بێلاف بە درێژاییی ئەو هەموو ماوەیە بە جۆرێ خزمەتی هونەرمەندی خوالێخۆشبووی کردووە دەتوانم بڵێم کەم ڕێک دەکەوێت یەکێ بتوانێت بەو ئەندازەیە خزمەتی کەسێکی زۆر خۆشەویستی خۆی بکات، خوالێخۆشبوو پێش مردنی دەیوت: خۆزگە بمتوانیبایە گۆرانییەک بۆ عەبدولڕەحمان بێلاف بڵێم و تۆماری بکەم لەبری ئەو هەموو خزمەتەی کە خۆی و بنەماڵەکەیان بۆ منیان کردووە و لێم بوونە باوک و برا و کوڕ، وەسیەت بێ ئەمە بۆ مێژوو باس بکەن کوڕە گەورەی من (عەبدولڕەحمان بێلاف)ە، هەر بەم بۆنەیەوە نەزیرەخان نامەیەکی بۆ عەبدولڕەحمان بێلاف نووسیوە بەناوی خۆی و دوو کوڕەکەیەوە (ژیمۆ و تیشکۆ شەماڵ سائیب) سەرتاپای نامەکە سوپاس و قەدرزانینە و نازانێ چۆن سوپاسی بێلاف و بنەماڵەکەیان بکات، بەرامبەر بەو هەموو خزمەت و ماندووبوونەیان بۆ خوالێخۆشبوو شەماڵ سائیب.

# شەماڵی مرۆڤ و هونەرمەند

هەرکاتێ بیرم لە شەماڵ سائیبی هونەرمەند کردبێتەوە نەک هەر جۆش و خرۆشی نەوبەهاری هونەری ئاواز و گۆرانی و مۆسیقای کوردیم بەبیرا هاتبێتەوە، نەک هەر گیانێکی نەسرەوتی پڕ لە هەڵچوونی خۆزگە و ئاوات و سەرگەرمی، نەک هەر دەمانێک کە شادەمارەکانی رەوتی هونەرەکەی گەیاندە ئاستی مەبەست، مرۆڤێکی نازدار پڕ بە واتای بەربڵاوی وشەکە فراوان وەک سینەی مەردانی بێ خەوش، بێ گەرد، دڵپاک، رووخۆش، دەروون بەرز، بەڕاستی وتەکەی خۆی هێنایە دی و خاوەنی قسەی خۆی بوو کە لە دەمەتەقێیەکی ساڵی ١٩٦٠دا کە لەگەڵ «سامی چەقمەقچی»ی خاوەنی کۆمپانیای چەقمەقچی وتبووی: «یەک شت لەگەڵ خۆما ئەبەمە قەبرەوە ئەویش کەرامەتمە» هەر بە وردبوونەوەیەکی شریتی تەمەنی پڕ لە تاڵی و شیرینی، بەڵام تا ئۆخەی خۆزگە هاتنەدییەکی بەزارا هاتووە، چەشنەها تاڵاوی نەهاتی و نەیاری و کۆسپ و تەگەرەی ژەهراوی مەرگی پێ چێشتووە و سینەی بەداخ و حەسرەت هەڵچنیوە... لە ڕێگەی لێبەستنەوە و رێگە لێ گرتن تا دەگاتە بێلانەیی و ئاوارەبوون و پەرتەوازەیی و رۆژانێکی تووشی ئەوتۆ کە ئامێرە مۆسیقاکەی، واتە لە کەم دەرامەتییا «عوود»ەکەی فرۆشتووە، خۆی دەڵێ: «ناخۆشترین کات لە ژیانما ئەو کاتانە بوو کە عوودەکەم تیا دەفرۆشت لەبەر بێ پارەیی» بەڵێ زۆر بۆ ماوەی ساڵ و دوو ساڵ عوودەکەی دەفرۆشت و لە مۆسیقا دوور دەکەوتەوە ئەوە خۆی لە خۆیدا تراجیدیایەکی پڕ لە مەینەتی هونەرمەندە، هەمیشە حەسرەتی بۆ ئەو رۆژە کێشاوە کە رۆژێ بێ مۆسیقا و ئاوازی کوردی بگاتە پایەی باڵا.

هێندە دەماری مرۆڤانەی تێدا بووە ترساوە لەوەی هەرگیز خۆشی نەبینێ،

چونکە خاوەنی دڵ و دەروونێکی گەورە بووە و خۆی بە خەمخۆری هەمووان زانیوە و خۆی لەو هەستە بەرزە بێبەری نەکردووە ... یەکێ بوو لەو مرۆڤانەی خۆی نەدەڕەنجان، ئەوەندە گوێی بەخۆی نەدەدا.

من بەش بەحاڵی خۆم کە بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە ڕۆشنبیری و هونەری زانکۆی سلێمانی شەرەفمەندی ئەوە بووم کە پێکەوە کار بکەین، بۆیە زیاتر ئاشنای بووم و هەمیشە قسەی خۆش و پێکەنین بەسەر زاریەوە بوو، هەرکاتێ هەستی بە بارێکی ئاڵۆز بکردایە دەسبەجێ لێی دەکردین بە ئاهەنگ و عوودەکەی دەگرت بەدەستەوە و هەر بەو هەوایەی جاری جاران دەیهەژاندین و ئێمەش لە کۆپلەی دووەما بۆمان دەسەندەوە تا خەمی هەمووانی دەڕەوان و ئەوساش سەیرانێکی بۆ رێک دەخستین.

بەپێی دۆستایەتیم لەگەڵ کاک شەماڵدا دڵنیا بووم لەوەی لەسەروو رۆشنبیرییەکی تەواو بەگشت لایەنەکانی هونەری مۆسیقا گەلێ بەهرەی گەورەی تێدا بوو، بەڵام وەک گۆرانیبێژ و ئاوازدانەر و مۆسیقاژەن ناسراو بوو، یەکێ لەو بەهرانەی توانای لە گێڕانەوەی قسەی خۆش، لاساییکردنەوە، شێوە گۆڕین قسەی حازر بەدەست. بەڵام رۆژان هات و رابوورد، دایە باری کزی و لاوازی ئەو بریسکەیەی چاوە گەشەکانی لێڵ و تاریک بوون و دەردەدار بوو لە سەرەتاوە پزیشکەکانی شاری سلێمانی کە دۆست و خۆشەویستی بوون لێی پاڕانەوە کە باری تەندروستی تەواو شلۆقە و لیستەیەک نەخۆشییان دا بەگوێیا، بەڵام گوێی پێ نەدا، ناچار بەمامۆستا «عومەر عارف قاپڕەش»یان وت: کە هەوڵی لەگەڵا بدات، لە وەراما پێی وتبوو: ئەو گاڵتەیەم لەگەڵ مەکەن تا لە هەولێر زیفی لێ سەند، پزیشکەکان و کەسانێکی زۆری شاری هەولێر بۆی بوونە باب و کەس و خوشک و برا، بەڵام دادی نەدا و مەرگ ئامبازی ژیانی بوو ... ئەوەش چارەنووس.

هەر کە ناوی «شەماڵ سائیب»ی هونەرمەند بەرگوێ دەکەوێت پتر لە ناوی مرۆڤێک بەبیرا دێنێ، هەرچۆن کە دەگوترێ بەهاران چەندین یادگار و سەیران و بای وەشت و نێرگز و چەندین گوڵ و سەوزەڕاز ئیتر گشت

هەستەکانی مرۆڤ دەبووژێتەوە و هەریەکەیان جیهانی تایبەتی خۆی بەسەر دەکاتەوە، چاو، بۆن و بەرامە... بەڵێ ناوی هونەرمەندێکە و گەلێ مەودا و ئاسۆگەی نازداری لێوە سەر هەڵدەدات.

هەر سەردەم و رۆژانێک بە دیاردە و بەندوباوی خۆیدا دەناسرێتەوە ئەو رەنگ و بۆ و دیاردانە دەبنە مۆرک و رەنگ و رووی هەرە راستەقینەی رۆژگارەکە، ئالای بالای هەر دیار و هەردەم شەکاوەی، خۆری هەڵهاتووی سەر کەلی ئەو بەیانە، جا جاری وا هەیە زەقترین و فراوانترین پانتاییش بۆ خۆی دەگرێ، واتە بە مافێکی رەوای خۆی ئەو تەختە هەرمانە مەزنە داگیر دەکات و بەسەربەرزییەوە داوێنی لێ دەسوێ. کەسێ نکوڵی لەوە نییە بە رۆژانی کارەبا داهێنان بوترێ رۆژانی «ئەدیسۆن». هەر چۆن رۆژانی هات و فەرِیش لە ژیار و داستان و ئەفسانە دێرینەکاندا بەچاکە و بەخششی خواوەندێک دادەنراو دەزانرا.

ئێمەش کە دەڵێین: سەردەمی «بابە تایەری عوریان» یان «نالی» وەک ئەوە وایە ئینگلیزەکان کە دەڵێن: سەردەمی «ئەلیزابێس» و هەر نەتەوە و هەر هۆشیاریی سەردەمە ئەو میدالی و خەڵاتە بە بەرۆکی کەسێکەوە دەکات. نەک سەردەمێکی تایبەتی و ماوەیەکی دیاریکراو بەڵکو بە ئامبالایی مێژوو و بەردەوامی بوون و براوە، ئەمرۆکە کە مرۆڤێکی عەرەب گوێی لە گۆرانییە کۆنەکانی «محمد عبدالوهاب»ی گەورەی هونەرمەند دەگرێ بەپێی تەمەن چێژەکەی دەگۆرِێ، هەیە هەرزەکاری و گورِە و تافی لاوێتی بە گشت ئارەزوو هەڵچوونێک وەبیر دەکەوێتەوە ... قوڵپ و هەنسکی گریانی لە دوتوێی چێژێکی تاڵ و شیرین کە ئاکام خۆشی بە دڵ و دەروونی دەدات وەک یەکەم بارانی پایزان.

کەواتە «شەماڵ سائیب»ەکەی لەمەرِ خۆشمان تارای سوورمەچنی ئارەزووی نەوبووکی رۆژانێکمان... ئاوازی نوێ وشەی نوێ شێواز و چرِینی نوێ ... ئای لەباویی «هەرێ لەیلێ» مناڵ و هەرزە و پیاو و ئافرەت و پیرانیش نەک تەنیا کورد، بگرە گەلانی تریش بە عەزرەتەوە تامەزرۆی بوون.

**شـەماڵ**

ساڵی ١٩٣١ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، لە بنەماڵەیەکی ناسراوی ناوچەکە، باوکی خەڵکی قەرەداغە. لە هەرزەییەوە شەیدای هونەر بوو، بەهۆیەوە گەلێ گیروگرفتی هاتووەتە ڕێ و چەرمەسەری و تاڵیی چێشتووە. هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە هاوبەشی تیپی سروود و مۆسیقای قوتابخانەکانی کردووە.

* ساڵی ١٩٤٦ لە شاری بەغدا دەستی بە خوێندنی مۆسیقا کردووە.
* ساڵی ١٩٤٧ چووەتە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی شاری بەغدا.
* ساڵی (١٩٥٥ ـ ١٩٥٦) کۆلێجی ئادابی زانکۆی بەغدای تەواو کردووە و لە زانستیی مێژوودا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی وەرگرتووە لەبەر هۆی رامیاری چوار ساڵ بەبێ کار ماوەتەوە وەک خۆی دەڵێ: بەبیانووی نەبوونی حسن السلوك.
* لە ساڵی ١٩٥٨ەوە بووەتە مامۆستا لە شاری بەغدا.
* ساڵی ١٩٦٠ بۆ خوێندنی باڵا و وەرگرتنی بڕوانامەی «ماجستێر» رووی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کردووە و بابەتی مێژووی مۆسیقای خوێندووە. ئەمەش لە زانکۆی «ئیندیانا»دا.
* ساڵی ١٩٧٠ لە وێژە و مۆسیقادا شەهادەنامەی ماجستێری وەرگرتووە. هونەرمەند نیازی تەواوکردنی پلەی دوکتۆرا بوو لە فەلسەفەدا، بەڵام بەهۆی بانگەواز و داواکردنی دۆستانەوە ئەو و دەیان مامۆستای تر گەڕانەوە بۆ وڵات لەپای پێکهێنانی زانکۆی سلێمانی. ئەوە بوو لە پایزی ساڵی ١٩٧١دا هاتەوە بۆ نیشتمان. لە زانکۆی سلێمانی بوو بەمامۆستا لە ماوەی ئەو چەند ساڵانەدا ئەم ئەرکانەی پێ سپێرراوە.
* مامۆستا لە کۆلێجی ئەدەبیات .
* تۆمارکەری گشتی زانکۆی سلێمانی .
* ئەرکی عەمیدی کۆلێجی ئەدەبیات .

* لێپرسراوی چالاکی هونەری زانکۆی سلێمانی .
* سەرپەرشتیاری کتێبخانەی زانکۆ .
* عەمیدی کاروباری قوتابیان .
* لێکۆڵەرەوەی زانستی لە رۆشنبیری و هونەر .

هونەرمەند لە رۆژی٧/٨/ ١٩٨٦/١١ کۆچی دوایی کرد و لاشەکەی بەخاکی گردی «سەیوان»ی سلێمانی سپێردرا.

## شیعری گۆرانی لای شەماڵ:

شەماڵ ئەو هونەرمەندە وریایەیە کە هەر لە سەرەتاوە هەستی بە حەقیقەتی گرینگی شیعری گۆرانی کردووە. ئەم راستییەش بە سەرجەمی گۆرانییەکانییەوە دیار و ئاشکرایە. هەرچۆن شیعر بەشێکی زۆر گرینگە لەو سێ بەشە سەرەکییەی گۆرانی پێک دێنن. کە بریتییە لە شیعر و ئاواز و وتنی. هونەرمەندی بە توانا هاوتابوونی هونەری لە نێوان ئەو سێ بەشەدا وەردەگرێت. چونکە بە کۆمەکی هەرسێ لایەنەکە مەبەست دەپێکرێت.

شەماڵی هونەرمەند لە لێدوانێکی رۆژنامەگەریدا بەم شێوەیە پێناسەی شیعر دەکات کە: «دەنکێکە لەو ملوانکە ئاڵ و والآیەی ژیان و سروشت کە لە ملی مرۆڤی رەنجکێشەوە دەکرێت»(١) ئێمە زۆر جار گلەیی لە گۆرانی نوێ و ئەمڕۆمان دەکەین گوایە لە تەک رۆژگارەکەدا بە رێدا نەهاتووە، بەتایبەتی لە لایەنی واتا و وشە و ناوەڕۆکەوە، زۆر جار گوێمان لە شیعرێکی ئەوتۆ دەبێ کە بۆنی سەردەمی کۆمەڵگەیەکی دەرەبەگایەتی لێ دێت. هەر سەردەم و شیعری خۆی و ئەمەش زیندوێتی هونەرەکە دەگەیەنێ. شیعر و گۆرانی مێژوویەکی دێرینی مرۆڤایەتی و ژیارەکەیەتی. هەردوو چێژ و بەروبووم و ئارامی هۆش و دڵن، ژیان بە بەری بەردەوامی و هیوادا دەکەن. گەشەی زیرەکی مرۆڤە و نامەیەکی بوونە. چ شیعر و چ گۆرانی نەک تەنیا خۆشی بەخشن، بگرە بایەخ بەژیان و تێکۆشان دەدەن.

ئێمە نەتەوەی شیعر و گۆرانین لەو دەمەوەی کە لە دایک دەبین بە شیعر و

گۆرانی گۆش دەکرێین تا ئەو دەمەی لایلایە دەگۆڕێ بە شیوەن و لاواندنەوە و هاوار لێلێ و هاوار بمرم. کارکردن، جەنگ و تێکۆشان بەگشت وەرزەکان و سەرجەمی پەندەکانی ژیان، گەشتوگوزار، راوشکار، بۆنە و جەژنەکان و... هتد. ئێمە کە شەماڵی هونەرمەند نەک بە نوێکار و نوێخواز ناو دەبەین نەک لەبەر نوێ ئاوازی و چەند لایەنێ، بەڵکو سەرجەمی لایەنەکانی هونەری گۆرانی کوردی. لێرەدا دەقی نووسراوێکی تۆمار دەکەمەوە کە هوشیاری و رادەی دەرک پێکردنی بۆ گرینگی شیعری گۆرانی ئاشکرا دەکات.

«شیعری گۆرانی لە شیعری کە جودایە، چونکە گۆرانی بۆ گشت کۆمەڵە، خوێندەوار و نەخوێندەوار، منداڵ و گەورە، تێگەیشتوو تێنەگەیشتوو، بەڵام شیعرێ کە بۆ خوێندەوار و تێگەیشتووانە ئینجا پرسیار دەکەین ئایا ئەمڕۆ بەشی زۆری کـــورد چین و چۆنن؟ دیارە لە هەمـــوو ناوچەیەکی ژیاندا دواکەوتوون و لە شیعر و زانست و بیروباوەڕ ناگەن ئەگەر لە مستەوای ئیدارییەکان بەرزتر بێت، بەمانا لە شیعرێک ناگەن قووڵ بێ و وشەکانی گران بێت، ئێ باشە ئەم بەشە زۆرەی کۆمەڵ حەقی ئەوەی نییە گۆرانی بۆ بوترێ و لە گۆرانی بگا؟ لە کاتێکا هەموومان دان بەوەدا دەنێین کە مۆسیقا و گۆرانی بەشێکی خۆش و پێویستە لە ژیانی ئادەمیزادا. ئەمە لەلایەکەوە ئینجا بابێینە سەر لایەکی تری کۆمەڵ کە منداڵ و ساوایانن، بەشوێن گۆرانیدا ڕادەکەن و بەچەپڵەوە بۆی هەڵدەپەڕن، جا ئایا حەقیان نییە لە شیعری ئەو گۆرانییانە بگەن کە بەسەر دەمیانەوەیە؟ وە دەبێ بشزانن ئەگەر منداڵ یان لادێییەکی نەخوێندەوار لە شیعری ئەو گۆرانییانە نەگەیشت کە گوێی لێیە بەمانا نیوەی زەوق و خۆشی و جوانی ئەو گۆرانییانەی لە کیس چوو، جا بۆ ئەوەی گۆرانی ببێتە خۆراکێکی گیان و گشتی بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵ دەبێ دان بەوەدا بنێین کە شیعری گۆرانی دەبێ شێوەیەکی تایبەتی هەبێ»(٢)

هونەرمەند چەند نموونەیەکی لەو شیعرانە هێناوەتەوە کە دوورن لەو مەبەستە و لەگەڵ ئەوەشدا رای وانییە کە بازدان و پەڕینەوەی کتوپڕی روو بدات، ئەم رایەش هەر بارێکی زانستییانەی تەواوە، چونکە رێگە پێدانێکی

ئاسایییانەیە. پاشان هونەرمەند شیعری گۆرانی بەچەند خاڵێک پەسەند دەکات کە بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

١- دەبێ بۆ گشت کۆمەڵ بێت.

٢- وشەکانی پڕ مۆسیقا بێت و زوو بچێتە سەر زوبان.

٣- دێرەکانی تا بتوانرێ کورت بێ.

٤- وشەکانی ئاسان بێ بۆ تێگەیشتن.

٥- دەبێ ئاوێنەی کۆمەڵ بێ.

٦- بەمانا بێ.

٧- بۆ هەمووان و هەمەجۆرە تەمەن و تێگەیشتن.

لەسەروو ئەم خاڵە گرینگانەشەوە، هونەرمەند دان بەوەدا دەنێت کە هێشتا وەکو بەتەواوەتی لە گشت گۆرانییەکانی بەر لەو بۆچوونانە ئەم مەبەستانەی رەچاو نەکردووە، ئەمەش لەخۆ بەزل نەزانینییەوە بوو دەشڵێ: «خۆم بەهیچ قەواعدێکی شیعرەوە نەبەستووە و دەتوانم بڵێم هەستی دڵ و دەروونمە تێکەڵی مۆسیقا و ئاوازم بووە»[٣]

بەسەرنجێکی شیعری گۆرانییەکانی شەماڵی هونەرمەند کە چ شیعرەکانی خۆی و چ ئەو شیعرانەی کە هی شاعیرانی وەک «گۆران، هەردی، کەریم بەگی زانستی، هاوار، مەدهۆش، ئەحمەد موخڵس، قەدری جان، کامل هێمن، عوسمان عوزێری،... هتد» گەلێ لایەنی مۆسیقا و بیر و مەبەستی رەچاو کردووە بۆیە «شەماڵ سائیب» بەهەنگاوی نوێ و گواستنەوەی دادەنرێت، چ وەک واتا و چ وەک شێوە و جۆری شیعرە بەکارهاتووەکانی هەنگاوە بەرەو شێوەی کوردەواری و شیعری ساکار و رەوان و ئاسان و نزیک بەسەردەم و رۆژگارەکە، لەگەڵ هەوڵدانێکی چاک بۆ گۆرانی نوێ و نزیک لە گیانی نیمچە ئۆپەرێت، چ بەکارهێنانی چیرۆک ئاسایی و دەمەتەقێ و بەشداری کۆرس و رووداو کە ئەمانە مەرجی دروستبوونی ئەو بابەتە نوێیەن.

توانیویەتی مەودا و رۆخەکانی گۆرانی کوردی دەوڵەمەند و فراوان بکات چ

وەک گۆرانی تایبەت بۆ کیژان وەک گۆرانی «جوانین ئێمە جوانین»، گۆرانی تایبەت بە منداڵ، گۆرانی «بابە هەستە»، بەهار و جوانی و خۆشەویستی کوردستان کە لە زۆربەی گۆرانییەکانیدا بەسەری کردووەتەوە، بگرە جوانی و نیشتمان پەروەری بووەتە هەوێنی هونەرەکەی. گۆرانییەکی هەر بابەتێ بووبێ، بۆ نموونە گـــۆرانی «ئازیز بەهارە» و «بلبل مـــژدە»، دڵداری و سەرگوزشتەی خۆشەویستین لە چەندین گۆرانیدا، وەک «سەراب، رەنجی بێـوەرم» و گـۆرانی «دەمـەکـەت بێنە» و گـەلێکی تر، چیـرۆک و رووداوی کوردەواری و بابەتی فولکلۆری وەک گۆرانی «شوانە»، گەلێک لە سروود بۆ نموونە سروودی «ئێمەی ئاشتیخواز» و «ئەی زانکۆی سلێمانی» و سروودی «سەربازین» ... هتد.

خاڵێکی تری تایبەتی گەشی لە هونەری شەماڵ سائیب کە یەکەم هونەرمەند بووە دیالێکتەکانی تری بەسەرکردووەتەوە، واتە بەشێوەی کرمانجی ژوورووش گۆرانی وتووە. وەک گۆرانی «زولێخا»...

# شەماڵی ئاوازدانەر

ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە بەر لە شەماڵ سائیب هونەری گۆرانی کوردی ئەو نوێکارییە زۆرەی بەخۆیەوە نەدیبوو، لە سەرەتاوە هاوتاکردنی گیانی گۆرانی کوردی لەگەڵ باری نوێی گۆرانیدا، واتە گونجاندنی تەواوەتی لە نێوان ئاواز و تام و بۆ و چێژە فۆلکلۆرییە کوردییەکە لە تەک زانستیی نوێ و هاوچەرخی مۆسیقا. کە دەڵێم نوێکاریی، واتە بە واتا فراوان و بەربڵاوەکەی، بیر و مەبەست و شێوە دارشتن و یەکێتیی نێوان شێوە و ناوەڕۆک. رووی رووناکیی سەردەم بە گشت دەستکەوتەکانییەوە لەبارەی بەرزکردنەوەی ئاستی ئاوازی کوردی و خستنە سەر رێی کاروانی ئاواز و گۆرانی گەلانی هۆشیار و پێشکەوتووی ئەم سەر زەمینە، هەرچەند خۆی هونەرمەند هونەرمەندێکی زانا و شارەزا بوو، بەتایبەتی لە جیهانی ئاواز و مۆسیقای رۆژئاوایی و ئەو شەپۆلە نوێیانەی سەریان هەڵداوە و خاوەن ڕەچەڵەک و بنچینەیەکی چاک و چەسپێنراو بوون.

هەردەم هونەرمەند خولیای گورپێدانی هونەرەکە بووە، توانیویەتی بە شێوەیەکی تەبایی بارێکی گونجاو بڕەخسێنێ لە نێوان هەنگاوی نوێی مۆسیقای جیهانی پێشکەوتوو لەگەڵ رەچەڵەک و توخم و مۆرکە کوردییەکەدا و توانیویەتی ئەو پێوەندییە توندوتۆڵە دروست بکات، بۆیە هیچ کاتێ بەگوێی بیستەری کورد نامۆ نەبووە و زۆر بەئاسانی بە گیانیان ئاشنا بووە، لە هەمان کاتدا بە مۆسیقای رۆژهەڵاتی شارەزا بووە و پسپۆڕ بووە تێیدا، بۆیە لە ناو ئەو هەوڵە پیرۆزەیدا کۆمەڵە گونجاندنێکی لەبار بەرچاو دەکەون و ئەمەش بەتەوێڵی ئاوازەکانییەوە ئاشکرا و دیارن.

هەنگاوی یەکەم و سەر رێگە کەوتنی لە میلۆدییەوە دەست پێ دەکات، کە

ئاسانتر و ئاشناتره به گیانی کورد و بەهەستیی مۆسیقاکەمان، هەمیشەش ئەو ڕەزمەی گرتووه کە جۆش و خرۆشی کوردییانەی تێدایە، لەگەڵ ئارامبوونەوه و هێدیکردنەوەی پشوو بۆ ئەوەی زوو زوو چێژه مۆسیقایەکە بگاتەوه ترۆپکی شیرینی لەلای بیستەران، وەکو شێوازی سەرەکی و گشتیی ئاوازەکانی روو لە خۆشین نەک خەمناکی، گەشبینی تێدایه نەک دڵتەنگیی رەشبینی، ئەمانه بوونەته بازاڕگەرمی و کەوتنه سەر زار، ساکار دەبینرێن بەڵام لەو جۆره ساکارانەی کە خاسیەتی هونەری باڵایه واته دوور له ئاڵۆزی و چڕی و نامۆیی، هونەرمەندی مەزنیش ئەو هونەرمەندەیه کە بەکەمترین کەرەسه و ئاسانترین رێگه و ساکارترین شێوه مەبەست بگەیەنێ، کەواته بەم رێگەیه گرەوی راستەقینەی بردووەتەوه، ئەگەر بشمانەوێ له رووی زانستی مۆسیقاوه ئەو ئاوازانەی هەڵسەنگێنین، تەماشای دەکەین. کە هەرچەنده خۆی پێوەستی هەلومەرج و رێبازێ له رێبازەکان یان گیرۆدەی داوی یاسا تایبەتییەکانی مۆسیقا بێت. جگە لەوەی بەسەرنجێکی ئاوازەکانی، کە هەمەڕەنگ و هەمەبابەت و هەمەمەبەستن. لەلایەکەوه ئاوازی گۆرانی دڵداری و هەست ناسکی، لەلایەکی ترەوه سروودی بزوێنەر، بابەتی منداڵ، فۆلکلۆر، کۆمەڵایەتی، جوان پەروەری، خاک و نیشتمان پەروەری و... هتد. ئەمه چاکترین بەڵگەی دەست رۆیشتوویی و لێهاتوویی ئاوازدانەره. کە توانیویەتی بەسەر ئەو هەموو لایەنانەدا دەسەڵاتدار بێ هەر چۆن هەر لایەن و مەبەست و هەلومەرج و خاسیەتی تایبەتی دەوێت.

له هەندێ گۆرانیدا برەوی بەئاوازه فولکلۆرییەکە داوه، نەک کوتومت وەک خۆی بگره بووەته هەوێنی سەرهەڵدان و لەدایکبوونێکی نوێ و جوان، وەک له «ئەمنەی باڵابەرز» و «شوانە»دا... کەواته مامەڵەکردنێکی سەردەمانەی له تەک بووژاندنەوەی کەرەسه فۆلکلۆرییەکەدا کردووه. ئەمەش زرنگیی مامۆستا شەماڵی ئاوازدانەری هونەرمەنده.

# ئاوڕدانەوەیەک لە هونەرمەند شەماڵ سائیب

سەلاح رەئووف – ١٩٩١/٦/١

زەوی و زمـــان و هونەر و ئـەدەب و دیاردەکـانـی بوونـی گـەلانن، هـەر گـەلێک یەکێک لەم دیاردانـەی نەبێت ئاشکرایە کـە بـەگەلێکی رەسـەن نـاژمێـردرێ و زەوی ئەو جـێگەیەیە کـە گـەلەکـەی لەسـەر نیـشـتـەجـێیـە مـۆرک و پێناسـەی گـەلـەکـەی لە هـەمــوو بارەکـانی ژیانی پێ دەســتنیـشـان دەکـرێ، واتە باری سـروشـتی مـیللەتەکـە و زمـانیش بـوونەکـەی بە بوونی گـەل و زەوییـەکـەیەوە بەسـتـراوە، جۆری سروشتی ئەو زەوییە کار دەکاتە زمانەکەی کە پێی دەدوێ، زمانی هونەریش بەشێکە لە دیاردەکانی ئەو گەلە هەروەکو چۆن سروشت کار دەکاتە سەر جۆری ئەو زمانەی کە پێی دەدوێ، ئاواش کار دەکاتە سەر جۆری هونەرەکـەی، نموونە هەر گـەلێک تا لە ناوچەیەکی سارد و ناوچە بەرزەکـاندا بێت ئەوا زمــانی هونەرەکــەی بەرەو خــێــراتر و برەوتر دەبێ، جـا ئەگــەر لە ناوچەیەکی پان و بەرین و بێ سـەخـتـیـدا بن ئەوا زمـانی هونەرەکـەیان کـەم رەوتتــر دەبێ... زمــانی هونـەریش نەخــشــاندنی دەست هـونەرمــەندانـی ئەو گەلەن.

ئاشکرایە هەمـوو گەلێک چەند کـەسـانێکی لەخـۆ بوردوو خـاوەن هەسـتی ناسکی لێ هەڵدەکەوێ کە خـەریکی هونەری گەلەکەیان بن، وەدەبێتە خولیای مـێـشکیـان و هەردەم هەوڵی زیـاتر چەسـپـاندنی بـوونی گـەلەکـەیان دەدەن، ئەمـەش بەهۆی زیاتر گەشـەکردنی هونەری گەلەکەیان، لای ئێمـەی کوردیش هـەر چەندە مێژووی هونەری گۆرانی و ئاوازی مۆسیقامان زۆر ئاشکرا نییە وەکو گەلانی تری جیهان، بەهۆی نەبوونی هۆیەکانی نەفەوتاندنی بەشەکانی ئەو هونەرە بـەهۆی نووسینەوەیان یان تۆمـارکردنیـان، چونکە لەوانەیە بڵێم:

ئەم دوو هۆیە لای ئێمە تازەن بۆیە بەو ئاشکرایە ناتوانین بەشێوەیەکی زانستی دەستنیشانی جۆرەکانی هونەری گۆرانی و ئاوازمان بکەین، بەڵام لەم سەردەمانەی دواییدا بەهۆی هەندێ بەرهەمی چەندین گۆرانی چڕ و ئاوازدانەرمان بۆ ماوەتەوە، خوا لێیان خۆشبێ «سەید عەلی ئەزغەر» و «عەلی مەردان» و «حەسەن زیرەک»، وەبەرهەمەکانی گۆرانیبێژی بە توانامان «محەمەدی ماملێ» و کەسانی تریشی، کە هەریەکە لەمانە بەردێکی لە بناغەی هونەری مۆسیقا و گۆرانی کوردی داناوە، چونکە هەریەکە و بە جۆری خۆی و تایبەتیەتی و شوێن و جێگەکەی توانیویەتی جێدەستی لەو بناغەیەدا هەبێ.

لە سالانی پەنجاکان و تا شەستەکانیش، لەو سەردەمەدا کە هونەری گۆرانی و مۆسیقا لە سەرەتایەکی هەنگاونان و خۆگرتندا بوو، کەسێکی هونەرمەندی وەکو «شەماڵ سائیب»ی خوالێخۆشبوو چەکی کارامەیی لێ هەڵکرد و دەستی کرد بە چرینی چەندەها گۆرانی خۆش، کە دەتوانین بڵێین هەریەکەیان بەتەواوەتی جێی خۆیان لە دڵی گەلەکەدا کردەوە، هەرچەندە لەبەر کەم رۆشنبیریی هونەری گەلەکە، هەروا بەساکاری و سادەیی سەیری ئەو کارانە دەکرا، بەڵام ئەگەر بهاتایە و گەلەکەمان زیاتر رۆشنبیریی هونەری هەبوایە ئەوا زیاتر بایەخی بەو گۆرانییانە دەدا، هەرچەندە ناتوانین لە نرخیان کەم بکەینەوە، چونکە تا ئەمڕۆش، کەم گۆرانیمان هەیە کە ئەو کارەیان کردبێتە سەر گەل و بووبنە وێردی سەر زاریان بەو رادەیەی کە «هەرێ لەیلێ» و «بەردە بەردە»... هتد، کردبوویانە سەر گەلەکەمان، دەشتوانین بڵێین ئەم گۆرانییانە لە سەردەمەکەی خۆیاندا شۆڕشێکی هونەریی بوون و نوێگەرییەکی بەپێز بوون و لە ناو گەلا باو و بڵاو بوون. کە تا ئێستاش ئەو جۆرە هونەرە هەر بەردەوامە و خەڵکی ئاواتی بۆ دەخوازن، کەمیش لە هونەرمەندان توانیویانە شان لە شانی بدەن، تەنانەت لاساییشی بکەنەوە.

ئەمە وەکو تازەگەریی و بنیاتنانی تازە نەک وەکو لاساییکردنەوە و دووپاتکردنەوە، چونکە لاساییکردنەوە یان دووپاتکردنەوە لە هونەردا کارێکی

زۆر گران نییە، بگرە تازەگەریی لە هونەردا مەرجە بۆ هونەر و سەردەمەکەی، گرینگ لە هونەردا دەست پێشکەرییە بۆ بنیاتنان و رەخساندنی جۆری نوێ. لەو لایەنە بایەخدارانەی کە لەم گۆرانییانەدا دەبینرێ، دەتوانین بەم شێوەیەی لای خوارەوە باسی بکەین:

**یەکەم:** جۆری نوێ لە قاڵبی گۆرانی کوردی و بەواتای پێشەکی گۆرانی واتە سەرەتا، دوای کۆپلەی و دوای گەڕانەوە بۆ پێشەکی کە لەوەو پێش نەبووە تەنیا هەر بەشێوە فۆلکلۆرییەکەی خۆی بووە.

**دووەم:** بەکارهێنانی چەند مەقامێک بۆ تەنیا گۆرانییەک، بەواتای مامەڵەکردن لەگەڵ وشەدا هەر وشەیەک بەپێی پێویستی خۆی ئاوازی بۆ داناوە و هەموو جۆرە شێوە و مەرجەکانی ئاوازیان تێدا بووە وەکو ئاوازکردنی وشە بەشێوەی پرسیار و وەڵامدانەوەی و جۆری ستایشکردن و جۆری لێ پاڕانەوە و جۆری پیاهەڵدان و جۆرەکانی تر کە دەبێ هەموو وشەیەک پڕ بەپێستی خۆی ئاوازی بۆ دابنرێ کە تەنانەت لەم سەردەمەشدا لای ئاوازدانەرەکان هەر گوێی پێ نادرێ جا بەهۆی نەشارەزاییبان، یان کەمتەرخەمییان بەو جۆرەی لە هەموو ئاوازی گۆرانییەکانی ئەم هونەرمەندە دەیبینین.

**سێیەم:** یەکێ لە هەرە گرینگییەکانی ئاوازی گۆرانی سەرکەوتوو ئەوەیە کە کاتێ کرا بە شێوەی ئاوازێ تەنیا تا بە ئامێرە مۆسیقاییەکان لێ بدرێ ئەوە هەمان چێژ و تام دەدەن، و ئەم دیاردەیەش زۆر بەئاشکرایی لە گۆرانییەکانی ئەم هونەرمەندە مەزنەدا دەبینرێت نموونەش هەموو گۆرانییەکانییەتی هەر لە «هەرێ لەیلێ» و «ئازیز بەهارە» و «بەردە بەردە» و....

**چوارەم:** یەکێ لە هەرە دیاردەکانی سەرکەوتنی ئاوازی گۆرانی ئەوەیە کە ببێتە وێردی سەر دەمی گەورە و بچووک، تەنانەت منداڵانی گەلەکە کە تا ئەم سەردەمەشی کەم کەس هەیە ئەو گۆرانییانە نەناسێ و

نەیانزانیٚ، کە لە هەمان کاتدا گۆڕانییەکانی سەردەمەکەی خۆیان بەو شێوە ڕەوانی نازانن ئەمە هەمووی لەلایەک، نابێ ئەوەشمان لەبیرچێ کە هونەرمەند «شەماڵ سائیب» زۆر پێوەستی هونەرمەندی عەرەب «فەرید ئەترەش» بووە بۆیە هەندێ جار دەڕوانین کە ڕەنگدانەوەی ئەوی پێوە دیارە. بەڵام ئەمەش بەو جۆرە کاری نەکردووە کە هونەرەکەی لە لاساییکردنەوەی ئەودا ون بکات. ئەمەش بەو جۆرە کاری تێ نەکردووە. هەروەها شەماڵ لە سەردەمی خۆیدا دیاردەیەکی سەرکەوتوویی هونەری گەلەکەی بووە، بۆیە دەڵێم «شەماڵ سائیب» هونەرمەندێکی نەمرە. چونکە بە هونەرەکەی بەردێکی زۆر پتەوی لە بناغەی هونەری کورددا داناوە. پێویستە هونەرمەندانمان بەو شێوە لەخۆ بووردنەی ئەو کە دوور بووە لە خۆپەرستی و خۆ بە گەورە زانین، هەوڵ بدەن بۆ زیاتر گەشەکردنی هونەری میللەتەکەیان.

# هونەرمەندی نەمر شەماڵ سائیب

ولێم یۆحەنا – ١٩٩١/٧/١

سوپاس و ستایش بۆ خواوەند کە بەهرەی خەڵاتی مرۆڤ کردووە و هۆش و هەستی پێ ڕەوا بینیوە. سوپاس بۆ ئەو هەموو توانا لەبن نەهاتووەی پێی داوین و هەندێکمانی گەیاندووەتە پلەی باڵا لە هەستکردن و سۆز و وزەدا و ئەوانەی بۆ کردووینەتە پێشەنگ و مەشخەڵی کاروانی ژیانی مرۆڤایەتی. لەوانە ئەو هونەرمەندانەی رابەری پێشکەوتن و گیانین، لەبەرئەوەی هیچ کاتێ هونەری بەرز سەر هەڵنادات ئەگەر سەرچاوەکەی گیانێکی بەرز و رەوشتی جوان نەبێ. ئەمڕۆش خۆم بە بەختیار دەزانم کە لەبارەی یەکێ لەو هونەرمەندە بلیمەتە دانسقانەوە بۆ جەماوەری بەڕێز دەدوێم کە هونەرمەندی نەمر «شەماڵ سائیب»ە.

**کاروانی ژیانی هونەریی هونەرمەند:**

هەر لە سەرەتا و منداڵییەوە توانا و لێهاتوویی ئەم هونەرمەندە لە باوەشی خێزانێکی هوشیار و رۆشنبیردا سەری هەڵداوە.

* لە شاری بەغدا خوێندنی زانستی و هونەریی تەواو کردووە.
* بەتواناترین عوودژەنمان بووە.
* چەپکە گۆرانییەکی سەرکەوتووی دانا و بە دەنگە پڕ بە جۆش و خرۆشەکەی پێشکێشی کرد.
* هونەرمەندێکی بێگەرد و ڕەوشت بەرز و داهێنەر بوو، هەرگیز چاوی لە ماڵی دنیا نەبووە و گشت خاسیەتێکی هونەرمەندی گەورەی تێدا بووە.

* هاوبەشی گشت ئەو ئاهەنگانەی کردووە کە بۆ مەبەستی خێرخوازی تیپی مۆسیقای مەولەوی لە پەنجاکان و شەستەکاندا پێی هەڵدەسا ئەو تیپەی کە بنچینەی گشت تیپە مۆسیقاییەکانی ناوچەکە بوو.

## یادگاریی هونەری:

* هەر لە کاتی مەشقکردنی تیپی مەولەویدا دوو گۆرانی لە دایک بوو.

**یەکەمیان:** گۆرانی «لە یارەوە» شیعری «هەردی» و ئاوازی «دیلان» کە هونەرمەند «شەماڵ سائیب» گۆرانییەکەی وتووە.

**دووەمیان:** گۆرانی «ئەی کیژۆڵەی نەرم و نیان» شیعری «کامەران» و ئاوازی من بوو «عمر ڕەزا» وتی.

* سروودی زانکۆ کە لە دانانی «شەماڵ» بوو، کۆرسی هونەرمەندان تۆماریان کرد، شانازیم بە بەشداریمەوە کرد و مایەی شانازی منیش بوو.

سلێمانی

# راوبۆچوونم بەرامبەر شەماڵی هونەرمەند

حەمەی شمشاڵ – ١٩٩١/٦/١٢

کارە هونەرییەکانی شەماڵ سائیبی هونەرمەند لە شاکارە نەمرەکانی هونەری کوردە. لە کاتی خۆیدا گەورەترین گۆڕانکاری و بزواندن بووە لە بواری هونەری گۆرانی و مۆسیقادا، یەکێک بوو لەو هونەرمەندە هەڵکەوتووانەی کە زۆربەی جەماوەری پێ سەرسام بوون و منیش بەش بەحاڵی خۆم وەک هونەرمەندێک تا بڵێی ئاشقی هونەرەکەی بووم و تێکڕای ئاوازەکانیم بە شمشاڵ لێ دەدایەوە و چێژێکی تایبەتی بە گیانی شەیدام دەبەخشی و گشت پێشکەوتن و بەرزییەکم تێدا بەدی دەکرد، بۆیە هەمیشە سەری ڕێزی بۆ دادەنەوێنم وەک ڕابەرێکی هوشیاری هونەرەکەی دەبینمەوە، و خۆشی وەک شوێن پەنجەی بە مۆسیقای نەتەوەکەمانەوە بە زیندوویێتی دەمێنێتەوە. سڵاو بۆ گیانی شەماڵی هونەرمەند.

سلێمانی

# شەماڵ مامۆستای مامۆستایەکان

پارێزەر فیکرەت عیزەت

شـەمـال سـائیب وەک هونەرمـەندێکی گەورەی کـورد و کـەم وێنە، ئەسـتـێرەی درەوشانەوەی سـەردەمی خۆی بوو، هونـەرمەندێکی دەست ڕەنگین لە مۆسیقا و ئەفسون کا ر لە گۆرانیدا، ناسینی من وەک هاوڕێ لەگەڵ مامۆستا شەماڵ سـائیب دەگەڕێتـەوە بۆ سـاڵی ١٩٧٦، ئەوەی شـەمـاڵ سـائیب دۆست و هـاوڕێی بۆ بێ دیارە بەخت یاوەری بووە. شـەماڵ سـائیب ئەوەندە پڕ مەعریفەت بوو بە تایبـەت لە بواری هونەر نایێتە گوتن و باس. دەتوانم پێناسـەیەکی بکەم بڵێم "مامـۆستـای مامۆسـتایەکان بوو". ئەوەی ڕاسـتی بێ من نووسەر نیم و تەنیا لە بواری ڕۆژنامـەوانی چەند سـەرقەڵەمێکم خستۆتە کار بە تایبەت لە بواری هونەر، هەتا زەوق و سـەلیقـەی وتار نـووسینیشم نییە، بەڵام دوو شت وایان کـرد ئەم چەند وشـەیە بنووسم یەکـیـان خـۆشـەویستم بۆ برای هونەرمـەند و هاوڕێم مـامـۆسـتـا شـەمـاڵ سـائیب و ئەویتـریان چاکـە و پیـاوەتی شـێخ سـەلاحـەددین شـێخ سلێـمـان باقلانی وەک شـێخـێکی پێگە بەهـێزی ئایینی و کـۆمـەڵایەتـی لە کـوردسـتـان لە خـزمـەت خـەڵک و بە تایبـەت هـونەرمـەندان، مامۆستا شـەماڵ سائیب ساڵەکانی کۆتایی ژیانی لە سەردانی تەکیـە و ماڵی شـێخ سـەلاحـەددین بـەسـەربرد تەنیـا شـەمـاڵ سـائیب نەبوو ئەوەی سـەردانی شـێخ سـەلاحەددینیـان دەکرد بەڵکو کاک مسعود محمد کە لە بەغدا دەهاتە هەولێـر حـەتمەن سـەردانی تەکـیـەی شـێـخـانی باقـلانی دەکـرد. وە هەروەها مامۆستا تایەر تۆفیق و ڕەسول گەردی و محەمـەد عارف جەزراوی و تەحسین تەها و فوئاد ئەحـمەد و... هتد، بە بەردەوامی سـەردانی شێخ سەلاحـەددینیان دەکرد و ئەویش تا بڵێی ڕێزی لە خەڵک و بە تایبەت لە هونەرمەندان دەگرت.

مامۆستا شەماڵ سائیب پیاوێکی دنیا دیتە بوو، هیچ کەس بارتەقای ئەو قۆز و ڕێک پۆش و خاوەن زەوق و سەلیقەی جوان نەبوو، بەڵام کاتێ لە کۆتاییەکانی ژیانی نەخۆشی تەنگی پێ هەڵچنی بوو، بەداخەوە نە شەماڵی جاران و نە مامۆستای جاران زۆر کەم دەدوا و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هیلاک دەبوو، بەهیچ شت دڵی نەدەکرایەوە، تەنانە کە ماڵی لە شوقەکانی ئیسکان بوو لە هەولێر، هەر کەسێک چووبایە سەردانی دەرگای لێ نەدەکردەوە، نهێنیمان ئەوەبوو دەبوایە سێ جار لە دەرگا بدەم ئینجا دەیزانی منم و دەرگای دەکردەوە، هەروەها کلیلێکی دەرگاکەی دابوو بە ماڵی شێخ صلاح الدین کە کوڕەکانی عەبدولغەفور یان عەبدولڕەحمان بێلاف ڕۆژانە نان و خواردنیان بۆ دەبرد، مامۆستا شەماڵ تەنیا شتی لە ماڵی شێخ صلاح الدین باقلانی قبوڵ دەکرد ئەگەر نا لە هیچ کەسی شت قبوڵ نەدەکرد.

ئەوەی شایانی باسبێ ئەم خانەوادە بەڕێزە کە خاوەن تەکیەن و ئەسڵ زادەن و لە شێخەکانی بەرزنجی باقلانین خزمەتی بێ سنووری کاک شەماڵیان کرد، کاک شەماڵ بەردەوام هاتووچۆی ماڵ و تەکیەی ئەوانی دەکرد، ڕۆژێکیان جەنابی شێخ صلاح الدین گوتی فکرەت دەبێ لەگەڵ عەبدولغەفوری کوڕم سەفەرێک بۆ بەغدا بکەی، گوتم خێرە جەنابی شێخ گوتی ئەرێ وەڵڵا هەم شەرەفە و هەم خێرە. گوتی ئێوارە سەردانم بکەوە و پێت دەڵێم ئەوەبوو چوومەوە خزمەتی و گوتی ئەوە مەبلەغێک پارەی باش عەبدولغەفوری کوڕیشم خۆی و سەیارەکەی لە خزمەتت دایە و سبەی سەعات "٧"ی بەیانی دەبێ مامۆستا شەماڵ ببەیتە بەغدا و بە تەلەفۆنیش قسەم لەگەڵ "داود سەفار" کردووە کە پیاوێکی دەوڵەمەندی بەغدایە.

کار ئاسانیتان بۆ دەکات و بۆ ئەوەی بەواستە لە "نەخۆشخانەی ابن بیطار" چارەسەری بۆ بکەن، ئەوەبوو کە سەعات "٧"ی بەیانی گەیشتمە ماڵی شێخ، کاک شەماڵیان بە پۆشتەیی ئامادەکردبوو، بەر لەوەی بەڕێ بکەوین من و کاک شەماڵ و کاک عەبدولغەفور، جەنابی شێخ صەلاح ددین بانگی کردم و بە نهێنی چەند ئامۆژگاریەکی کردم و گوتی بەهیچ شێوەیەک کاک شەماڵ

بێزار مەکەن چونکە دڵی زۆر ناسک بووە، چی گوت بێ دڵی مەکەن، چووینە بەغدا یەکسەر چووینە ئوتێلێک و دواتر پێوەندیمان بە "داود صفار" کرد، ئەویش زۆر مەردانە بوو هاتە لامان لە ئوتێل و بە تەلەفۆن لەماوەی چەند سەعاتێک هەموو کارەکانی جێ بەجێ کرد و بەر لەوەی بڕۆینە مەوعیدی نەخۆشخانە ئێمەی بردە ماڵی خۆی و دیاربوو نانیان بۆ کردبووین، دیا بوو هەر بە کاک شەماڵ سائیبی دەگوت شێخ دوایی کاک شەماڵ بە کوردی لەسەرخۆ بە منی گوتکاکە ئەم برایە خراپ لەمن حاڵی بووە، پێی بڵێ ئەمە دەروێشە شێخ نییە. دوایی کاک شەماڵ خۆی دەستی کرد بە پێکەنین و بە "داود صفار"ی گوت، ئەویش گوتی بەخوای وامزانی تۆش شێخی، دواتر تەلەفۆنیان بۆ ماڵی "داود صفار" کرد گوتیان نەخۆشەکە بێنن داخلی بکەن لە "ابن بيطار" ئەوەبوو "داود صفار"یش لەگەڵمان هات و داخلمان کرد "٢٥" ڕۆژ فەحس و چارەسەریان بۆ کرد و لە نەخۆشخانە مایەوە، گوتیان نەخۆشیەکەی "تشمع كبد فايروسی"یە، هۆکارەکەش هەمووی مەشروب و جگەرەیە، دوای ئەوە دەرمانیان بۆ دانا و پارێزیان بۆ دانا و گوتیان بەهیچ شێوەیەک نابێ "مەشروب و جگەرە و چەوری" بخوات، گوتیان دەبێ زیاتر شیرینی بخوات، ئەوەبوو ماوەیەکی باش تەندروستی زۆر باش بوو، دەیگوت:- نازانم چۆن بتوانم ڕۆژێک پاداشتی چاکەی ماڵی کاک شێخ سەلاحەددین باقلانی بدەمەوە؟! ڕەسول گەردیش لەگەڵی دەکردە سوعبەت و دەیگوت:- وەللا شەماڵ ئەگەر ئیلا دەست بە ئارەق خواردنەوە بکەی و پارێزیەکەت بشکێنی، بەو نەوعەی دەتوانێ چاکەیان بدەیەوە، ئێمەش هەموومان دەستمان دەکردە پێکەنین. دیارە وەک بڵێی مام ڕەسوڵ گەردی دڵی خەبەری دابێ هەر دوای ماوەیەکی کەم پارێزیەکەی شکاند و تەندروستی زۆر تێکچوو ماڵی شێخ سەلاحەددین کوڕەکانی عەبدولغەفور و عەبدولڕەحمان بێلافیش تازە هەرزەکار بوو یاخود مێردمنداڵ بوو بەردەوام نانیان بۆ دێنا و جلیان بۆ دەشوشت و ڕیشیان دەتاشی و سەردانی دکتۆریان پێ دەکرد. دواتر هێنایانە ماڵی شێخ سەلاحەددین باقلانی و "٦" مانگ لە ژوورێکی تایبەت خزمەتیان

کرد، تەنیا چەند کەسێکی نزیک دەمانزانی کە مامۆستا شەماڵ سائیب لە ماڵی شێخە و بەردەوام من و تەحسین تەها و مامۆستا ڕەسول گەردی و چەند برادەرێکی تر هاتووچۆمان دەکرد، جەنابی شێخ سەلاحەددین دەیگوت باسی ئەوە مەکەن کە شەماڵ لە ماڵی منە چونکە یەکەم خزمەتەکە بۆ خوا دەکەم و شەماڵیش هەم پیاوێکی گەورەیە و هەم لە بنەماڵەیەکی گەورەیە، نامەوێ لە دواڕۆژ کەس قسە لەسەر شەماڵ بکات، چونکە شەماڵ شایەنی خزمەت و ڕێزگرتنە. دواتر تەندروستی زۆر بەرەو خراپتر چوو ڕۆیشت، شێخ سەلاحەددین دوو دوکتۆری بۆ هێنایە ماڵەوە و ئەوانیش گوتیان دەبێ لە نەخۆشخانە بخەوێندرێ، ئەوەبوو لە نەخۆشخانەی کۆماری "٢٥" ڕۆژ خەواندیان بە ڕۆژ عەبدولڕەحمان بێلاف کوڕە بچوکەی شێخ سەلاحەددین خزمەتی دەکرد و بە شەویش عەبدولغەفور کوڕە گەورەکەی، چەند جارێک خوێنیان تێ کرد، عەبدولغەفور بتڵیکی دایی و دواتر تحسین تەها و دواتر خۆدی شێخ سەلاحەددین بتلێکی پێ بەخشی، تەندروستی کەمێک باشتر بوو، دوکتۆر دەرمانێکی بۆ نووسی لە دەرمانخانەکانی هەولێر دەست نەکەوت، ئەوەبوو بەهۆی کەسێک کە ناوی "سەلام مەلا عەبدوڵڵا" بوو شێخ سەلاحەددین رایسپارد ناوبراو هاتووچۆی ئوردونی دەکرد لەوێ بۆی هێنا، دیاربوو نەخۆشیەکەی ئەو کاتە چارەی نەبوو.

شێخە سەلاحەددین رایسپاردم کە بەدوای ئەهلی دا بنێرم بۆ ئەوەی بیبەنەوە بۆ سلێمانی چونکە دوکتۆرەکان گوتبوویان چارەی نییە و گورچیلەکانیشی زۆر خراپ کاردەکەن، ئەوەبوو ئێوارەیەک لەگەڵ هونەرمەند حەسەن گەرمیانی شۆڕبووینەوە بەرەو ماڵی مامۆستا شەماڵ، کاتێ لە دەرگاماندا عەبدولڕەحمان بێلاف دەرگای کردەوە، دوو میوانی تریش لەوێ بوون من نەمناسین برادەری مامۆستا شەماڵ بوون، تەماشایان کرد وەزعی باش نەبوو لەگەڵ عەبدولڕەحمان و حەسەن گەرمیانی هەوڵماندا تەلەفۆنمان بۆ کەس و کاری کردوو دواتر هاتن بردیانەوە، ئەوەبوو بە وردی چرکەیەک لە فیلمی ژیانی گەورە هونەرمەند شەماڵ سائیب، سڵاو لە گیانی مامۆستا

شـەماڵ و شـێخ سـەلاحەددین بەرزنجـی کە تەکیـە و مـاڵەکـەی پەناگـەی بێ نەوایان و هنەرمەندانی وەک شەماڵ سـائیب و تایەر تۆفیق و ڕەسوڵ گەردی و هتـد... بوو دەست خۆشی لە عـەبدولڕەحمان بێلاف دەکەم کە بەو بچـووکیـەی خۆی دوو کـاری گەورەی بۆ مێژوو کرد یەکیان خزمـەتی شەمـاڵ سائیب لەدوا ویسـتگەی ژیان و دووەمیان گەورەترین کـاری رۆژنامـەنووسی کە بریتیـە لە ٣ سێ کاسێت کە سێ کاتژمێرە لە پرسـیار و وەڵام لەسەر "هونەر و نهێنیەکانی ژیانی شـــەمـاڵ ســـائیب" لەگــەڵ خـودی شـــەمـاڵ ســـائیب. وە هـەروەهـا لەپاڵ ئەوەشدا شـەماڵ سـائیب تەواوی ئەرشیـفی خۆی پێشکیش بە عەبدولڕەحمان بێلاف کـردووە کـە بریتیـە لە ئەلبـوومی تـەواوی وێنەکانی خـۆی کە لە تەمـەنی سێ ساڵییەوە، تا دوا وێنەی ژیانی هونەرمەند شـەماڵ سائیب، کە بە دەستی عـەبدولڕەحمـان بێلاف گیـراوە. لەگەڵ کـاتژمـێری دەسـت و ناسنامـە و قـەڵەم پاندانـی شـیـڤـەر روچاویکە و ناسـنامـەی مـۆڵەتی ئۆتۆمـبـێل لێ خـوڕین و کـامێـرای وێنەگرتن. عـەبدوڕەحمـان بێلافیش هەر هـەمـوو ئەو کـەل و پەلانەی لای خـۆی پاراسـتووە. لێرەدا وەک ویژدان نابـێ دۆڵی هونەرمـەند و شـاعیـر و نووسـەر خوسـرەو جاف لەبیر بکەین بە دەیان جار هـاوکـاری بۆ هونەرمەندانی کـورد ناردووە و من تەسـلیـمم کـردوون، لە کۆتاییدا وەک وەفـایەک بۆ شـەمـاڵ سـائیب هـەوڵدەدەم گـەر دەرفەتم بۆ گونجا لـەگەڵ برای خـۆشـەویستم ڕۆژنامـە نووس کـاک ئیـسـمـاعـیل بـەرزنجی سـەلیقـەیەکی جوانـی هەیە و ڕیزکـارانە دەنوسـێ بتـوانین یادێ لەو هونەرمەنـدە گەورەیە بکەینەوە،. یادت بەرز و پیـرۆز مامـۆسـتـا شـەمـاڵ سائیب، گـۆڕەکەت پڕبێ لە نور و خـوا بە بەخشـندەیـی خۆی بتبـەخشـێ. وە پەنا و هیدایەتی هەمووممان بدا و هەموومان بۆ لای میـهرەبانی ئەو دەگەڕێینـەوە و دەگەین بەهـەق.

# لەگەڵ شەماڵ سائیبدا

محەمەد عەلی مەدهۆش
١٩٩٠/٦/٢٠- سلێمانی

خوالێخۆشبوو شەماڵ سائیب یەکێ بوو لەو هونەرمەندانەی کە لە ماوەیەکی کەمدا ناوبانگێکی گەورەی دەرکرد، وە گۆرانییەکانی لە ناو بەشی زۆری کوردستاندا دەنگی دایەوە، وە لای گەلێکی زۆر لە پیر و لاو و رۆشنبیران پەسەند کرا گەلێکی زۆری بە پەرۆشی لە دەوری خۆی کۆ کردەوە ... کە پەسەندکراوی هەموو کوردێکی دڵتەڕ و هونەردۆست دەرچوو، لە سەردەمی خۆیدا بەشێکی زۆری لە هونەرمەندان بە زەوقی شەماڵەوە روویان کردە کوردستان وەکو: مۆسیقار جمیل بشیر، رەزا عەلی، زۆری تر لە کورد و عەرەب لە شارەکانی کوردستاندا لە شاری بەغدا و لە سەیرانگەکانی کۆڕیان دەبەست و لە شارەکانا ئاهەنگیان دەگێڕا، ئەم دەرکەوتنەی لە کاتێکدا بوو کە خۆی قوتابی دانشگا بوو، کە دانشگاشی تەواو کردبوو بەرگی ئەفسەری لەبەر کردبوو. لە شاری بەغدا هونەرمەندان و هونەردۆستانی لێ کۆبوونەوە و خاوەنی ستۆدیۆ و دەزگا تۆمارییەکانیان بۆ خستە سەرپشت، نامیلکەیەکی هونەری دەرکرد بەناوی «لەگەڵ شەماڵ سائیب»دا لەسەر ئەرکی کۆمپانیای «چەقمەقچی»، کە گەلێ گۆرانی بەسۆز و گەلێ وتەی جوان و نوکتەی نایاب و بابەتی هونەری تۆمار کرد.

خۆشم کە نووسەری ئەم بیرەوەرییەم، خۆم بە قەرزاری شەماڵ سائیب دەزانم کە بەشداری کردم لە هونەرەکەیدا، یەکەم هونەرمەند بوو شیعری «بۆ منت ناوێ»ی کردە گۆرانی و دەنگێکی باشی دایەوە کاتێ چوومە بەغدا چوومە زیارەتی، دانیشتین گەلێ باسی لە شارەزاییی هونەر بۆ کردم. گەلێ

بەڵگەشی لە ئاواتەکانی ئایندەی پێشان دام، جگە لە وێنە و نامەی چەندان هونەردۆستی خۆی بە نیازی کۆبوونەوە و هاوبەشی لە هونەرەکەیا، لە دوای ئەم دیدەنیەشەوە نامەمان لێ نەدەبڕا کە دەهاتیشەوە بۆ سلێمانی سەرێکی هەر لێ دەدام.

شەماڵ سائیب بەتەنیا هەر دەنگخۆش نەبوو، بگرە ڕۆشنبیرێکی بیرفراوان بوو لەگەڵ ئەوەشا هیچ فیزی نەبوو رووخۆشێکی دەم و دوان لەسەرخۆی سادە بوو لەگەڵ گەورە و بچووک بەیەک زمان دەدوا وەنەبێ شەماڵ هەر لە خۆیەوە وا هەڵکەوتووبێ، بگرە کەسوکاریشی لە باو و باپیرانەوە هەر ڕۆشنبیر و دەرکەوتوو بوون، گەورە و منداڵی ئەم خانەدانە هەردەم هونەرمەند و رۆشنبیر و بەدەم و زمان بوون. ئەوەبوو کە لە دوای پیرەمێرد کە بەڕەحمەت چوو، ئەوسا مامۆستا جەمیل سائیب کە لە ناو خێزانەکەدا بە «کاکینە» ناو دەبرا، چونکە بەڕێزییەکەی لەوەدا بوو کە لە ناو ناسیاوانیشا هەر بە کاکینە ناو دەبرا، هەموو بە کاکی خۆیان دادەنا بۆیە بوو بە بەرپرسیار و سەرپەرشتکاری رۆژنامەی «ژین». هەتا تەنگ و چەڵەمەی بێ باری زەمانەوە دوژمنانی زانیاری گەلی کورد وەکو هەموو دوژمنێک ماوەیان نەدا کە ژین لەسەر رێبازی راستی خۆی بڕوا، وای کرد کە «ژین» لە پاش چل ساڵ زیاتریش، ئەم رۆژنامە پیرۆزە لە کار بخرێ ئەگەرچی تا ئێستا لە کتێبخانە گشتییە پیرۆزەکاندا و لای ئەوانەی کە رۆشنبیرن ژمارەکانی پارێزراون، وەک مووفەڕک خزمەت دەکرێ و سوودی مێژوویی و زانیاری لێ وەردەگیرێ. هەروەها «جەلال سائیب» کە باوکی خوالێخۆشبووە، زۆر ڕۆشنبیر و خوێندەوارێکی دەروون فراوان بوو ئەگەرچی کۆستی زەمانە رێگەی نەدا کە بتوانێ خزمەتی بیری گەلەکەی زیاتر بکات بۆ نموونە کەمالی کوڕی لە تەمەنی هەڕەتی لاویدا کوژرا بەبێ تاوان لە ناو جێگەدا لە خەوا شەهید کرا، لەو کاتە ناهەموارەدا ناسۆرێکی گەورە بوو نرا بە دڵی ئەو باوکە و ئەو خێزان و ئەو دۆست و ناسراوانەدا، کارێکی جەرگبڕ بوو ناسۆرێکی گەورەی نا بە دڵی گەلی کوردەوە، ئەحمەد هەردی شاعیر ئەم چوارینەیەی بۆ سەر گۆڕەکەی نووسی:

بای ئەجەل هات و لە ناکاو دەفتەری ژینی دڕیم
تاکو دوێنێ خونچە بووم ئەمڕۆ بە ناحەق هەڵوەریم
وەک برووسکە نەو نەمانی درانی وەختی چرۆ
هات و گوللەی وێڵ لە ناکاو بێ گوناه جەرگی بڕیم

هەروەها لە بیرمە کە نەسرین جەمیل سائیب لە ئاهەنگی چلەی خوالێخۆشبوو (مستەفا یا مولکی)دا بەو منداڵییە کە تەمەنی لە دە ساڵ تێپەڕی نەکردبوو شیعرێکی وا بە سۆزی خوێندەوە کە دڵی دانیشتوانی هێنا بەکوڵ، شیعرەکەشی لەبارەی شینی یامولکی و سۆزی کۆمەڵایەتی و باری نالەباری خێزانیی خۆیانەوە لە هەمووی دوابوو و لە دوایی شیعرەکەشدا، ئەمە دوا بەندەکەی بوو:

من کە نموونەی ئەو نەتەوانەم
بۆ پێشکەوتنی قەومێک نیشانەم

بێینە سەر مامی شەماڵ، «مستەفا سائیب» کە خزمەتێکی گەورەی وێژەی کوردیی کردووە، لە ساڵی ١٩٣٦ و کە بە هاوڕێیەتی مەریوانی بەناوی کوردی و مەریوانی، کە کوردی نازناوی خۆی بوو، چەند نامیلکە و دیوانی شیعریان چاپ کردووە، تا مردنی هەر بە نووسین لە رۆژنامە و کۆوارە کوردییەکاندا کەمتەرخەمی نەکردووە.

لەگەڵ ئەوەشا ئەم خێزانە بەناوبانگە بۆ پارە و ماڵ و کۆشک و سەرا هەوڵیان نەداوە، بگرە ژیانێکی ئاسایی ژیاون و هەر ماوەیەکیشیان بۆ هەڵکەوتبێ لە دیمەن و سەیرانی ئەم کوردستانە بێ بەش نەبوون، وشک نەبوون، تەڕ و دڵتەڕ بوون لەگەڵ ئەوەشا شانازییەکی بەرزیان بۆ خزمەت و سوودی نەتەوەکەیان بە یادگار بەجێ هێشتووە. بەڵام لەگەڵ چەرخی زەمانەدا دەڵێی چی کە ماوەی ئەوانە نادا بتوانن تا سەر خزمەتی نەتەوەکە بکەن. شاعیر لەم بارەیەوە دەڵێ:

له باخـــێکا گـــوڵێکی تازه هەڵکەوت
له کوردا گەر یەکێ دەرکەوت و سـەرکەوت
ئـەبێ گـــەردوون له ناوی باو نەمـــێنێ
پـەرەی گـــەنجی و جـــوانیی هەڵوەرێنێ

ئەم نموونەیه له کوڵۆڵی گەلی کورد، بەتایبـەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا ڕووی دا، گـەردوون کـەوتووەته قـەلاچۆی هونەرمـەندان، بڕوانه هەر لەم مـاوه نزیکانەدا چەند هونەرمەندی وەکو «کامـەران» و «کاکەی فەلاح» و «هێمن» و «هەژار» و «ئەخـۆل» و «شێخ مـحـەمـەدی خـاڵ» و «حـەمـه مـسـتـەفا کـوردی» چەندەها دەنگخۆش و مۆسیقاژەنی پێگەیشتوو ئەگەر ناوی ئەمانه پڕکەمەوه بەشێکی زۆری دەوێ، هەروا یەک بەدوای یەکا له ناو دەچن بێ ئەوەی بتوانن بەرنامـەکـەیان تەواو بکەن، چونکه گـەلێکی بێ کـەس و بێ دەست وەکو ئەم هونەرمەندانەی ئێمه کەس نییه دەستی یارمەتییان بۆ درێژ بکا، ئەرکی باری ژیانیـان ئەوەنده لەسـەر شـان سـووک بکا کـه بتـوانێ خـۆی به پلەیەکی وا بگەیەنێ کە زیاتر بەشی زۆری ئەو تاک و تەرایەش ئەوەی توانی نەختێ خۆی پێ بگەیەنێ بردیەوه بۆ خۆی، بۆ نموونه لەوانه حەمه ساڵح دیلان که شاعیری کورد بوو، که زۆر دەنگخۆش بوو، چەندان ساڵ بەدەست ئازار و نەخۆشییەوه دەینالاند، ئـەویش گەردوون، دەمکوتی کـرد، ئەوەی کـه مـاویشـه لەبەر دەرد و ئازاری زەمـانه سـەری کردووه بـه ژێر کـلاوی خـۆیەوه، لـەو هەمـوو ئـاهەنگ و بەزم و کە تیپه شانۆییەکان و تیپه مۆسیقییەکان که مامۆستا شـەماڵ سـائیب تێدا هاوبەش بوو، ئێسـتـاش، دەڵێی خـۆڵی مـردووی بەسـەرا کراوه، مـەگـەر ئەم خـەڵکه چاو ببڕێتـه ڤیدیۆ و تەلەفزیۆن وه بـه ناچاری سـەیری ئەو بابەتانه بکەن که تەعبیر له هەست و دەروونی ئێمه ناکەن.

دوایی وتەکەم به دوو یادگار دەهێنمـەوه که یەکەمیـان: مامۆسـتا شـەماڵ سـائیب له تەلەفزیۆنا له نێوان چەند هونەرمـەندێکی بەناوبانگدایه ئەو هەمـوو نازداره دەورەیان گـرتووه و شـەمـاڵ گۆرانـی «هەرێ لەیلێ» دەڵێ و سـەرنجی

هەمووانی ڕاکێشاوە، لەگەڵ ئەوەشا ئەوانەی کە شارەزان دەزانن بێ هێزی پێوە دیارە لەگەڵ ئەوەشا سەرسامەکانی زۆر بە جۆش و بە کوڵ لێی ئالاون.

دووەمیان: کە بیستم تەندروستی ناتەواوە گوتم با سەرێکی لێ بدەم، لە دوای ئەم بینینە ئیتر نەمبینییەوە ئەوەبوو بەرەو هەولێر بەڕێ کەوتم و گەیشتمە ماڵی شەماڵ لە شوقەیەک دەژیا پێیان دەوت گەڕەکی «ئیسکان»، کە بینیم زۆرم بەزەیی پیاهاتەوە، بە زەردەخەنەی جارانەوە پێشوازی لێ کردم، بەڵام لەبەر نەخۆشی تەواو بێ تاقەت بوو، گوتی: خۆ نانی نیوەڕۆت نەخواردووە؟! گوتم: لە کوێم خواردووە میوانی تۆم. گوتی: دە زۆر چاکە نیوەڕۆ دەعوەتین لە تەکیە. منیش پێکەنیم گوتم: شەماڵ تەکیەی چی؟! گوتی: خۆ درۆت لەگەڵ ناکەم کە چووین خۆت دەیزانی؟! گوتم: خۆ شەماڵ نەبوویتە دەروێش؟! زۆر پێکەنی گوتی: برام من ماڵە دۆستێکم هەیە کە شێخێکی زۆر ماقووڵ و ناسراوە ناوی شێخ سەلاحەدینی باقلانییە، هەولێرییەکان زۆر تەقدیری دەگرن خۆیشی شێخێکی لێوەشاوەیە و تەکیەیان هەیە و خزمەتی خەڵک دەکەن و زۆر ڕێز لە هونەرمەندان دەنێن، زۆر ڕێزم لێ دەگرێت و بە هەموو شێوەیەک هاوکاریم دەکات منیش گیانێکم لەوانە ئەگەرنا ئەوەندە لە ژین بێزارم وەختە شەق بەرم، لەو قسانەدا بووین گەنجێک وە ژوورکەوت شەماڵ گوتی: ئەمە کاک عەبدوڕەحمان بێلافە کوڕی شێخ سەلاحەدین، وەک کوڕی خۆم وایە و دیاربوو بە شەماڵی گوت ماموستا باوکم گوتی بابێت، شەماڵیش گوتی: میوانم هەیە، گوتی: دەبێ میوانەکەش بێت، ئەوەبوو عەبدوڕەحمان گوتی: ماموستا ئەوە ڕیشت هاتووە با بۆت بتاشم هەر بەپەلە تاخم تراشەکەی هێنا و ڕیشی شەماڵی پاک تاشی و دوایی ئێمەش بەرەو تەکیە چووین و نانی نیوەڕۆمان لەوێ خوارد. بەڕاستی ڕێزێکی زۆریان لێنان تا چووین و گەڕاینەوە شەماڵ باسی چاکەی ئەو بنەماڵەیەی دەکرد، بەڵام بەداخەوە تەکیەکە ئەوەندە پڕ بوو نەمتوانی دوو قسە لەگەڵ شێخ سەلاحەدین باقلانی بکەم.

# مەرگی هونەرمەندێک

مستەفا سالّح کەریم

سی ساڵ لەمەوبەر شەماڵ سائیب وەک ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی هونەری کوردەواریدا جریوەی خۆشی و شادی خستە دڵی خەڵکییەوە، کە ئەو چەند گۆرانییەی لە ئێزگەی ڕادیۆی کوردیدا بڵاو کرانەوە، بە ماوەیەکی کەم لە سەرانسەری وڵاتدا دەنگیان دایەوە. هەر لەو سەردەمەدا بوو دەربارەی مۆسیقا و ئاواز وتاری بۆ ڕۆژنامەی «ژین» دەنارد، بەهۆی برای بەڕێز کاک ئەحمەد زرنگەوە شەماڵم ناسی خۆشم ویست، زۆر بەدڵما چوو.

شەماڵ بەوانەشەوە نەوەستا، تەقەللایێکی مەردانەی لە پێناوی پێکهێنانی «کۆمەڵەی ئاوازی کورد» دا، نۆبەرەی کاری هونەرییان بریتی بوو لە ئاهەنگێکی قەشەنگی مۆسیقا و گۆرانی لە شاری سلێمانی، ئەم جارەیان زیاتر لە شەماڵ نزیک بوومەوە، بۆم دەرکەوت کە سەربازێکی ئازایە لە مەیدانی هونەردا، بێ ئەوەی گوێ بداتە قسەی ئەم و تانەی ئەو ئەسپی خۆی تاو دەدا. لە حوزەیرانی ١٩٥٨دا کە تیپی مەولەوی ئاهەنگێکی مۆسیقا و گۆرانی و چیرۆکێکی شانۆییان لەسەر شانۆ پێشکێش کرد، شەماڵ بۆ پشتگیری برا هونەرمەندەکانی، لە بەغداوە بەتایبەتی بۆ ئەم مەبەستە هاتە سلێمانی و ماوەی هەفتەیەک هەموو ئێوارەیێ بە چەند گۆرانییەک بەشداری دەکرد.

ئەگەر بێتو بە ویژدانەوە ئاوڕێک لەو سەردەم و بارودۆخە بدەینەوە بۆمان دەردەکەوێت چەند ستەم بوو گەنجێکی وەک شەماڵ لە بنەماڵەیەکی ناسراو خوو بداتە گۆرانی وتن، ئاخۆ چەند تانە و سەرزەنشتی گرتبێتە خۆی و چاوی

له ئاسمانیاندا نووقاندبێ وه به پێچەوانەشەوە زیاتر شەیدای هونەرەکەی بووبێت؟

بەو شێوەیە لەو رۆژگارەدا شەماڵ بووە ڕەشماڵێکی گەورە لە جیهانی هونەری کوردیدا، باوەشی بۆ بەهرەی چرۆ تازە گەشاوەکان کردبووەوە، گۆرانییەکانی شەماڵ نەک بە تەنیا ئێمەی کورد، بگرە برا عەرەبەکانیش چێژیان لێ وەردەگرت، تەنانەت ئاوازی «هەرێ لەیلێ» لە سەردەمێکدا بووە ئاواز بۆ گۆرانی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان.

ساڵی ١٩٧٢ لە تەک چەند برادەرێکی نووسەردا، لە تەلەفزیۆنی بەغدا بووین بۆ تۆمارکردنی بەرنامەی «یەکێتی نووسەرانی کورد»، لە کاتێکدا کە لە کافیتیریای تەلەفزیۆنا دانیشتبووین، بەڕێوەبەری گشتی ئەوسای ڕادیۆ و تەلەفزیۆن مامۆستا محەمەد سەعید سەحاف هاتە لای ئێمە دانیشت، پاش کەمێک گفتوگۆ وەک مژدەیەکی خۆشی پێ بێ وتی: «هەواڵێکی زۆر خۆشم پێیە، توانیمان شەماڵ سائیب قایل بکەین کە گۆرانییەکانی بۆ تەلەفزیۆن تۆمار بکەین، بۆ ئەم کارەش هەموو توانایەکی بۆ بەکار دەهێنم» دیار بوو زۆری بەلاوە خۆش بوو کە دەتوانێ ئەو گۆرانییانە بە وێنە و دەنگەوە پیشانی جەماوەری کورد بدات.

ساڵی ١٩٧٦ لە بازاڕی کتێبخانەکانی «سوق السرای» لە تەک برایەکی ڕووناکبیری عەرەبدا عەوداڵی کتێب بووین، بە ڕێککەوت شەماڵمان پێ گەیشت، دوای ئەوەی یەکتریمان ماچ کرد و کەوتینە هەواڵی یەکتر پرسین، بەهۆی ئەوەوە کە ماوەیێ بوو لە سلێمانی دوور بووم ئەوجا لە تەک برادەرەکەمدا پێکم ناسین ... کاتێ لێک جیا بووینەوە هاوڕێکەم زۆر شادمان بوو، بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتی: «ئەمڕۆ بۆ خێزانەکەم و منداڵەکانمی دەگێڕمەوە کە شەماڵ سائیبم دیوە و لە تەکیا دواوم» هەروەها وتی: «شەماڵ لای ئێمە جێگەیەکی تایبەتی هەیە و زۆریش خۆشمان دەوێ، ئەگەرچی لە وشەکانی ناگەین، بەڵام ئاوازەکانی کارمان تێ دەکات».

ئێستاش خەڵکی ئەوەیان لە بیرە کە مانگ لە ناوەڕاستی ئاسماندا

خەرمانەی دەدا، کە منداڵان لە یاری کۆڵان تێر دەبوون، کە شەو نهێنی خۆی بۆ عاشقان دیاری دەکرد و کاتێ نە دەنگ نە زەنگ نە ژاوەژاو دەما، ئا لەوکاتەدا «شەماڵ» لە ڕادیۆوە بە دەنگێکی پڕ سۆز ئاوازی خۆشەویستی و عەشق و پەیمان پەروەریی بەگوێی ئەو خەڵکەدا دەدا کە شەیدای دەنگی بوون.

شەماڵ، ژیان بە لایەوە جوان بوو، چاوەڕوانی ئەوە نەبوو ڕۆژێک لە ڕۆژان لێی بێزار بێ، زۆریش بە تەنگ ئەوەوە بوو کە هونەرەکەی لە بەرچاوی جەماوەر بە پیرۆزی بمێنێتەوە.

ئەو ئێوارەیەی کە لە بەغدا، لە تەک فوئاد ئەحمەد و تەحسین تەها بەشداری ئاهەنگێکی گۆرانی کرد، بۆ ڕۆژی دوایی هاتەوە بۆ سلێمانی، لە تەک مامۆستایان ئەحمەد هەردی و خوالێخۆشبوو عومەر عارف و دوکتۆر ئیحسان فوئاد و فوئادی حەمە خورشید و خوالێخۆشبوو شەماڵ سائیب لە ماڵی مامۆستا عەلی شەونم شەومان بەسەر برد، تا گۆرانییەکەی شەماڵ پیشان درا هەستم دەکرد کە چەند بێ ئارامی پێوە دیاربوو، سرەوتی نەبوو، لەوە دەترسا گۆرانییەکەی لەو ئاستەدا نەبێ کە لێی چاوەڕوان دەکرێ. کاتێک پیشان درا و خۆشی و خۆشەویستی لە چاوی هاوڕێکانیدا خوێندەوە، ئەوسا بەرەبەرە ڕووخساری گەشایەوە و زەردەخەنەی شادمانی لەسەر لێوەکانی نەخشا.

ئەگەرچی دڵە ناسکەکەی شەماڵ بوو بوو بە ژێر هەرەسی خەمەوە، بەڵام چاوەکانی هەر گەش بوون، هەرگیز نەیدەویست خەمی خۆی بە ڕووی کەسانی تردا بدات.

شەماڵ ماوەیەکی ژیانی لە جیهانێکی پشێو و دژواردا دەژیا، لە جیهانێکی وەهادا گینگڵی دەدا، هەستی بەوە کرد کە مافی هونەریی هونەروەری مەزن «محەمەد عارفی جەزیرێ»، ئەمجا ئەدیب و ڕەخنەگر «عومەر عارف»، پایزمان تا دوا ڕۆژی هەر خەزان بوو.

شەماڵی ئازیز !

وا ئێمـەش بە یادی تۆوە چاو بە نۆتەکانتدا دەگێڕینەوە گوێ بۆ ئاوازەکانت شل دەکەین.

شەونخوونی و پەرۆش و ماندووبوونی تۆ دەهێنینە پێش چاومان.

هاوڕێم:

ئەو ئاواتانەت لە تەک خۆتدا بردە ژێر خاکەوە و دەست و پەنجەی «لەیلێ»ت بە خـەنەوە نەبینی. لە کـاتێکدا بەجـێت هێـشـتین، کـە هونەری مـیللەتەکـەت پێـویسـتی پێت بوو، دێتـە بیـرم جارێکیـان وتت: «سـەیرە! هەنـدێک دەیانەوێ هونەر بکەن بە بازاڕ و بیخـەنە مـەزاتـەوە! بەڵام برا دڵنیـابە کە هونەرمـەندی راستەقینە هونەری رەسـەنی خۆی بە هەموو کولتووری جیهان ناگۆڕێتەوە».

ئاواتەخـوازم ... هونەرمـەندە هەڵکەوتووەکـانمان بە شـاپڵـیـتـەی هونەری رەسـەن دڕ بـە تاریکی بدەن و جـیـهـانـی هونەرمـان روونـاکـتـر بکەنەوە، ئەو هونەرەی تۆ لە پێناویدا ئازارت چەشت.

برا: تۆ کـۆچت کـرد، ئێـمـەش هـەوار بەجـێ دەهێـڵین و نامـێنین، ئەوەی کـە دەمێنێ میللەتە، وشـەی پیرۆزە، هونەری رەسـەنە، کردەوەی چاکە. لە چلەی ماتەمتا چەپکە گوڵی ڕووناکبیران و هونەرمەندان و هاوڕێکانت بۆ سەر گۆڕی پیرۆزت. هەزاران سڵاویش بۆ گیانی پاک و هەستی پڕ سۆزت.

* لە چلەی هونەرمـەندا دەقی ئەم وتارە لە ژمـارە ٨٨١ی هاوکـاریدا ڕۆژی ١٩٨٧/٣/٥ بڵاو کرایەوە.

# شەماڵ سائیبی داهێنەر

هونەرمەند فوئاد ئەحمەد

مامۆستا شەماڵ سائیب هونەرمەندێکی زۆر گەورە و بێ هاوتا بوو لە مۆسیقا و ئاواز و گۆرانی کوردی هەر لە کۆتاییی چلەکان کە دەستی پێ کرد توانی ببێتە پێشڕەوی گۆرانیی کوردی لە پەنجاکان و شەستەکان و حەفتاکان. گۆرانی هونەری کوردی لە بابەتێکەوە بردە سەر بابەتێکی تر خۆی ئاوازی دادەنا شیعری دادەنا مۆسیقا و دابەشکردنی دەکرد بۆ گۆرانییەکانی ناو و ناوبانگێکی زۆری پەیدا کرد لە دەرەوەی عێراق و لە وڵاتانی عەرەبی و سەرەڕای ئەوەی کورد چەندەیان خۆش دەویست عەرەبەکان زۆر زیاتر، عیلاقاتێکی بەقوەتی لەگەڵ «نازم غەزالی» هەبوو زۆر برادەر بوون.

مامۆستا شەماڵ یەکێک بوو لە ئاڵا بەرزەکانی مۆسیقا و ئاواز و گۆرانی کوردی سەرەڕای ئەوەش هیچ کەس لەو جوان و قۆزتر نەبوو، هەموو دنیا ئاشقی بووبوون. من و ئەو هونەرمەندە زۆر برادەر بووین من زۆر لە دوای ئەو چوومە ئێزگە کە ئەوم دیت زۆر هانی دام و تەشجیعی کردم کە چۆن گۆرانی بڵێم و چۆن ئاواز دابنێم و وای لێ کردم بۆ خۆم ڕێگەیەکی تایبەت و سەربەخۆ بدۆزمەوە تایبەت بە دنیای خۆم.

بە داخەوە ئێستا کاک شەماڵ کۆچی دوایی کردووە و مردن براگەورەی هەموومانە خوای تەبارەک و تەعالا بۆ ئێمەی داناوە و هەموومان دەمرین و مردن هەقە و ئیعجازی عەدالەتی خوایە بەسەر هەموو بوونەوەرێکدا .

هیوادارم گەنجان و لاوانی هونەرمەندی کورد بتوانن ئیش لەسەر گۆرانی و ئاوازەکانی ئەو بکەن، چونکە پڕە لە شتی نوێ و ئەکادیمی ئەو هونەرمەندە

زۆر فکرەی عەجایبی هەبوو لەسەر هونەر نەخۆشی و ناساغی مەجالیان نەدا زۆر بەداخەوە. وەنابێ ئەوەش لە بیر بکرێت ژیانی شەماڵ سائیبی هونەرمەند لە دوا وێستگەی ژیانی لەسەر ماڵی جەنابی شێخ سەلاحەدین بەرزنجی باقلانی بوو تەکیە و ماڵی ئەم شێخە پەناگەی هەزاران لێقەوماوان بوو بە تایبەتی هونەرمەند مامۆستا شەماڵ سائیب، کە لەسەر مەساریفی خۆیان بۆ نەخۆشخانەی بەغدایان نارد بۆ عیلاج و دواتر لە ماڵی خۆیان زۆر خزمەتیان کرد، شەماڵ بەرەحمەت بێ دەیگوت کورد قەرزداری منن و منیش قەرزداری خانەوادەی بەڕێزی شێخ سەلاحەدین باقلانیم و جەنابی شێخ سەلاحەدین هەتا لە نەخۆشخانەی رزگاری و کۆماری لە هەولێر کوڕێکی بچووکی خۆی بە ناوی کاکە عەبدوڕەحمان بێلاف دانابوو تەنیا بۆ خزمەتکردنی مامۆستا شەماڵ سائیب، جلوبەرگیان بۆ دەشووشت و ڕیشیان بۆ دەتاشی و پاکیان دەکردەوە مامۆستا شەماڵ دەیگوت عەبدوڕەحمان بێلاف کوڕە گەورەی منە و ئێوە شایەد بن وارسی هەموو شتێکی منە. سڵاو لە گیانی پاکت بێ برای ئازیزم شەماڵ گیان.

# شەماڵ سائیب مامۆستای مۆسیقای کوردی

ڕەسوڵ بێزار گەردی

ئەوێ رۆژێ ئێمە لە ئێزگەی کوردی بووین لە پەنجەی دەست تێ نەدەپەڕین گۆرانی گوتن زۆر عەیب بوو خەڵکەکی زۆر بە چاوی سووک تەماشای هونەرمەندیان دەکرد، ئەمن حەیرانبێژ بووم کاکە شەماڵ لە ئێزگە گۆرانی دەگوت و مۆسیقاشی لێ دەدا و هەندەسەی سەوتیشی دەکرد، ناجحترین مهندسی سەوتی ئیزاعە بوو، ئەوێ وەختی عەرەب هیچیان نەبوو لە عێراق هەر شەماڵ سائیب مامۆستای هەمووان بوو، نازم غەزالی زۆر کاکە شەماڵی خۆش دەویست، ڕای شەماڵی وەردەگرت لەسەر گۆرانییەکانی خۆی

نازم غەزالی ئەو وەختە زۆر بەناوبانگ بوو گۆرانیبێژی گەورەی عەرەب بوو بەڵام شەماڵ سائیبی بە مامۆستا دادەنا. بەڵام بەداخەوە کاکە شەماڵ ئاخیری حەیاتی هەمووی مەئسات بوو، زۆر سەردانیم دەکرد لەگەڵ کاکە شەماڵ دایم دەچووینە خزمەت جەنابی شێخ سەلاحەدین باقلانی، ماڵی شێخی زۆر تەقدیریان دەگرت لە ئاخیری عومریدا زۆریان خزمەت کرد، ئاگام لێ بوو جەنابی شێخ لەسەر مەساریفی خۆی ڕەوانی بەغدای کرد بۆ عیلاج و دوایی هێنایانەوە بۆ ماڵی شێخی.

بەینەکی باش لەوێ سەردانم کرد، بەڵام سحەتی هەر بەرەو خراپی بوو دوایی کەسی نەدەناسییەوە و کەسوکاری لە سلێمانی هاتن بردیانەوە و لەوێ مرد، شەماڵ دەیگوت ماڵی شێخ سەلاحەدین و بە تایبەتی کوڕە بچووکەکەی کە ناوی عەبدوڕەحمانە ئەوەی ئەوان بۆ منیان کردووە هەرگیز ناتوانم پاداشت و چاکەیان بدەمەوە. کاکە شەماڵ هەزار سڵاو لە گیانت یادی نوکتە

و قسه خۆشەکانت دەکەم یاد و فکری ڕۆژان و شەوانی گەرمایی هاوینی بەغدا و ئێزگە و گەڕانمان، بەخوای ئەو ڕۆژە خۆشانە ناگەڕێنەوە وەسیەتەکەشت نەهاتە دی کە گوتت لە هەولێرم بنێژن.

# یەکەمین مۆزیکزانی گەورەی کورد

تەنیا عەرەب عوسمان

بە داخەوە بۆ هونەرمەندێکی گەورەی وەک مامۆستا شەماڵ سائیب زوو سەری نایەوە، شەماڵ سائیب وێنەی نەبوو لە گۆرانی و قسە خۆشەکانی، پیاوەکی زۆر قسەزان و ڕۆشنبیر بوو، ئەمن بە بەردەوامی سەردانم دەکرد، زۆری کەیف بە من دەهات، حەیرانم بۆ دەگوت، گۆرانیم بۆ دەگوت نوکتەم بۆ دەگێڕایەوە زۆر زۆری حەز بە نوکتە بوو، دائیمەن زەردەخەنەی لەسەر لێوی بوو، بڕواناکەم هیچ کوردێک وەکو ئەو دنیادیدە و لێزان بووبێ، لە هونەر، مۆسیقا، مێژوو، سیاسەت، بەڕاستی موفەکیر بوو. جارێکیان لە تەکیەی ماڵی شێخ صلاح‌الدین باقلانی بووین شەو بوو سێ مەلا لەوێ بوون قسەیان لەسەر مەوزووعێکی ئیسلامی دەکرد مامۆستا شەماڵ ناوی ٣ ـ ٤ کتێبی ئیسلامی هێنا گوتی: ئەوە ئەوها و ئەوهایە هەموو تەئیدیان کرد، جەنابی شێخ سەلاحەدین لە دوای ئەوەی مەلایەکان ڕۆیشتن بە مامۆستا شەماڵی گوت: خۆزگە عەمەلیشت پێ کردبایە، هەموو دامانە پێکەنین و کاک شەماڵیش گوتی: ئەدی ئەوە نییە زوو زوو دێمە تەکیەی. هەتا لە مەسائیلی نەخۆشی دەیزانی کام دەرمان چییە و بۆچی باشە. بەداخەوە لە ئاخیری ژیانی وەزعی تەندروستی زۆر خراپ بوو، بەڵام جەنابی شێخ سەلاحەدین باقلانی ئەوەندەی خۆش دەویست بردیەوە ماڵی خۆی و سەردانی دوکتۆرانیان پێ دەکرد، لە ئاخیری ژیانی خدووی بە ماڵی شێخ سەلاحەدین وەرگرتبوو. هەتا ماڵی شێخ بردیانە بەغداش، بەڵام کار لە کار ترازابوو. دوایی کەسوکاری هاتن بردیانەوە و دوای چەند ڕۆژێک کۆچی دوایی کرد. هەزاران سڵاو لە گیانی مامۆستا شەماڵ سائیب.

# یادگارێکی دێرین لەگەڵ هونەرمەند شەماڵ سائیب

لە یادگارەکانی عومەر هەڵمەت

رۆژێکی گەرم بوو ناوەڕاستی هاوین لە بەغدا لە ساڵی ١٩٥٣دا بەرەو ئێستگە کەوتمە ڕێ یەکەم ڕۆژی دەست پێکردنم بوو بەکار لە ئێستگەی کوردی، دڵ پڕ لە خەیاڵی جۆراوجۆر و بیرم لەم کارە تازەیە دەکردەوە کە چۆن بێت وە چ جۆرە بەرنامەیەکی تازە دابمەزرێنم.

گەیشتمە ئێستگە وە لەوێ خۆم بە چەند برادەرێک ناساند لەوانەی لەوێ کاریان دەکرد وە یەکێ لەوانە کاک شەماڵ بوو، ئای چەند یادگارێکی پیرۆز بوو هەر لەو رۆژەوە من و کاک شەماڵ بووینە هاوڕێ وە برادەری گیانی بەگیانی و زۆر نزیک بووین لەیەکەوە وەیەک مەبەست ئێمەی بە تەواوی بەستبوو بەیەکەوە ئەمەش هونەری کوردی بوو، هەر پێکەوە یەکمان بگرتایەتەوە باسمان زۆریی لەسەر ئەوەبوو کە چۆن پرۆگرامی جۆراوجۆر دابمەزرێنین و ئێستگەی کوردی بەرەو پێشەوە بەرین، بە تامی بکەین لەلای گوێگران چ لەبارەی مۆسیقا و گۆرانییەوە و چ لەبارەی کۆمەلایەتییەوە هەتا بتوانین ناوی کورد پێشخەین و بیگەیەنینە ڕیزی بەشەکانی تری ئێستگە، دڵسۆزی و کوردپەروەریی هونەرمەند هەموو بیر و هۆشی داگیر کردبوو. هەر لەو سەردەمەدا چەند گۆرانییەکی بۆ ئێستگە تۆمار کردبوو یەکێ لەو گۆرانییانەی کە زۆر ناوبانگی پەیدا کردبوو گۆرانی «هەرێ لەیلێ» بوو، ئەم گۆرانییە نەک هەر بەسەر دەمی هاوولاتییە کوردەکانەوە و منداڵانی کوردەوە بوو تەنانەت خەڵکی باشووری وڵاتەکەش گرتبوویان بەسەر دەمیانەوە.

هونەرمەند نەک تەنیا دەنگخۆش بوو، بگرە مۆسیقاژەنێکی تا بڵێی لێهاتوو

بوو ئامـێری عـوودی زۆر بـە شــارەزایی دەزانی و هـەست و دەروونی تێکەڵ دەکرد.

هەمـوو ڕۆژێک پاش نیـوەڕوان دەگەیشـتـمـە سـەرکار لە ڕێگەوە بەرەو لای کاک شـەماڵ دەڕۆیشـتم و لە قوژبنێکی یەکێ لە ستۆدیۆکاندا دەمـبینی کە پەراوەی دەکرد وە ئـاوازی تازەی دەست پێ دەکرد نەک هـەر بۆ گۆرانییەکانی خۆی، بگرە دەسـتێکی باڵای هەبوو لە رێکخسـتن و دابەشکردنی مۆسیقادا بۆ هونەرمەندە گۆرانیبێژەکانی تر وەکو مامۆستا عەلی مەردان، مامۆستا تایەر تۆفـیق، وە کـاک رەسـوڵ گـەردی و حـەسـەن جـەزراوی و حــەســەن زیرەک و هەروەها گەلێکی تر لە هونەرمەندان.

لەو پـرۆگـرامــانەی کــە پێکەوە دروســتــمــان دەکـرد و بـڵاومـان دەکـردەوە یەکێکیـان پرۆگرامی شـیعر و مۆسـیقا بوو هەمـوو هەفتـەیەک بڵاو دەکرایەوە هەروەها پرۆگـرامـێکی ترمـان هـەبوو تەمـسـیلی بەشی منداڵان بوو، مـێژووی وڵاتەکەت بناسـە، وە پرۆگرامی لەهجـەکانـی زمانی کوردی و ئەم پرۆگـرامـانە تایبـەت بوو بە منەوە، بەڵام کـاک شـەمـاڵ زۆر یارمـەتی دەدام لە دەرهـێنان و ئامـادەکردنیـدا. لە سـاڵانـی پەنجا و چوار، پەنجـا و پێنج، پەنجـا و شـەشـدا چەند ئاواز و گۆرانییـەکی تـازەی دانا، لەم سـەردەمـەدا یەجگار کاک شـەمـاڵ ناوبانگی هونەری دەرکردبوو وەیەکێ لە تۆمارگە بەناوبانگەکانی ئەو زەمانە کە تۆمـارگـەی چەقـمـەقچی بوو کە داوای کـرد گۆرانییـەکـانی تـۆمـار بکرێت لەسـەر قەوان. ئیتر پێکەوە شـەو و رۆژ کارمـان دەکرد بۆ جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوە تا بتوانین جوانترین بەرهەم بەدەست بهێنین.

لەم کاتەدا کە زۆر پێویستمـان بە دەنگی کچ بوو بۆ تۆمارکردنی ئەو کۆمەڵە گۆرانییە کە گۆرانی هەرێ لەیلێش لەگەڵ ئەمانە تازە کرایەوە، جا سێ کچ لە ئێستگەی عـەرەبی ئامادەبوون بەشداری ئـەمە بکەن بە تایبـەتی ئەو کچەی کە زۆر دەنگی خۆش بوو و گۆرانی هەی بەردە بەردە دەڵێتەوە یەجگار بلیمەت بوو و کــوردیشی نـەدەزانی و لەگــەڵ ئـەوەشــدا هـەردوو چاوی کــوێر بـوو وە من هەوڵێکی زۆرم لەگەڵ دەدا تا توانیم تەلەفوزی وشـەی گۆرانییەکانی فێر بکەم.

دوو ساڵ دوایی شۆڕشی ١٤ی تەمووز من بڕیارم دا کە ئێستگە بەجێ بهێڵم و بگەڕێمەوە بۆ سلێمانی و بووم بە مامۆستای ناوەندی پیشەسازی، بەڵام کاک شەماڵ هەر لە بەغدا مایەوە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە تۆزێک لەیەک دووركەوینەوە، بەڵام هەردەم پێوەندیمان هەبوو لەیەک نەبڕاوین، من دەچووم سەردانم دەکرد و یا ئەو دەهات بەسەردان بۆ سلێمانی. من و کاک شەماڵ خولیایەکی تازە کەوتە سەرمانەوە ئەویش ئەوەبوو کە وڵات بەجێ بهێڵین و بچین بۆ ئەمەریکا.

ئەو ئاواتەمان هاتە دی کاک شەماڵ لە ساڵی ١٩٦١دا کوردستانی بەجێ هێشت وە ڕووی کردە ئەمەریکا، بەڵام من بەهۆی چەند شتێکی تایبەتییەوە نەمتوانی دەست لەکار بخەم «استقاله بکەم» لەو کاتەدا بۆیە لە ساڵی ١٩٦٢دا هاتم بۆ ئەمەریکا و دیسانەوە لە شاری واشنتۆن یەکمان گرتەوە وە پێکەوە لە شوقەیەکی بچووکدا دەژیاین.

هەرکە گەیشتمە واشنتۆن شەماڵ وتی: هەڵمەت وەرە ئێستا دەتبەم بۆ جێگەیەکی خۆش وەکو لای خۆمان وایە کە بردمی مەتعەمێکی شەرقی بوو هی پیرەژنێکی عەرەب بوو ژنەکە و مەتعەمەکە ناوی دایە ئایشە بوو «مامە عائیشە» کە زۆر نزیک بوو لە ماڵەکەمانەوە جا لەوێ شەماڵ عوودەکەی دەرهێنا و دەستی کرد بە عوودلێدان وە مامە عائیشە زۆری خۆش دەویست، دەیویست فێری مۆسیقای بکات و حەزی لە هونەر بوو. ئای چەند یادگارێکی خۆشمان هەبوو وە ڕۆژگارمان پێکەوە دەبردە سەر و شارەکانی تری ئەمەریکا دەگەڕاین، هەرکە دەگەیشتینە لای ناوی شارێکەوە کە لەسەر تەختەی تایبەتی ناوەکە نووسرابوو کاک شەماڵ دەیگوت: دەبێت ئۆتومۆبێلەکە بوەستێنی، بۆ ئەوەی کاک شەماڵ رەسمی بگرێت لە تەنیشت ناوی شارەکە بۆ یادگار کاک شەماڵ هەرچەندە سەرگەرمی خوێندن بوو و توانی شەهادەی ماجستێر وەربگرێ لە تاریخ و مۆسیقای ئیسلامیدا لە جامعەی ئیندیانا، بەڵام هەرگیز کوردایەتی خۆی لەبیر نەکردبوو وە چەندەها چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکرا لەسەر ئەمەریکییەکانی ناوچەکە و باسی هونەری کوردی

دەکرد وە هەوڵی دەدا کە هونەری کوردی بە وڵاتە بێگانەکان بناسێنێت.

پاش ئەوەی خوێندنی تەواو کرد یاد و خولیای کوردستان کەوتە سەری و بڕیاری دا بگەڕێتەوە وڵات، لە دانشگەی سلێمانی دامەزرا و جارێکی تریش لەیەک پچڕاین و لەیەک دوورکەوتینەوە، چونکە من بڕیارم دا لە ئەمەریکا بمێنمەوە و تەنیا یەکجار لە ساڵی ١٩٧٦دا پاش ١٤ساڵ گەڕامەوە بەسەردان وە کاک شەماڵم دییەوە و پێک شادبووینەوە.

زۆر بە شانازییەوە دەڵێم کە کاک شەماڵ هاوڕێیەک و دڵسۆزێکی یەجگار ئازیزی من بوو، دڵنیاشم لەوەی کە هەموو کوردێ شانازی بەم هونەرمەندە بەرزەوە دەکات. مرۆڤ لە ژیاندا چەندەها یادگاری خۆش و ناخۆشی یەتە بەردەم. ئاخ لەو ڕۆژە ناخۆشەی ساڵی ١٩٨٧ کە هاوین بوو لە ماڵەوە دانیشتبووین لە واشنتۆن ڕۆژێکی گەرم هەر وەکو ئەو ڕۆژە وابوو کە یەکەم ڕۆژی دەست پێکردنم بوو لە ئێستگەی بەغدا وەدەست پێکردنی ئەو برایەتییە و دڵسۆزییە بوو لەگەڵ کاک شەماڵدا، ویستمان قسە لەگەڵ کەسوکار بکەین لە کوردستان بە تەلەفۆن و لە ناو هەواڵەکان هەواڵی کۆچی دوایی هاوڕێ و برای خۆشەویستمیان پێ ڕاگەیاندم وە دەستم کەوتە لەرزین و ئەژنۆم چۆکی دا وە تەلەفۆنەکەم لەدەست کەوتە خوارەوە و نەمدەزانی ئایا خەوە، یان خەیاڵە تۆ بڵێی ڕاست بێت؟ و چەند فرمێسکی خوێناوی لە چاوما قەتیس بووبوو نەدەهاتە خوارەوە و نەشدەگەڕایە دواوە و دڵم تەزیبوو.

سێ چوار مانگ دوای ئەو هەواڵە دڵتەزێنە خوا کوڕێکی پێ داین و بە یادی کاکە شەماڵەوە کوڕەکەم ناونا شەماڵ تا هەموو کات ناوی برای دڵسۆز و ئازیزم لەسەر دەم بێت و ناوی شەماڵ کوێر نەبێتەوە و خوالێخۆشبوو جێگەی بەهەشت بێت.

پێشکێشە بە نەوەکانی شەماڵ

سائیبی هونەرمەندی کورد

واشنتۆن ٢٠٠١/٣/١٠

# شەماڵ سائیب و یادەوەرییەک

د. شاخەوان نامق شوان

شەماڵ سائیب لاوێکی هونەرمەندی کورد بوو کە لە ساڵانی پەنجاکان و شەستەکاندا شۆڕشێکی مۆسیقی کوردی هێنایە کایەوە. لاوێکی خوێندەواری راستەقینە بوو، دەنگخۆش و خۆشەویست بوو لەلای خەڵکی کورد و عەرەبیش. شەماڵ هەر لە منداڵییەوە خەریکی مۆسیقا بووە، زۆر لە ئالەتەکانی مۆسیقای زانیوە وەک عوود، کەمان، ئەکوردیۆن... هتد بەداخەوە وەک خۆی دەیگوت خزمەکانی هەموویان هاندەر نەبوون بۆ بەردەوامبوونی لەگەڵ مۆسیقادا. من کە شەماڵ سائیبم لە نزیکەوە ناسی ساڵی ١٩٥٧ بوو لە ساڵی ١٩٥٨ مدیری بەشی هونەری ئێستگەی عێراق بوو بەشی کوردی، لە هەمان کاتدا مۆسیقای دەخوێند لە «معهد» ئەنستیوتی هونەرە جوانەکان لە بەغداد شەوان، بە رۆژیش خوێندکاری کۆلێجی ئاداب بوو.

شەماڵ نەک هەر هونەرمەندێکی بە توانای دەنگخۆش بوو، بگرە زۆر فۆلکلۆری کوردی تێگەیشتبوو و پێی خۆش بوو هاندەری هەموو گۆرانیبێژەکانی ئەو سەردەمە بوو، پشتی دەگرتن خۆشی دەویستن زۆر جار وا ڕێک دەکەوت دەچووم بۆ لای بۆ ئێستگەی کوردییەکە و یان لەگەڵ خۆی دەیبردم. لە نزیکەوە ئاگەداری توانای شەماڵ بووم لەبارەی هونەری کوردییەوە. شەماڵ شارەزاییەکی زۆر باشی هەبوو دەربارەی مۆسیقا بە گشتی نەک هەر مۆسیقای رۆژهەڵات و ناوەڕاست، بگرە جیهانییش.

شەماڵ گەلێک هەوڵی دەدا کە رێبازێکی نوێ بۆ مۆسیقای کوردی بدۆزێتەوە کە لەلایەکەوە تەواوکەری مۆسیقای فۆلکلۆری کوردی بێت و

بەشێوەیەکی تازە دای بڕێژێت، خۆشەویستی شەماڵ بۆ فۆلکلۆری کوردی لە ڕادەبەدەر بوو. من لە ڕێگەی ئەوەوە حەسەن زیرەکم ناسی، شەوێکی هاوینی ساڵی ١٩٥٨کە دەعوەتی کردبووم بۆ ماڵەکەی خۆی، باخچەیەکی بچووکی هەبوو لە خانووەکەیدا کە چووم بینیم کە شەماڵ بەتەنیا نەبوو، بەڵکو کوڕێکی باریکەلەی کورتەباڵای لا بوو هاوکاری شەماڵی دەکرد بۆ ئامادەکردنی خواردن و ڕازاندنەوەی مێز. من وام زانی ئەم کوڕەی بەکرێ گرتووە ئیشی بۆ بکات پاش نانخواردن داوام لە شەماڵ کرد کە عوودەکەی بهێنێت و شەوەکە خۆش بکات بەدەنگ و ئاوازە خۆشەکانی. شەماڵ دەستی پێ کرد چەند گۆرانییەکی خۆشی وت پاشان بانگی ئەو کوڕە باریکەی کرد کە ناوی حەسەن بوو وتی: حەسەن ئادەی چەند گۆرانییەکمان بۆ بڵێ. شەماڵ دەستی کرد بە عوود لێدان بە ئاوازی فۆلکلۆری کوردی لە پڕ حەسەن دەنگی لێ هەڵبڕی وەک کەوی کوردستان چریکاندی بە ڕاستی من یەکسەر چوومە دنیایەکی تر، دنیایەکی پڕ لە هەست و سۆز و خۆشی، دەنگی ئەوەندە خۆش بوو واقم وڕما. پاش تەواوبوونی گۆرانی یەکەم هاوارم کرد دەمخۆش وە بە شەماڵم وت: «کاکە شەماڵ ئەم گەوهەرەت لە کوێ پەیدا کردووە؟» وتی: ئەم کوڕە ناوی حەسەن زیرەکە گۆرانیبێژ و هونەرمەندی کوردستانی ئێرانە ئێستاکە بە قاچاغ هاتووە بۆ عێراق و لە بەغدایە هەوڵ دەدەم ئیقامەی بۆ وەربگرم و لە ئێستگەی کوردی بەغدا دای بمەزرێنم. ئیتر ئەوە بوو ئەو شەوەمان بە خۆشی بردەسەر کە قەت لە یادم ناچێت.

پاشان شەماڵ ئەو کوڕەی دامەزراند لە ئێستگەی عێراق بەشی کوردی، بە داخەوە شەماڵ کوردستانی بەجێ هێشت لەبەر زوروفی ناخۆشی ئەو کاتەی عێراق و ئاوارەبوو بۆ ئەمەریکا، ماوەیەکی زۆر لە ژیان دوور بوو لە کوردستان کە دۆڕاندنێکی گەورە بوو بۆ شەماڵ دوور لە هونەر و خەڵکی کوردستان کە ڕەنگە ئەگەر لە کوردستان بمایەتەوە بەردەوام بوایە لە باری پێشخستنی مۆسیقای کوردی و ئێستا مۆسیقای کوردی زۆر دەوڵەمەندتر دەبوو.

# شەماڵ سائیب و چەند بیرەوەرییەک

تاهیر کرمانج

مامۆستای هونەرمەند شەماڵ سائیب ئەو مرۆڤە مەزنە بوو کە هەموو ژیانی خۆی لە خزمەت بواری مۆسیقا و گۆرانی کوردی بەخشی. لە کاتێکدا تێکۆشان و ئەو پەیامە پیرۆزەی هەڵگرت، یەکەمین کورد بوو کە لە بواری مۆسیقادا بخوێنێ، ئەگەر بۆ ئەو زەمەنە بگەڕێینەوە چەندە زەحمەتە بۆ یەکێک کە لە بنەماڵەیەکی ناوداری کوردەواری بێت ئەم ڕێگەیە بگرێتەبەر، ئایا چەندە ژیانی پڕ دەبێ لە گرفت و ناخۆشی، بەتایبەت لە نێو کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو نەخوێندەواری ئەو کاتەدا دەبێ ئەم مرۆڤە بەکام چاو سەیر بکرێ، لەبری ئەوەی هاندەر و هاوکاری هەبێ. خۆ لە هەموو کاتێکدا دەوروبەر کاریگەریی تەواوی دەبێ بەسەر تەواوی هەست و سۆز و دەروونی مرۆڤەوە.

هونەرمەندی گەورە مامۆستا شەماڵ سائیب لەو ڕێچکە تەنگەوە هەنگاوی هەڵهێنا، گوێی نەدا بە هیچ ئەو داوونەریتە ژەنگ گرتووانە و بوو بە هەڵگری مەزنترین پەیامی هونەری کە ئەویش خۆی لە ئاواز و مۆسیقا و گۆرانیدا دۆزییەوە، شەماڵ سائیب جیا لە هونەرمەندانی بەر لە خۆیی و سەردەمی خۆی دەستی پێ کرد، وەک نوێخوازێک شۆڕشێکی نوێی بەرپا کرد لە ناو ئاواز و مۆسیقا و گۆرانی کوردی بە تایبەت گرینگییەکی تەواوی بەگۆرانی دووقۆڵی لەگەڵ ئافرەت و گۆرانی بە کۆرسی ئافرەت دەدا، ئەمەش وای کرد نەک تەنیا سەرنجی جەماوەری کورد ڕابکێشێ، بگرە لەگەڵ یەکەم گۆرانی لە ئێزگەی کوردی بەغدا سەرنجی تەواوی جەماوەری عەرەبیشی ڕاکێشا، ئەوە بوو گەورەیی و داهێنانی مامۆستای هونەرمەند شەماڵ سائیب زۆر بە میهرەبانی مامەڵەی لەگەڵ مۆسیقا و ئاواز و شیعر و گۆرانیدا دەکرد

ئینسـانێک بـوو یەک پارچە جـوانی و عـەشق و خـاوێنی و ڕووناکی و هـەر بەو بیروباوەڕەش هـەناسـەی دەدا و خزمەتی دەکرد.

پەنجـەی بۆ ژێی عـوودەکـەی دەبرد و جـوانتـرین ئاواز دەڕژا لەو هەسـتـە خـاوێنەی ڕوونتـرین کـانی شـیعر هـەڵدەقـولا... ڕەسـەنترین گـۆرانی شـەپۆلی دەدا، شـەماڵ سـائیب هـەمیشـە هیوا و ئاواتی ئەوە بوو هونەری کوردی بەرەو پێـشـەوە ببـات بۆ ئەوەی بگاتە ئـاسـتی هونەری بێگانە. هـەر بۆیـەش بە شێوەیەکی ئەکادیمی دەستی پێ کرد. هەوڵەکانی پڕبوون لە گەشە و داهێنان هـەمـوو ژیانی خـۆی بە تاسـەوە بۆ ئەو عـەشق و خولیـایە تەرخـان کـردبوو هـەر بۆیەش لە ڕێی ئەو هـەنگاوە جدیانەوە توانی سـەرکـەوتن تۆمـار بکات و ببێـتـە قـوتابخـانەیـەکی نوێخـوازی لە گۆرانی ڕەسـەن و پڕ بەهـای کـوردی. شـەمـاڵ سـائیب زۆر هەقی دەدا بـە ئاوازەکـان و مـافی شـیـعـرەکـانیـشی لـە نێـو گۆرانییەکاندا دەپاراست.

سـروشت و جـوانـی و عـەشق سـەرچاوەی داهێنانەکـانی ئەو هـونەرمـەندە مـەزنە بوون. بەداخەوە مـن زۆر درەنگ مامـۆستـا شـەماڵ سـائیبم ناسـی چەند سـاڵێکی کـەمی لە ژیانـدا مـابوو ئەویش بـە دەست نەخـۆشـیـیـەوە دەیناڵاند، شەماڵ سائیب شاری هەولێری زۆر خۆش دەویست چەندین جار گوێم لێ بوو کە خـۆی دەیگوت: من کـابرایـەکی هەولێریم هـەر کـاتێ مـردم وەسـیـەت بێ لە هەولێـر بمـنێـژن چونکە خـەڵکی هەولێـر زۆر ڕێـز لە هونەرمـەنـدان و خـەڵکی غـەریبـە دەگـرن زۆر هـونەردۆستن زۆر خـانەدانن، بۆ ئەوە دەمـەوێ لە هـەولێـر بمنێژن وەک وەفـایەک بۆ هـەولێر تاکو جـەسـتـە و ئێـسـقـانم ببێـتـە بەشـێک لە خـاک و خـۆڵی هـەولێـر، هـەمـیـشـە دەیگوت: من نـازانم چۆن قـەرزی بنەمـاڵە و تەکـیـەی «شـێخ سـەلاحـەدین بـەرزنجی باقـلانـی» بدەمـەوە «کـە دەکـاتە بـاوکی شـاعـیر عـەبدوڕەحـمـان بێلاف» ئەوەندە خـزمـەتیـان کـردووم لـە مـاڵی خـۆیان، لەسـەر مـەسـروفی خـۆیـان چاکـترین نـەخـۆشـخـانە و دوکتـۆری بەغـدایان پێ کـردووم، لەو شـێـخـە دەسـتـکراوەتر و ناندەرتر و ڕاسـتگۆتـر و دنیـادیدەتر و خاوەن تەجروبەترم نەدیوە.

مامۆستا شەماڵ سائیب ئەوەندە عیزەتی نەفسی بەرز بوو هیچ شتێکی بە خۆڕایی لە کەس وەرنەدەگرت، بۆ نموونە جارێکیان ڕای سپاردم دوو کیلۆ گۆشتی بۆ بکڕم کە ئەو کاتە نەیدەکردە هیچ، هەزاران سوێندم خوارد پارە وەرناگرم بە هیچ شێوەیەک نەیسەلماند.

جارێکی تر لای بووم مامۆستا ڕەسوڵ گەردی هاتە لای یەک کیلۆ گەزۆی سلێمانی بۆ هێنا، مامۆستا شەماڵ گوتی: کاک ڕەسوڵ بە چەندت کڕیوە؟ گوتی: کاکە شەماڵ خۆم سەفەری سلێمانیم کرد لەوێش ئەوانەم بۆ خۆم کڕی نەک بۆ تۆ کاتێ هاتمەوە لە ماڵەوە تۆم کەوتەوە بیر ئەوەندەم بۆ تۆ هێنا، مامۆستا شەماڵ لە وەڵامدا گوتی: بەخوای دەبێ پارەکەم لێ وەربگریتەوە، مامۆستا ڕەسوڵ گەردی گوتی: کوڕم شەماڵ کەنگی چاوەش ئەوەندە شەریف بووینە پارەی عالەمێ بدەنەوە، مامۆستا شەماڵیش دەستی کردە پێکەنین گوتی: کاکە مادام وایە بە دیاری بۆ جەنابی شێخ سەلاحەدین باقلانی دەبەم. مامۆستا ڕەسوڵ گەردی گوتی: بە قوربانی جەنابی شێخ سەلاحەدین باقلانی بم خۆ ئەمنیش هەر دەروێشی ئەوم، دەزانم سەدی سەد ئەویش دابەشی دەکاتە سەر دەروێشان، ئەمن خەمی ئەوەم نییە دەیدەیە جەنابی شێخ، بەڵام خەمی ئەوەمە دەروێش قوزەڵقورتی دەکەن، دەشزانم ئەو قسەیەش عەرزی جەنابی شێخی دەکەیت... بیبە کاکە بیبە... عافیەتی دەروێشانی بێت گەزۆی سلێمانی.

## بەیادی شەماڵ سائیبی شوان لە شەوانی لە یلێدا

ئامانج غازی

دوێنێ ٢١ ساڵ بەسەر کۆچی ئالۆزی هونەرمەندی ئێرە و ئەوەێ و زمانی دا یەلۆگی کوردی و ئینگیلزی مامۆستا شەماڵ سائیب تێپەری، هاوار هاواری شەماڵ چ بۆ دروست بوونی قاڵبی گۆرانی سالانی پەنجاکان و شەستەکان تەوژمێکی گەورەی فیکری هونەری بوو لەمەڕ بەدواداچوونی ئەو بیرۆکە و ئایدیایانەی لە مێشکی جەنجاڵی خۆیدا چەکەرەیان دەکرد، جورئەتی هونەری و دژەوەستانی هونەرمەند لەگەڵ دیواری ئاسنینی کۆمەڵگەی دوور لە مەدەنیەتی دوێنێ دووریەکی لە سیفەتە دیارەکانی شەماڵی بزربوو گۆرانی (دوێت) و ئاواکردنی ئەو گۆرانیانە بە زمانێکی کوردی غەیرە فۆنەتیک قۆناغێکی گەورەی ڕاچڵەکاندی فیکری ئافرەتی کلۆڵی کوردی بوو، رۆشنبیریەتی شەماڵی ڕەها لە دابونەریتییە سواووەکانی و سەفەرە بێ ئەژمارەکانی بۆ دەرەوەی عێراق تووشی دووحاڵەتی هونەری جیاوازی کردبوو، هونەر لەوێ بەو هەموو هەیبەتەوە ریز لێگرتنە بەرامبەر هونەرێک، لێرە لە پەراوێزی گشتی بابەتەکانی دەنگی "شەماڵی سائیب"ی یاخی هەتا لە ژیانی ڕۆژانەی خۆی دا هەرگیز نەکەوتە بەرمقاشی بێ ڕەحمی ئامێز و دەست و پەنجەی بێگانە بە کورد کاریگەریەتی ژینگەی هونەری و لانکەزایی پەروەردەکردنی ئەم دەنگە هەمیشە لە بەردەم دادگای روحی هونەری "شەماڵ"دا بووە تایبەتمەندی هونەری glesando لەم دەنگەدا ئەم گۆرانیانەی زۆر بەهەیبەت بەرچاو دەکەوێ کە Tempo لە هەندێ شوێندا دەبێتە poc oa-poco حەسرەت بۆ ئەو ڕۆژانەی "شەماڵ"ی تاک و تەنیا لە یەکێک لە ژوورەکانی ئەم هەولێرە بەبەزەییە خەریکی خۆ خۆ خواردنەوە بوو کەسێک

نەبوو کەمێک لەو ئازارانەی هەڵمژی جگە لە "بێلاف"ی شاعیری بە ئەمەکی گۆرانیبێژە بێ ئەمەکەکانی ئەمڕۆ نەبێ، هونەرمەندان یەک لە دوای یەک بەرەو کاروانی ئەبدیەت دەڕۆن کەچی «ئێمە هێشتا هەر خەریکی مسئەلەی دەورین» وەک بمرێت بۆ ئەو ڕۆژانەی ژیان تەنها بۆ ئەو ساتانە تەرخان کرابوو کە مرۆڤ لە بەردەم ئاوێنەکانی روحدا شەرمی لەبەر دەوام بوونی دەکرد خۆماڵیەکانمان بە پردێکی پڕ خۆشەویستی هونەری جیهانی، دەستەبەرکردنی زانستی موزیک و ئاوێنە کردنی لە کارە هونەریەکانماندا ئەو دەوڵەمەندییە پڕ بەخششە دەداتە کارەکانمان کە بەبێ پەساپۆرت سنوورەکان دەبەزێنن، ئەرکی هەنووکەیی بژەن و ئاوازدانەوو دابەشکردنی موزیکی کورد ئەمرۆ لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە ئێمە ئەو توانستە هونەریەمان هەبێ کە موزیک وەک رووتەڵەکترین هونەر بە جەماوەر بناسێنین چەمەو ئەفسانەو دەقە پڕ تراژیدیاکانی نێو واقیعی میللەتی خۆمان بەئۆرکستراییەک ببسترێت کە بتوانێ رۆحی سەردەم فەراهەم بکات. لەم ڕۆژە پڕ شکۆیەدا تەمووڕ و زوورنا و دەهۆڵ مەستوور و باڵەبان و نەمی شمشاڵی و کەڕەنالی بخەینە نێو باوەشی و یادی ئەو هونەرمەندە مەزنانە بکەینەوە کە لەپشت کالۆس و پەردە ڕەشەکانی نێو کۆمەڵگاوە توانیان میلۆدییە ڕەسەنەکانمان بپارێزن.

تێبینیی: لانکەزای هونەرمەندان لە سەردەمی جەنجاڵی و جەبەرواتی بەعسدا لە شاری هەولێر ماڵ و دڵی گەورەی شێخ سەلاحەدین باقلانی رۆحی عەبدولرحمان بێلافی کوڕی بوو کە بێ پاداشت خزمەتی گەورەی هونەرمەندانیان دەکرد و لەو دیو سنووری بێ ئارامییەوە دەیانپەراندەوە بۆ نێو هەناسەکانی ئۆخەی و ئارامییەوە.

# پێداچوونەوەیەک
# بە نووسینەکانی "شەماڵ سائیب"ی هونەرمەندا

یاسین قادر بەرزنجی

هونەرمەندی نەمر شەماڵ سائیب خزمەتێکی مەزنی هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی کردووە، کاتێک بەرهەمەکانی خۆی بەرەو هەنگاونان و بەرەو پێشەوە چوون بوون لە دنیای ئاواز و تام و بۆی گۆرانی کوردیدا. ئەوەی مەبەستی ئێمەیە، بەم گەشت و پێداچوونەوەیە خوێنەری خۆشەویستی ئەمڕۆمان لە نووسینەکانی ئەم هونەرمەندەمان ئاگەدار بکەین و بابەتەکەشمان ببێتە سەرچاوەیەک بۆ بەردەستی ئەو نووسەرە بەڕێزانەی بە توێژینەوە و نووسینی بابەتی مۆسیقا و گۆرانی کوردیمانەوە خەریکن.

هیوادارم کارەکەم مەبەستی خۆی بگەیەنێ و بەمەش یادێکی شیرینی شەماڵ سائیب بکەینەوە. سەردەمی لاوێتی و خوێنگەرمی ئەم هونەرمەندە دڵسۆزە، تەرخان بووە بۆ خزمەتی هونەری نەتەوەکەی، ئەوەتا دەبینین لە پاڵ شاکارە گۆرانییەکانی و تۆماری ئاوازە زیندووەکانیدا کتێبخانەی کوردی بەرهەمی نووسینی شەماڵی هونەرمەندی تێدایە و ویستوویەتی بە قەڵەمیش خزمەتی زیاتر بە هونەرەکەی بگەیەنێت، دیارە نووسینی ئەو لە سەردەمێکدا بووە کە دەربارەی گۆرانی و مۆسیقا دەگمەن بووە، لەبەر ئەوە نرخی نووسینەکانی گەورە و نەمرن.

## بەرهەمەکانی لە کۆواری گەلاوێژدا:

یەکەمین نووسینی هونەرمەند شەماڵ سائیب لە ژمارە ١٢ی ساڵی نۆیەمی

کۆواری شکۆداری «گەلاوێژ»دایە لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٨دا، نووسینەکەی وتارێکە بەناوی «مۆسیقا»وە و مامۆستا سەجادی لە گۆشەی ناونراو بە «ڕەنگین»دا بۆی بڵاو کردووەتەوە. شەماڵی لاوی حەڤدە ساڵ لە بارەی هونەری مۆسیقا دواوە و نووسیویەتی: «ئەگەر بێتو سەرنجێک بدەینە هەموو زمانەکانی گێتی ، دەبینین کە بەرزترین زمان چەند ملیۆنێک زیاتر لێی تێ دەگات، بەڵام مۆسیقا زمانی هەموو ئادەمیزادی سەر زەمینە، دەتوانین بشڵێین تەنانەت حەیوانیش هەستی پێ دەکات.» پاشان لەم بابەتەوە دواوە: «کاری مۆسیقا لەسەر مرۆڤ، مێژووی ئەم هونەرە، چارەکردنی نەخۆشی بەهۆی مۆسیقاوە، بایەخی ڕۆژئاوا بە مۆسیقا، پایەی بەرزی مۆسیقاژەن و بەنموونە هێنانەوەی «ترومەن»ی سەرۆکی ئەوسای ئەمەریکا کە مۆسیقاژەن بووە پێوەندی نیشتمان پەروەری نێوان مرۆڤ و مۆسیقا و گەل، دواکەوتوویی ئەو هونەرە ڕەنگینە لای ئێمەی کورد .....».

ئەم وتارە، لە لاپەڕە ٢٥ ـ ٢٧ی کۆوارەکەدایە.

ـ ژمارە ٤ی ساڵی دەیەم، نیسانی ١٩٤٩

هەر بە ناونیشانی «مۆسیقا» لەلاپەڕە ٤٣ ـ ٤٦ی ئەم ژمارەیەدا کاک شەماڵ نووسینێکی بڵاو کردووەتەوە و تێیدا باسی پێویستی میللەتەکەمانی کردووە بە پسپۆڕی تایبەت بە مۆسیقا، هەروەها ئەو هۆیانەی دەستنیشان کردووە کە بوونەتە مایەی دواکەوتنی مۆسیقا لە وڵاتی ئێمەدا، لەو هۆیانەش: پیشەی مۆسیقازان و گۆرانیبێژانی زوومان کە تەنیا بۆ چێژ وەرگرتنی خۆیان بووە و لەگەڵ ئەوەشدا بۆ بەرژەوەندیی خۆیان ستایشی خاوەن دەسەڵات و دەوڵەمەندیان کردووە، واتە هونەرەکەیان بۆ زۆربە نەبووە و خەڵکیش لەوەوە ئەو کەسانەیان بە لۆتی و شایەر ناوبردووە، هەناسە کورتیی ئەوانەی بە مۆسیقاوە خەریک دەبن، چونکە جارێ خەڵکی لەوە تێ نەگەیشتوون کە مۆسیقاش زانستە و ساڵانێکی تەمەنی دەوێ و میریش وەک پێویست ڕەفتار بۆ ئەم بەشە گرینگە و کارگەرانی ناکات.

ئینجا نووسەر لە دەوری هونەرمەندی راستەقینە دواوە و وتارەکەشی بە وتەیەک کۆتایی پێ هێناوە کە دەڵێ: «بە کورتی دەڵێم، مۆسیقا و هەموو رەنگەکانی تر «واتە هونەرەکانی تر»، پایە و خۆشی و پێشکەوتنی وڵاتە خانووش بێ پایە ناکرێ».

* ژمارە (٦)ی ساڵی دەیەم، حوزەیرانی ١٩٤٩

لە مەیاندا بە چوار لاپەڕە بە ناونیشانی «ئاواز و گۆرانی کوردی» باسێکی بڵاو کردووەتەوە کە تێیدا لە گیروگرفتی نەبوونی ئاوازدانەری کورد دواوە، هەروەها ئەو راستییەشی دەرخستووە کە وتنەوەی ئاوازە رۆژهەڵاتی و بێگانەکان بە شیعری کوردییەوە هەرگیز نابنە مۆسیقا و ئاوازی رەسەنی کوردی، پاشان وەکو هونەرمەندێک قسەی لەمەڕ چۆنیەتی ئاوازدانان کردووە و هەلومەرجی ئاوازە کوردییەکان لەوەدا دەبینێت کە خەڵکی لایان خۆش و پەسەند بێت و چێژی لێ وەربگرن، هەروەها پەنجەی بۆ شیعری گۆرانی درێژ کردووە و تەبایی ئەو شیعرانە و ئاوازەکانی نیشان داوە ... لە باسی شیعری گۆرانییەکاندا رەخنە لەو جۆرە شیعرە زەق و ناپەروەردەییانە دەگرێت کە کاری خراپیان بۆ خێزان و خووڕەوشتی منداڵ هەیە هەر لەو گۆشەیەوە ڕوانیویەتە هەڵبژاردنی شیعر و دەڵێت: «وە نەبێ کورد شاعیری نەبێ، بەڵکو شاعیری بەرزی تیا هەڵکەوتووە، ئێمە کە مەولەوی و بێسارانیمان هەبووبێ و پیرەمێرد و عەبدوڵا بەگی گۆرانمان هەبێ، ئینجا بۆچی لە جیاتی ئەو شیعرە ناشیرینانە شیعری ئەم شاعیرانە بەکار نەهێنین و نەیانژێنینەوە».

* ژمارە ٧ی ساڵی دەیەم تەمووزی ١٩٤٩

لە لاپەڕەکانی ٤٨ ـ ٥٤ی ئەم ژمارەیەدا، نووسەر لە شێوەی چاوپێکەوتنی هونەریدا شەش پرسیاری ئاراستەی سێ مامۆستای هونەرمەندی عێراقی کردووە، کە ئەوانیش «حەنا پەترۆس» و «حەقی شبلی»و «غانم حەداد»ن بە گشتی پرسیارەکانیش دەربارەی ژیانی هونەرییان و گیروگرفتەکانیەتی. ئەوانیش بەوردی وەڵامیان داوەتەوە.

* ژماره ٨ی ساڵی دەیەم، ئابی ١٩٤٩

بابەتی ئەم ژمارەیەی نووسەر کە بەناوی «پرسیار و وەڵام»ەوەیە و پێنج لاپەڕەی کۆوارەکەی گرتووەتەوە، تەواوی ئەو گفتوگۆیەیە کە لەگەڵ هونەرمەندی مۆسیقازان «سەلمان شکور»دا کردوویەتی، واتە ئەو هونەرمەندە کوردەی ئەودەمە مامۆستای پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا بووە، سەرجەمی گفتوگۆیەکەشیان سەبارەت بە ئامۆژگاریکردنی قوتابیانی هونەر و پیشەی هونەرمەندێتی و خەون و هیوا و هونەرەکەیانن.

نووسینەکانی لە رۆژنامەی «ژین»دا:

رۆژنامەی «ژین»ی هێژا، بەدرێژایی تەمەنی و بە تایبەت لە سالانی پەنجاکاندا، رەنگدانەوەیەکی گەشی باری رۆشنبیری کوردی بووە، دەبینین گەلێک گۆشەی تایبەت بە لقەکانی ئەدەبیات و هونەرە جوانەکان لەسەر لاپەڕەکانی ئەم رۆژنامەیەن لەوەوبەر لە هیچ رۆژنامەیەکی تری کوردیدا نەبوون یەکێک لەو گۆشە بەنرخانە گۆشەی «بەشی مۆسیقا» بووە سەرپەرشتی کارەکەشی هونەرمەندی خوالێخۆشبوو «شەماڵ سائیب» بووە، ئەم گۆشەیە لە سالانی ١٩٥٦ ـ ١٩٥٨ی رۆژنامەکەدایە.

## نووسینەکانی کاک شەماڵ لەم گۆشەیەی رۆژنامەی «ژین»دا ئەمانەن:

* ژمارە ١٣٢٣، ١٩٥٦/١١/٢٩ «بەشی مۆسیقا»:

نووسەر لەم ژمارەیەدا لە مانای وشەی مۆسیقا دواوە، پاشانیش سوودی مۆسیقا، دەوری مۆسیقا لە ئاین و کەنیسەکاندا، بایەخی لەلای پێغەمبەر (د.خ) و چۆنیەتی خوێندنەوەی قورئان بە ئاوازێکی مۆسیقایانە و دەنگ و ئاوازی قورئانخوێنەکان، گرینگیدانی ولاتانی رۆژئاوا بەم هونەرە.

* ژمارە ١٣٢٤، ١٩٥٦/١٢/٦ «کوردستان و مۆسیقا»:

تێیدا دەربارەی هونەری مۆسیقای ئاوێنەی ژیانی ئادەمیزاد دواوە و کورتەیەکی سەبارەت بە چۆنیەتی مۆسیقای میللەتان نووسیوە. لەم بارەیەشەوە دەڵێ: «ئەگەر سەرنجێک بدەینە مێژووی هەر میللەتێک سەیر دەکەین ئاواز و گۆرانییەکانیان زمانی حاڵیان و سەرگوزشتەی ژیانیان بووە، پێشینان وتوویانە ئەگەر دەتەوێ هەر میللەتێ بە راستی بزانی گوێ لە مۆسیقا و گۆرانییان بگرە».

ئینجا هاتووەتە سەر باسی گۆرانی و مۆسیقای کوردی و جۆری ئاوازەکانی بە پێی هەڵکەوتنی جوگرافی نیشتمان و بەسەرهاتە مێژووییەکان دیاری کردووە، لەوەش دواوە کە کاری میللەتانی دراوسێ لەسەر هونەری مۆسیقای کوردی هەبووە، هەروەها پەنجەی بۆ تایبەتێتی چەند ئاوازێکی ڕەسەنی کوردی درێژ کردووە و بۆ نموونەش مەقامە کوردییەکانی وەکو لاوک و حەیران و قەتار و خاوکەر و ئەڵڵاوەیسی هێناوەتەوە، دواجار لەو بەستە بەجۆشانە دواوە کە ڕەنگدانەوەی شاخ و ئاووهەوا و دیمەنە جوانەکانی کوردستانن.

* ژمارە ١٣٢٨، ١٩٥٧/١/١٠ «مۆسیقا و ئافرەت»:

نووسەر لەم نووسینەیدا باسی لە ئافرەت و جوانی کردووە، ئەو جوانییەی لە ئاواز و گۆرانییەکانیدا دیارن، ئافرەتیش کە سەرچاوەی ئیلهامی هونەرمەندان و ئاوازدانەرانە، پاشان لە عەشق و دڵداریی مۆسیقازانەکان و بلیمەتەکانی وەکو شۆپان و بێتهۆڤن و ئەشتەرمبرگ دواوە.

* ژمارە ١٣٥٠، ١٩٥٧/٦/٢٧ «گۆرانییە کۆنەکانمان»:

باس لە گۆرانییە کوردییە کۆنەکان دەکات، ئەو گۆرانییانەی بە هۆی شیعر و ئاوازی کوردانەیانەوە تایبەتێتی خۆیان هەیە و لای بیستەرانی کورد پەسەند و دڵگیرن. پاشان ئاماژەی بۆ بوونی تیپێکی گۆرانی و مۆسیقای کوردی پێشکەوتوو کردووە کە بوونی گەلێک پێویستە بۆ زیندووکردنەوەی ئاواز و گۆرانییە کۆنەکانمان، لە کۆتاییی باسەکەشدا شیعری «لەبەر نازی

چاوبازان»ی شاعیری گەورە میرزا عەبدورەحیمی وەفایی وەکو گۆرانییەکی کۆنی زیندوو تۆمار کردووە.

* ژمارە ١٣٥٣، ١٩٥٧/٧/٢٥ «کۆمەڵی ئاوازی کورد»:

لەم بابەتە کورتەیدا، سەرەتا نووسیویە: «بێگومان بوونی کۆمەڵێک بۆ رێکخستن و پێشخستنی هونەر و پارێزگاریی هونەرمەندانی کورد پێویستییەکی کۆمەڵایەتییە، چونکە هیچ بە هیچ ناکرێ ئەگەر هونەرمەندانی کورد پشتیوانێکیان نەبێ دەستیان بگرێت». پاشان باس لە داواکەی گەنجە کوردەکان دەکات بۆ دامەزراندنی «کۆمەڵی ئاوازی کورد» و بڕیاری ئیجازەدانیان لەلایەن وەزارەتی ناوەخۆوە، ئینجا هەواڵی هەڵبژاردنەکەی ئەو ساڵەی کۆمەڵ دەکات لە یانەی سەرکەوتن لە بەغدا و ناوی دەستەی بەڕێوەبەری هەڵبژێراوی نووسیوە کە خۆی یەکێکیان بووە، لە کۆتاییی نووسینەکەدا ئامانجەکانی کۆمەڵی ئاوازی کوردی و نەخشە هونەرییەکانی خستووەتە بەرچاوی خوێنەران.

* ژمارە ١٣٧٩، ١٩٥٨/١/٣٠ «چۆن مۆسیقا ناسرا؟»:

لەم کورتە باسەیدا، تایبەتە بە لێدوان دەربارەی سەرەتاکانی مۆسیقا و فێربوونی لەلایەن مرۆڤەوە، مەبەستەکەش چەند سەرگوزشتەیەکی گێڕاوەتەوە کە لەمەڕ پەیدابوونی مۆسیقاوە دەدوێن، تێیدا باسی لەو بۆچوونە جیاجیایانە کردووە کە دەربارەی داهاتنی مۆسیقا لە کۆندا و لەلایەن چین و یابانییەکانەوە.

* ژمارە ١٣٨٠، ١٩٥٨/٢/٦ «ئاگاداری بۆ گۆرانیبێژان»:

لەم وتارە کورتەدا، نووسەر رێنوێنی ئەو گۆرانیبێژە لاوانە دەکات کە دەیانەوێ بچنە بەغدا بۆ تۆمارکردنی گۆرانییەکانیان تاوەکو ئاکامی چوونەکەیان سوودبەخش بێ و بتوانن گۆرانی ئەوتۆ تۆمار بکەن کە سەرکەوتوو بێت و گوێگرانیش لێی ڕازی بن. هەروەها شەماڵی هونەرمەند لە

گەلێک ئەڵقەکانی گۆشەکەی خۆیدا گۆشەی «بەشی مۆسیقا»ی ڕۆژنامەکە و ئەو نووسینانەی بڵاو کردووەتەوە کە نووسەرانی تر دەربارەی گۆرانی و مۆسیقا نووسیویانن و ناردوویانن بۆ «ژین». لە سەرەتای زۆربەی وتارەکانیشدا پێناسەی نووسەرەکانی کردووە[٣] بێجگە لەمانەش لە دوو ژمارەدا وەڵامی سێ نووسەری بڵاو کردووەتەوە کە دەربارەی پرسیارێکی خۆی ڕاوبۆچوونیان دەربڕیوە و پرسیارەکەش دەڵێت: «چۆن دەتوانین یاریدەی مۆسیقا بدەین لە کوردستاندا تا بەر بگرێت و بە چاوێکی بەرزەوە سەیر بکرێت؟»[٤] سەرەڕای ئەوانەش لە هەندێک ژمارەی تردا مەتەڵی ژمارە و وەڵام و ناوی وەڵامدەرەوەکانی بڵاو کردووەتەوە، مەتەڵەکانیش دەربارەی گۆرانی و مۆسیقان.

### بەرهەمێکی لە کۆواری «هیوا»دا:

لە یەکەمین ژمارەی ساڵی یەکەمی کۆواری «هیوا»دا مامۆستا شەماڵ سائیب بە باسێکی بەنرخ بەشداریی ئەو ژمارەیەی کردووە کە لە تەمووزی ١٩٥٧دا دەرچوو باسەکەشی بە ناونیشانی «گۆرانی و مۆسیقا و هەڵپەڕکێی کوردی لە ساڵی ١٨٢٠»ەوە، ئەم باسە وەرگێڕانی چەند لاپەڕەیەکی کەمە لە کتێبەکەی کلۆدیس جیمس ریچ[٥]. وەرگێڕ تەنیا ئەو بڕگانەی هەڵبژاردووە کە «ریچ» لە گەشتەکەیدا لەمەڕ گۆرانی و مۆسیقای کوردییەوە تۆماری کردوون ئەم باسە لە لاپەڕە ٧٥ ـ ٧٩ی کۆوارەکەدایە.

### کتێبی «لەگەڵ شەماڵ سائیب»:

لەگەڵ شەماڵ سائیب ناونیشانی کتێبەکەی نووسەرە کە لە ساڵی ١٩٦٠ لەلایەن شەریکەی قەوانی چەقماقچییەوە ئامادە کراوە و لە چاپخانەی «البرق»ی بەغدایی لە چاپ دراوە. نووسەر دوای ئەوەی کتێبەکەی پێشکێش کردووە بەو «هونەروەرە کوردە زانایانەی لە دواڕۆژا هونەری کوردی بەرز دەکەنەوە» لە پێشەکییەکی کورتدا نووسیویەتی: «گوێگرە خۆشەویستەکان

ناچاریان کردم کە قسەی شەریکەی چەقماقچی نەشکێنم و ئەم کتێبە لە چاپ بدەم، پاش ئەوەی نامەی زۆری ڕۆژانەم پێ دەگات و داوای گۆرانییەکانم یان شتیکە دەکەن کە پێوەندیی بە هونەری کوردییەوە هەیە» ئینجا شیعرەکانی گۆرانییەکانی خۆی بڵاو کردووەتەوە کە ئەوانیش بریتین لە «هەرێ لەیلێ، ئازیز بەهارە، بۆ هاتی، هاوار سەد هاوار، وەرە وەرە، هیوا، پێم بڵێ، زوڵەیخا، بەردە بەردە، دەمەکەت بێنە، بۆ منت ناوێ، گیانە سوێند ئەخۆم، بەستەی دڵدار، شوانە، جوانین ئێمە جوانین، بولبول مژدە، بۆ تۆیە دڵ، لە یارەوە، سەراب، ئێمەی ئاشتیخواز، بابە هەستە» لەگەڵ سروودەکانی:

ئێمە ڕۆڵەی بیری تازە راپەڕین، سەربازین، ئەو ڕۆژەی لە دایک بووم، بارزانی. شیعری ئەو گۆرانییانەش پانزەیان هی هونەرمەند خۆین و ئەوانی تریش هی شاعیران «گۆران، هاوار، هەردی، موخلیس، مەدهۆش، عوسمان عوزەیری، کامیل ژیر، کەریم سەعید زانستی»یە، یەکێکیشیان فۆلکلۆرە. پاشان دەقی ئەو گفتوگۆیەی بڵاو کردووەتەوە کە سامی چەقماقچی لەگەڵیا کردوویەتی ئەمەش چەند رستەیەکە لە وەڵام و رازەکانی هونەرمەند: «یەک شت لەگەڵ خۆما دەبەمە قەبرەوە ئەویش کەرامەتمە، هەر ئەمەش بوو لە منداڵییەوە لە کەس و کاری کردم، چونکە مۆسیقایان بەلاوە کارێکی ناشیرین بوو، ئاواتم بەرزبوونەوەی مۆسیقا و ئاوازی کوردییە، هەروەها پێش مردنم رووی راستی و دڵسۆزیم بدیایە».

## نووسینە هونەرییەکانی ناو کتێبەکە:

هونەرمەند لە کتێبەکەیدا چەند نووسینێکی خۆی پێشکێش بە خوێنەرانی ئەو سەردەمە و ئێستا کردووە و ئەوانەی کە دەربارەی هونەر و لایەنەکانی ئاواز و گۆرانی و مۆسیقایان بریتین لەم بابەتانە:

* شیعری گۆرانی دەبێ چۆن بێت؟

لەم وتارەدا جیاوازی نێوان شیعر بە گشتی و شیعری تایبەت بە گۆرانی

دەرخراوە، چونکە شیعری گۆرانی بە شیعری هەموو کۆمەڵ زانیوە، هەر بۆیە دەبێت روون و بێ گرێ بکرێنە ئاواز و گۆرانی، هەر بۆ ئەم مەبەستە نووسەر چەند شیعرێکی بە نموونە هێناوەتەوە کە بە نارەوا و هەڵە کراونەتە گۆرانی و زۆربەیان بابەتی گۆرانی نین، پاشان هەلومەرجی ئەو جۆرە شیعرانەی لەم خاڵانەدا دەربڕیوە: تێگەیشتنی کۆمەڵ لێیان، وشەی رەوان و مۆسیقادار، دێری کورت و کاریگەر، زمانی سادە و واتا بەخش.

لە کۆتاییی نووسینەکەیدا ئەوەی وتووە کە باسەکەی ئەو شیعرانە ناگرێتەوە کە خۆی بۆ گۆرانییەکانی داناون، چونکە کاتێک هۆنیونێنییەوە کە شارەزایی تەواوی لە شیعردا نەبووە و تەنیا دەربڕینی هەست و سۆزی دەروونی بوون.

* مۆسیقا و ئافرەت:

لەم نووسینەیدا، سەرەتا لە زەوقی جوانی ئافرەت دواوە ئینجا داوای لێیان کردووە کە توانا و زەوقیان بۆ هونەر بخەنە کار و بێ گوێدانە عەیبە فێری مۆسیقا بن.

* چۆن قەوان تۆمار دەکرێت؟

لەم میانەدا لە چۆنیەتی تۆمارکردنی گۆرانییەکان لەسەر قەوان دواوە و ئەو هەلومەرجانەشی ژماردووە کە پێویستن لە قەوانی باشدا هەبن.

* مۆسیقا و منداڵ:

کورتە باسێکی گرینگ دەربارەی دەوری مۆسیقا لەسەر منداڵان و فێربوونی منداڵ بە ئامێرێکی مۆسیقا و ئاکامی ئەو فێربوونە لە جوانکردنی ژیانیدا.

* ئاهەنگ و هەڵسووڕانی:

شەماڵ سائیب هەر خۆی لە ساڵی یەکەمی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژدا

بەشـداری ١٨٦ ئاهـەنگی کردووە و دەورێکی گەورەی بووە لە سەرکـەوتنیـاندا، لەم وتارەشدا باسی ئاهـەنگگێڕان و چۆنیەتی و ئامانجی ئاهـەنگەکان دەکات. ئەم کـتـێـبـە ١٢٨ لاپەڕەی قـەوارە ناوەنـدییـە و نرخــەکـەی ٢٥٠ فلس بوو لە کۆتاییدا بە چاوی پڕ ڕێزەوە دەڕوانینە بەرهـەمەکانی ئەم نووسـەرە نەمرە و بە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستیشەوە یادی دەکەینەوە، چونکە کوردێکی دڵسۆز بووە و هونـەرمـەندێک بووە زۆربـەی تەمــەنی پێـشـکێش بە هـونەری مـیللەتەکـەی کردووە.

**پەڕاوێزەکان:**

١- شـەمـاڵ جـەلال سـائیب سـاڵی ١٩٣١ لە سلێمـانی لە دایک بووە، ١٩٤٦ لە بەغدا مـۆسیقای خـوێندووە و لە چل و حەوتیشـا چووەتە پەیمانگەی هونەرە جـوانەکـان و تا پـۆلی چوارەمی خـوێندووە، لە سـاڵی ٤٨وە لە ئێـسـتگەی کوردی بەغداوە بە گۆرانیبێژێکی ئەو دەمە دانراوە، عوودژەنێکی هەڵکەوتوو بووە، لە ئێستگەی کوردییەوە مـاوەیەک بەرنامـەی «باخچـەی مۆسـیقـای» لە ئامـادەکردن و پێشـکێشـکردنـی خـۆی رایی کـردووە، سـاڵی ١٩٥٥ ـ ١٩٥٦ بەشی مێژووی لە کۆلێجی ئەدەبیـاتی زانکۆی بەغدا تەواو کـردووە، سـاڵی ١٩٥٩ بووەتـە سـەرۆکـی کـۆمــەڵی ئـاوازی کـوردی لـە بەغـدا، لە سـەرەتای شەسـتەکاندا بەمەبەسـتی خوێندن چووەتە ئەمەریکا لەوێ مـاجیستێری لە ئەدەبیـات و مـۆسـیقـا و مـێژوودا وەرگـرتووە، هێندەی نامـێنێ شـەهادەی دوکتـۆرا وەربگرێ، بەڵام سـاڵی ١٩٦٨ زانکۆی سلێمـانی دامـەزرا لەسـەر خـواسـتی زانکـۆ دەگـەڕێتـەوە و دەسـتبـەرداری ئەو شـەهـادە باڵایە دەبێ، لە زانکۆکـەدا مـامۆسـتـا بووە و لەگـەڵیا چووەتە هـەولێر ڕۆژی ١٩٨٦/١١/٨ کـۆچی دوایی کـرد و بە خـاکی پیـرۆزی (سـەیوان)ی شـاری سلێـمـانی سپێردرا، دوو کوڕی هەیە بە ناوی «ژیمۆ» و «تیشکۆ».

٢- نووسینـەکانی وەک خۆین، هێندە نەبێ وردە دەستکارییـەکی ڕێنووسیمان کردووە.

٣- ژمــارەکــانی ژین و ســاڵی دەرچوونیــان و ناوی نووســینەکــان و نووسەرەکانیان بریتین لە:

* ژمارە ١٣٢٥ ساڵی ١٩٥٦ لاپەڕەیەک لە مێژووی مۆسیقای عەرەب - نووسینی رۆمی خەماش.

* ژمارە ١٣٢٦ ساڵی ١٩٥٦ گۆرانی کوردی، رەزا عەلی.

* ژمارە ١٣٢٧ ساڵی ١٩٥٧مۆسیقا - ئاوازە کۆنەکانمان، قادر دیلان.

* ژمارە ١٣٣٠ ساڵی ١٩٥٧ مۆسیقا و جەنگ، عەبدولوەهاب بلال.

* ژمارە ١٣٣٢ ساڵی ١٩٥٧ مۆسیقا و ئیشکردن، ئایڤن بەهنام .

* ژمارە ١٣٣٣ ساڵی ١٩٥٧ سەید عەلی ئەسغەر، قادر دیلان.

* ژمارە ١٣٣٤ ساڵی ١٩٥٧ هۆرە، کامیل نیزامەدین.

* ژمارە ١٣٣٥ ساڵی ١٩٥٧ گۆرانی و مۆسیقا، عەلادین سەجادی.

* ژمارە ١٣٤١/١٣٤٣/١٣٤٥ ساڵ ١٩٥٧ ساز و ئاوازی کوردی، شاکیر فەتاح.

* ژمارە ١٣٤٦ ساڵی ١٩٥٧ مۆسیقا و نەشید لە قوتابخانەکاندا، ئیبراهیم باڵدار.

* ژمارە ١٣٤٨ ساڵی ١٩٥٧ مۆسیقا و ناڵەی نەخۆش، نەجمەدین مەلا.

* ژمارە ١٣٥٢ ساڵی ١٩٥٧ شوپان، مستەفا عەبدوڕەحمان.

* ژمارە ١٣٥٦ ساڵی ١٩٥٧ مۆسیقا و ئافرەت، نازەنین عەبدولقادر.

* ژمـــارە ١٣٦٢/١٣٦٣/١٣٦٤ ســـاڵی ١٩٥٧ گـــۆرانی و ســـاز و ئاواز و هەڵپەڕکێ لە ئاکرێدا، شاکیر فەتاح.

٤- ژمارە ١٣٤٢ ساڵی ١٩٥٧ وەڵامی محەمەد رەسوڵ.

* ژمارە ١٣٤٤ ساڵی ١٩٥٧ جەمیل بەندی رۆژبەیانی و یوسرا عەبدولکەریم.

* كلوديس جيمس ريچ - رحلة ريچ في العراق عام ١٨٢٠ نقلها الى العربية بهاءالدين نوري، بغداد - مطبعة السكك الحديدية ١٩٥١ .

# یادێکی شەماڵ سائیب

کەمال ڕەئووف محەمەد

لە ساڵی ١٩٤٨دا کە زۆر نەبوو رادیۆی کوردی عێراق بووبووە بەشێ کە هەر خۆیشی سەرچاوەی یەکەم بوو بۆ وەرگرتن و بڵاوکردنەوەی گۆرانی و ئاوازی مۆسیقای کوردی، ئەو کاتەش تیپێکی مۆسیقا نەبوو تا لەو هەلە ناسکەدا کە باو باوی مەقام و بەستە و هەندێ سروودی قوتابخانە بوو، «شەماڵ سائیب ١٩٣١ ـ ١٩٨٦ بەدەم خوێندنەوە لە قوتابخانەی ئامادەیی بەغدادا خولیای هونەر بوو، چ بۆ تەمسیلکردن، چ بۆ مۆسیقا. بەڵام ئەو خولیایەی بوو بە عەشقێکی گیانی بەگیانی بۆ مۆسیقا کە هەر لەو ساڵەوە هەتا ساڵی ١٩٦١ خۆی بۆ دانا و لە دوو لاوە لە ئامێزی گرت، لە لایێکەوە ڕۆشنبیریی مۆسیقایی خۆی بەهێز دەکرد لە لایێکەوە خوێندنی «عوود»ی بە پێویست زانی و بەجۆشی گیانی جوانی و بە دڵی لاوییەوە هاتە مەیدان و خەم و پەژارە و ڕەخنەی توندوتیژی کەسوکار، هەروەها دەستکورتی گوزەرانی ناخۆشی، بەڵێ دەنگی لە چاو دەنگخۆشەکاندا هێندە بەهێز نەبوو، بەڵام توانای جێیێکی بە هێزی بۆ دەنگی هونەری کردەوە، مەقام و بەستەی نەدەگێڕایەوە، بەڵام ئاواز و مۆسیقا و گۆرانییێکی تازە بابەتی داهێنا کە چەند نوێخوازییان نیشان دەدا و، هەرگیز لە کەلەپوور دانەبڕابوو. هاتنی ئەو بۆ مەیدان، هاتن و هەڵکەوتنی هونەری ئاوازدانانی بوو، هەڵبژاردنی وشەی گۆرانی، هەڵبژاردنی شیعری ڕاستەقینەی گۆرانی نوێ بوو کە هەتا خۆیشی، هەرچەندە شاعیر نەبوو، وشەی دڵ و دەروونی خۆی دەهۆنییەوە بۆ لاو و جوانان، ئەوانیش دەیانگوتەوە.

ئاواز و گۆرانی بۆ نیشتمان، بۆ ئاشتی، بۆ خۆشەویستی، بۆ جوانی، بۆ

خـۆشی، بۆ شـوان، دانا و گـوت و لـه مـاوەی ١٣ سـاڵدا بوو بە ئـاوازدانەر و گۆرانیبێـژێکی ناسـراو کە نەک هەر گـوێگری ڕادیۆی لێ گـرد بووەوە، بگرە گوێگری قـەوانەکانی کۆمپانیای «چەقماقچی و بەشیرفۆن»یش عەوداڵی بوون کە زۆربەی گۆرانییەکانیان تۆمار و بڵاو کردەوە. شەماڵ سائیبی خوێنگەرم و هونەرمـەندی دنیـای مـۆسـیـقـا و گـۆرانـی، هێندە ژیر بوو، هەر لەو هـەلەدا خـوێندنی باڵای بەرنـەدا و کۆلێـجی ئادابی تەواو کـرد مـاوەیەکیش لە بەشی ڕۆشنبیریی مۆسیقادا لە هونەرە جوانەکانی بەغدادا ڕای بوارد.

لە زووێکیـشـەوە ١٩٤٩ لـە کۆواری «گـەلاوێژ» و دوایی لە «هەتاو» ڕۆمـانەی «ژین»دا گـوتار و ریپـۆرتاژی مـۆسـیـقـایی بڵاو کـردەوە و بەم شـێـوەیە لە نـێـو کۆڕی ڕۆشنبیر و هونەرپەروەران  و خـوێندەوارانـدا پتر ناسرا و بەهێزتر بوو. عـەشـقی هونەر هـانی دا کە بۆ خـوێندنی باڵا ڕوو بکاتـە وڵاتی ئەمـەریکا. وای نوواند بە هـونەرێکی باڵاوە بگەڕێتـەوە نزیکی دە سـاڵ (١٩٦١ ـ ١٩٧١) بە ڕەنگ و دەنگ و کردەوەی هونەرانەوە هەواڵی نەبوو، گوێگرەکانیشی هەواڵیان دەپرسی کوا..؟ ئایا بە جـارێ ون بوو؟ کەی دەگەڕێتەوە؟ چ هونەرێ دێنێتەوە؟ خـۆم یەکێ بووم وەک ئەو گـوێگرانـەی کـە نامـەیان بۆ بەرنـامـەی ڕادیۆییم (دەنگی هونـەر ـ ١٩٦٦) و بەرنامـەی تـەلەفـزیۆنیم (پەیامی هونـەر ـ ١٩٧٠) دەنارد و پرسیاریان نەدەبڕاندەوە.

نامـەم بـۆ نووسـی بۆ ئـەمـەریکا لـە ١٩٧١/٨/٦دا لە واشـنتـۆن وە لـە پاڵ وەڵامدانەوەی کۆی پرسیارمان،  وێنەیێکی فۆتۆگرافی خۆی و شەهادەتنامەی ئینگلیزیی خوێندنی و ئەم وشانەی نووسیبوو:

«لە زانکۆی ئینـدیانـا دا لـە سـاڵی ١٩٧٠دا لە وێژە و مـۆسـیـقـادا شـەهـادەتنامـەی مـاجـسـتـێـرم وەرگرتووە نیـازیشم تەواوکـردنی خـوێندنە بۆ وەرگـرتنی دوکـتـۆرا لە فـەلسـەفـە»، هەروەهـا ئەم وشـانەشی بەرەو ڕووی گوێگرەکان و بینەرەکان کردبووەوە.

«گـوێگرانـی ئازیز ... ئێجگار سـوپاس بۆ هەست و هۆشی گـەرم و بەرزتان. ئومێد دەکەم ڕۆژێک بێت وەک جـاری جاران یەکتر بگرینەوە لـە کۆڕی ئاواز و

گۆرانی و قسەی خۆش .... من لای زۆر کەس ناوبراوم بە هونەرمەندی غەریبی و تەنیایی و بێکەسیی، بەڵام وانییە، من غەریب نیم، چونکە ئێوەی شیرین لەگەڵمان بە دڵ و بە گیان پێکەوە دەژین...»

لەپڕ لە پایزی ساڵی ١٩٧١دا هاتەوە بۆ نیشتمانی عێراق و نێو گەل و گوێگرەکانی، منی پەرۆشیش کە هەتا دوا دیدارمان لە نێو زۆر کوڕدا دەیگوت: نامەکەت هۆیێکی هاتنەوەم بوو لەو یەکەم کەسانە بووم کە هەر زوو لە بەغدادا بەیەک گەیشتین، هەر پاش یەکەم چاوپێکەوتن ئاگەدارم کرد کە مامۆستا محەمەد سەعید سەحاف، ڕێبەری گشتیی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن ڕێزی هونەرمەند و ئەدیب و ڕۆشنبیران دەگرێ و پێویستە بتناسێ. خۆیشم باسم بۆ ئەو ڕێبەرە بەڕێزە گێڕایەوە و پێشنیازم کرد بەڵکو گۆرانییەکانی بۆ تەلەفزیۆن تۆمار بکرێن.

بڕیار بوو لەگەڵ شەماڵ بچین بۆ لای و وادەیێکی دیداری دانرا، بەڵام لەو هەلەدا ئەو زاتە لە دەرەوەی دەزگاکەدا بوو، چاو پێکەوتنەکە ڕێک نەکەوت. من بەسەردا چووم بۆ سلێمانی و شەماڵ دیدەنی کردبوو کە سەرەنجام وا بڕیاردرا لە پاشەڕۆژدا هەرچی گۆرانیی پەسەندی هەیە «بە فیلمی سینەمایی» لە کوردستاندا وەربگیرێن و لە تەلەفزیۆندا بڵاو ببنەوە... ئەم کارەش ڕایی بوو، بەڕادەیێک ئەو بوو بە یەکەم گۆرانیبێژی عێراق کە کارێکی وای بۆ بلوێ. وەک ئاگەداریشم پاش ماوەیەک بەبێ پاداشت بەخۆشی و ڕەزامەندی شەماڵ خۆی کارەکە جێبەجێ بوو.

گۆرانی و مۆسیقایە، بەڵام بە کردەوەیێکی دیارەوە قسەکانی نەدەسەلماند و ئەو هەموو سۆزەی خەڵکیش کاری تێ نەکردبێتەوە سەر خۆی!! بە پێچەوانەوە زۆر ژیانی تایبەتی خۆی ئاڵۆز دەکرد و وای لێ دەهات بە تایبەتی لە دوا ساڵانیدا تەواو گۆشەگیر و نەخۆشبێ!!

بۆچی خۆی هێندە دەخستە ئەستۆی ڕەوتی رۆژگار و ژیانییەوە، بەڵام بیروڕای شارەزایانی بەو لافانەی دڵنیا نەدەبوون، کەمیشیان بوو !! من بەش بە حاڵی خۆم دەمویست چەند جارێ – بەرەو ڕووی مایکرۆفۆنی ڕادیۆ و

تەلەفزیۆن و گوێگر و بینەرەکانی بکەمەوە، بەڵام سەرەڕای دۆستایەتیمان، خۆی لە پرسیاری وردم دزییەوە ... وێڕایش هەتا مرد هەر ئاشنا بووین و هەر چۆنێ بوو لە ٢ دەرفەتدا، دوو گفتوگۆی دەم و دوویەم وەرگرت لە دەفتەری یادگاریدا نووسیومن کە ئاشناکردنیان – دوای کۆچی – پێویستە گومانم بە کەڵکیش دەگرن بۆیێکا وەفادارانە دەیانخەمە بەر ڕووناکی.

## گفتوگۆی یەکەم ـ هەولێر ٣ ـ ٦ ـ ١٩٨٣

(بێ دەستکاریی شێوەی ئاخاوتنی ئەو .. لەگەڵ ڕێزم بۆ هەر کەسێ کە نێوی بردوون)

* «تازە، دەوڵەت ئۆتومۆبێلێکی خەڵات کردبوو» کاک شەماڵ، خۆت دەمناسیت، دەزانیت پێوەندیمان چۆنە، حەز دەکەم بە ڕاستی وەڵامی هەندێ پرسیارم بدەیتەوە؟

– (بەکەمێ سەرسامییەوە) باشە فەرموو.

* حاڵی گۆرانی فۆلکلۆری چۆن دەبینیت؟

– سووک بووە.

* هۆیەکە بەچی لێک دەدەیتەوە؟

– هەمووی خەتای (ئەن...)ە بابە ئەمە فۆلکلۆرە، لە هەموو عالەما وەکو خۆی، وەکو شتێ ئاثار دەپارێزین ئەو (د...) دهۆکیش وا لەهەر کەشێ بێت بێدەنگ بین دەبێ رەخنەیان لێ بگرین! من چەند جار وتوومە و دەیڵێمەوە، ئێمە دەبێت مەمنوونی حەسەن زیرەک بین. ئەگەر ئەو کە چووەوە ئەودیو، درێژەی بەو گۆرانییە کوردییانە نەدایە، ئێستا گۆرانی کوردی نەمابوو، دەبێ ئێمە زۆر مەمنوونی حەسەن زیرەک بین.

* بیستوومە کەوتوویتەوە گۆرانی و ئاوازدانان، هەر قسەیەکە یان چی؟

– ئا وەڵڵا، خەریکم و چەند ئاوازێکم داناوە و دەمەوێ تەسجیلی بکەم. ئینشاڵڵا لە بەغدا تەسجیلیان دەکەم!

* نایەیتەوە بۆ سلێمانی؟

– (لەسەرخۆ) نەء، قەت: «لەو هەلەدا وەک بیەوێ خۆی بدزێتەوە، گوتی:»

ئەرێ بەڕاست، من مەجموعەیە قەوانی خۆمم هەیە بۆ نەیدەم بە تۆ؟ دەزانم لای من دەفەوتێن و تۆش قایم هەڵی دەگری. «منیش پێشنیازەکەم پەسەند کرد ئەگەرچی خۆم قەوانەکانیم گرد کردبووەوە. هەڵستا و پاش ماوەیێک قەوانەکانی و شریتێکی گفتوگۆی ساڵی ١٩٦١ی خۆی و عەلی مەردانیشی بۆ هێنام».

* کاک شەماڵ، تۆ وەک بیستوومە، بەوە تاوانبار دەکرێیت کە گۆرانی حەسەن زیرەکت بە هاوکاری چاودێری شریتخانەی ئەوسای رادیۆ، (ئەن...) سڕیوەتەوە، هەروەها گوایا هۆیەکی دەرکردنی ئەو کابرایەش لەلایەن زەعیم وەحیدی سەرپەرشتیاری رابردوو لەسەر ئەوە بووە تۆ دەڵێیت چی؟

– راستت دەوێ؟

* بەڵێ ئەی چۆن؟

– من پێ لەوە دەنێم کە تەنیا ١ گۆرانی حەسەن زیرەکم سڕیوەتەوە کە لەسەر ئاوازی «عالا دەلعۆنە» بوو (جارێکی تر گوتی: لەسەر ئاوازی «عینی لی شوی شوی» بوو، بەڵام پەشیمان بووەوە و هەر لانی یەکەم جاری دووپات کردەوە». ئەگینا هیچی ترم نەسڕیوەتەوە، بەڵام هەر بەڕاستی من بووم بەهۆی دەرکردنی لە رادیۆدا!

* چۆن؟

– جارێ حەسەن، بەدەگمەن بەسەر و گوێلاک و دەست و قاچی شکاوەوە نەهاتووە بۆ ڕادیۆ، چونکە سەرخۆش دەبوو، شەڕی دەکرد. خۆی عەبقەری بوو، ڕۆژی ئاهەنگگێڕان ـ کە حەی بوو ـ دەهات و دەمگوت: حەسەن کوا شیعرەکەت کوا (نص)؟ دەیگوت: تۆ حەقت چییە، لە کاتی پراوە و بڵاوکردنەوەدا بۆت دەڵێم ! بەڕاستی واش بوو دەشیگوت جوانی دەگوت. کابرا عەبقەری بوو نەیدەزانی ناوی خۆی بنووسێ. حەسەنم لەسەر ئەوەش دەرکرد کە من تەقریبەن ئیشرافی گۆرانی ئاهەنگم دەکرد و دوو نامەمان لە ئاغا و ماغاوە بۆ هات دەیانگوت نابێت بهێڵن حەسەن زیرەک گۆرانی بەسەر ژن و کچانماندا هەڵبدا!!

هەفتەیەک، کە حەسەن هات، نامەکانم پیشان دا و گوتم: ئەم هەفتەیە ئاهەنگت نابێ. ڕۆیشت... بەدرۆ چووبوو قۆڵی خۆی بەستبوو ڕەشۆڵی لە بەغدا دیبوو. ئەو لێی پرسیبوو ئەوە چیتە؟ ئەویش گوتبووی چی بکەم، شەماڵە فەندی لە ئیزاعە دەری کردووم و خۆیشی هەتا بەیانی لەگەڵ لەیلێ «بەیادی لەیلێ»وە مەگەر خوا بۆ خۆی دەزانێ چی دەکا!

کەچی نایەڵێ من گۆرانی بڵێم. ڕاستییەکەی، ئەو ڕەخنەیەی حەسەن ڕاست بوو، بۆییکا من کە «هەرە لەیلێ»م لەسەر قەوان تەسجیل کرد، ئەو کۆپلێیەم لابرد. ئیتر لەسەر ئەوە حەسەن هەر نەهاتەوە بە ڕادیۆدا خوا هەڵناگرێ حەسەن بەرامبەر بەمن بە ئەدەب بوو، بەڵام خۆی بچوایە هەر ماڵێ دەبوو گۆرانییان بەسەردا هەڵبدا. من لە ژیانمدا تا ئێستاش عەبقەری وەک حەسەن زیرەکم نەدیوە و نەبیستووە.

## گفتوگۆی دووەم ـ هەولێر ١٩٨٦/٦/١٧

تێبینی: دەمەوعەسر لە حەوشی ئاشنایێکم دانیشتبووم تەکسییێک لە بەردەرگە ڕاوەستا شۆفێرەکە پرسیاری ماڵەکەی دەکرد کە دوو سەعاتە لێی دەگەڕێ. کە دڵنیا بوو، ئێمەش چووینە دەرەوە شۆفێرەکە دەرگەی بۆ میوانەکە کردەوە و یارمەتی دا بۆ دابەزین، بەڵکو بۆ خۆڕاگرتن و ڕۆشتن من خۆم

بەگرانی ناسیمەوە، شەماڵ ئاوها لاواز و بێهێز؟

باریک و ڕەنگ زەرد، ماندوو، دەم و پل خاو بەرەو ڕوومان هات ... بردمانە ژوورەوە بە دڵ و دەروون و خەمگینەوە هەر تەماشاییم دەکرد و دڵم داخورپا کە جارێکی تر نایبینمەوە کە هەروایش ڕووی دا ... هەرچەندە ڕێککەوتەکە ناخۆش بوو، ناچار بووم چەند پرسیارێکی پەنگخواردووی دڵمی لێ بکەم، بەتایبەتی کە دەشمویست ڕادەی هۆش و زەینی بناسمەوە، لەسەر خۆ یان چی؟

* کاک شەماڵ لە هەموو ژیانت کێ فێڵی لێ کردوویت؟

– (پاش بیرکردنەوەیێکی زۆر) قادر دیلان ! (گاڵتەیشی بەباری بڕاندنەوەی ڕستەی) «شڵپ و هوڕی»ی دوا کۆپلیی گۆرانی «قژ کاڵی لێو ئاڵی کرد» سەرنجیشی لەلای منیش ڕاستە.

* ئایا نازی زانکۆی سلێمانی ـ سەلاحەدین کە دابوویانیتێ و دۆست و برادەرەکانت زۆر لە دوور بوون بە قسەی خۆش و کۆڕ و دانیشتن و سەیرانەوە خەریک بوویت، کاریان نەبوو بۆ دوور کەوتنەوەت لە ڕێگەی هونەرەکەی جارانت؟

خوێندین لە مۆسیقادا بۆچی سەری نگرت؟

– مامۆستایەکم لەوێ ـ لە ئەمەریکادا ـ گوتی ئەوەی تۆ دەتەوێ ٧٠ ساڵی دەوێت! پیاویش خۆی هەر ئەوەندە دەژی «ئەم قسەیەی وەک ئەوەبوو بڵێ خوێندنی مۆسیقا دەبێت لە منداڵییەوە دەست پێ بکات».

* کە هاتیتەوە، نیازت نەبوو بچیتەوە دۆخی ڕۆژگاری جاران و بە هونەری دانان و ئاوازەوە خەریک ببیت؟

– با، ویستم هەتا کۆمەڵێکی مۆسیقاییش دابمەزرێنم ... (ئەن ...) موشکیلەی نایەوە، هەنێ کتێبی چاکی مۆسیقایشم لایەتی.

* ئەگەر بەهەموو هێز و راستییەکەوە بیەوێت بکرێت. داخوا ئەنجا بۆچی بێ؟

– بۆ بەختم!

* لە ژیاندا تۆ خۆت زۆر لە خۆت نەکردووە کە پاش گەڕانەوەت، بە تایبەتی دواکەوتوویت و خەم و پەژارەت بۆ خۆت خولقاندووە؟

– با!!

* تۆ و فەرید ئەترەش لە کوێدان؟

– من زۆر موتەئەسیرم بە فەریدەوە ـ بەڵام خۆم ئیبداعم هەبووە و ئاوازم داناوە.

* کێ لە مۆسیقاژەنەکانی ڕادیۆ: جەمیل، مونیر بەشیر، غانم حەداد دەوری باشیان هەبووە؟

دانی بە کەسیاندا نەنا... شایەنی باسە خۆی زۆر دۆستی جەمیل بەشیر بوو کە چەند قەوانی بۆ تۆمار کردووە.

(لە ڕایەڵەی دانیشتنەکەدا ناوی ڕەسوڵ گەردی هاتە پێشەوە)

گوتی: ڕەسوڵ گەردی شەهمە، ئەمڕۆ لای بووم.

من گوتم: دیت بە چاوی خۆت ئەو چۆن ژیانی خۆی ڕێک خستووە و ئەو چۆنە و تۆ چۆن؟ ئایا خەتابار نیت؟ گوتی: با.

***

(١) تێبینی: جارێکی تر شەماڵم نەدیتەوە پێش کۆچی ماڵئاوایی، خزمانی بە نەخۆشییەوە لە هەولێرەوە هێنایانەوە سلێمانی تا لە ١٩٨٦/١١/٨دا بەخاکی گردی سەیوان سپێردرا، نۆبەرەی هونەری و خەمێکی گەورەی

بەجێ هێشت !

(٢) تێبینی: لە ڕایەڵەی قسەکانیدا نێوی هەندێ مۆسیقاژەن و گۆرانیبێژی هێناوە. ئێمە نێومان نەنووسیون نەبادا بڵێن لە خۆیەوەیە، ئەگەرچی شایەدیش هەن!!

ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (١٩) ٢ کانونی یەکەم ١٩٨٩ ز

## دەمەتەقێی نێوان چالاک تاڵەبانی و شەماڵ سائیب

لە شـەوی ١٣/١٢ ـ ١٢ ـ ١٩٧٨ لە ماڵی کـاک چالاک لە سلێـمـانی «شـەمـاڵی هونـەرمـــەند دەست بـە عـوودژەنـدن دەکــات، ئاوازی ســروودی زانکۆ، هەرێ لەیلێ، کاک چالاک دەست بە دەمەتەقێ دەکات»

* کاکە شـەمـاڵ کەی هەستت بە هونەر کرد و دەستت بە گۆرانی وتن کرد؟

– هـەرچەندە زۆر کـەس دەڵێن لە منداڵییـەوە، بەڵام بەڕاستی لە منداڵییـەوە بوو هـەســتم پـێ کــرد، هەر چۆن بیــرمـــە لـە قــوتابخــانەی ســـەرەتاییــدا مامـۆستایەکمان هەبوو، دەنگی خۆش بوو گـۆرانی دەوت، زۆر حەزم لە دەنگی دەکرد، هەروەها لە یادیشمـە کاتێ لە شـاری عـەقـرە لە پۆلی یەکی سـەرەتایی بووم، یەکێک هات گۆرانی دەوت و یەکێکیـشی لەگەڵ بوو کـەمانـچـەی بۆ لێ دەدا، گـەلێ ئارەزووی دەنگی کـەمـانچـەژەندنەکـەیم بوو شـتـەکـە وەرگرتن نییـە ئەوەندەی کـە لـە لەدایکبـوونـەوە لە لـەش و گیـانا وردە وردە نەشـونما دەکات و هەست پێکردنەکەی گەورە دەبێ ڕۆژ بە ڕۆژ لەگەڵ بوونا، بەڵام مـن دڵنیـام لە زۆر منداڵیمەوە ئارەزووی دەنگی خـۆش و مۆسـیقـا و گۆرانی و دەنگی مـەلانی دەنگ خۆشم بووە.

* چ هـونـەرمەندێ کاری لێ کردووی و پێی سەرسام بوویت؟

– مەبەست لەوەیە کە منداڵ بووم؟

نەک بـە کــەســێکی تایبــەتـەوە، بگرە هــەچ شــتێ دەنگی خــۆش بـووایە، چ ئاوازێکی خـۆشی ، بگرە بە تـایبـەتی چێـژم لە سروشت وەردەگـرت، ئارەزووم

بوو باڵندەیەک بوومـــایە و بفــڕیمایە و ئەم چڵ و ئەو چڵ و تەلانە و تەلان و بەســەر ئەو باخ و بێـستـانانەی شـاری عـەقـرەدا بگەڕامـایە. بەڵێ حـەزم لەو دەنگە چیاییانە و جلوبەرگی ئاڵوواڵا و بە تایبەتی جلی ژنانەی کوردی، واتە ئەو شـتـانـە وای لێ دەکـردم دڵم خـۆشـبێ، لام شـیـرین و جـوان بوون و بە هونەریان دادەنێم، بەڵام زۆر زووش هەستم بەوە کرد کە من دەورێکی گەورەم دەبێ، نەک تەنیا بەوەی ئارەزووی هونەریی خۆم تێر بکەم، هەستم بەوە دەکرد کە لە بواری هونەری کوردیدا، چونکە کە تەماشام دەکرد کورد هەموو شتێکی هەیە لە گشت پیشـەیەک، پارێزەر، دادوەر، پزیشک، بە پێی ئەو کاتە هەیبوو، ناڵێم زۆر، بەڵام هـونەرمــەندی دەگـمــەن بوو، ئەو کــاتە هونـەر ناپەســەند و ناشرین دەهاتە بەرچاوی کۆمەڵگەکە، ئەوەش تەنگ و چەڵەمەی هەمیشەیی و بنەڕەتی من بوو، منێک کــە لـە بنـەمــاڵەیەکی خــانـەدان و ناســراو بووم، خـێـزانێکی پێـوەست بە ڕەسم و دابی دێرینەوە، بەڵام کـۆڵـم نەدا و بەردەوام بووم هـەرچەندە گــەلێک کــەوت لـەســەرم، لەگــەڵ ئەوەدا کــە هونەرم خــۆش دەویست، هونەری مۆسیقا، گۆرانی، ئاوازدانـان و ئەو شـتـانە، بەڵام هەسـتم بەوە کرد کـە ئەرکێکی نەتەوایەتـی و کۆمـەڵایەتی گەورەم لەســەر شانە. وەک ڕۆشنبیرێک دەورێکم هەبێ لە بەرزبوونەوەی هونەری مۆسیقا لە کوردستاندا، لەبەرئەوەی هەستم کرد بە خوێندن لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان لە شاری بەغدا، وەک یەکەم کوردێک مۆسیقام خوێند لەسەر نۆتە، پێنج ساڵ خوێندم. لە پاڵ ئەوەی کە لە ناوەندی و ئامادەیی و کۆلێجدا دەمخوێند. دەستم کرد بە دامـەزرانـدنی کۆمـەڵەی هونەری لەوانە: کـۆمـەڵەی ئـاوازی کوردی، کۆمــەڵەی هونەر لە سلێمانی زۆر کۆن لە ساڵانی چل و حەوت و چل و هەشتدا، دەستم بە نووسین و بڵاوکردنەوە لەبارەی ڕۆشنبیریی هونەرییەوە لە تەمەنێکی زۆر منداڵیدا، کـەوتمە نووسین لە کـۆوار و ڕۆژنامــەدا، چ کـۆواری گــەلاوێژ و چ ڕۆژنامەی ژین، تەمـەنم سیازدە ساڵ بوو کە گۆشەی «ڕەنگین»م هەبوو باس و خواسی هونەرم تێیدا دەنووسی، کە ئەو کاتە لە کۆواری گەلاوێژدا هەرسێ چوار کەس شتیان دەنووسی، لە ناسراوەکانی ئەودەمە، لە ئەدیبان و پیاوانی

کۆمەڵایەتی ناسراو، هەر لەو تەمەنەوە هەستم بەوە کرد کە تەنیا گۆرانی وتن و ئاوازدانان ئەو کەلێنە پڕ ناکەنەوە کە هونەری مۆسیقای کوردی تێدایە، خۆم لەو بڕوایەدام ئەگەر لە رادیۆ و تەلەفزیۆنەوە گۆرانیم نەوتایە زۆر لەوانەی کە مامۆستای سەرەتایین، یان ئامادەیی کە گۆرانی دەڵێن، گۆرانییان نەدەوت و ڕوویان نەدەهات، بەڵام من وەک مامۆستایەکی زانکۆ ئەو دەرگەیەم بۆ کردنەوە، بۆ ئەوەی بایەخ بە هونەرەکە بدەم هونەر شتێکی بەرز و پیرۆزە و ئەو بەهرەیە کە خواوەند بە مرۆڤی دەدا و مرۆڤیش دەبێ شانازی پێوە بکات.

* کاکە شەماڵ من دەمویست جارێ هەر لە قۆناغی منداڵیتەوە قسە بکەین، بۆیە بۆ هەمان باس دەگەڕێمەوە و دەپرسم، ئایە لە سەرەتاوە خووت دایە کامەیان: مۆسیقا، یان گۆرانی، وەچ جۆرە مۆسیقایەک؟

– مەبەستت لەو منداڵییە، چەندساڵییەوە؟

* زۆر منالّی، با بلّێین سەردەمی قوتابێتیی سەرەتایی.

– دەتوانم بڵێم ئەو خۆشەویستییە گەورەیەی پاڵی پێوەنام یا بوو بە هۆیەک کە ئەم ڕێگەیە بگرم، باوکم ئەو کات قایمقام بوو. هەرچەند ساڵێک و لە شارۆچکەیەک بوو، وڵاتی ئێمەش بە جوانی بەناوبانگە، شاخ و داخ و گۆرانی شوان لە دوورەوە و ساکاری خەڵکەکە و کانیاو و روون و جوان، دەتوانم بڵێم سروشت گەورەترین کاریگەر بوو لەسەرم. دەمویست بە بەهرەیەک ئەو هەستە خۆشەویستییە بەرامبەر ئەو گشت جوانی و شیرینییە دەرببڕم، لەو بڕوایەدام ئەگەر بەهۆی باوکمەوە ئەو ژیانەم نەدیایە و لە شارێکی گەورەدا چاوم هەڵهێنایە ئەنجامەکەم جۆرێکی تر بکەوتایەتەوە، توانام بەرەو لایەکی تر ڕێگەی دەگرت، بەڵام جوانیی سروشت لە چوارتا و عەقرە و عەمادیە و رەواندز ساڵەهای منداڵیم لەو شوێنانەدا رابواردووە، دەتوانم بڵێم گەورەترین قوتابخانەم، ئەو قوتابخانەیە بوو کە حەزی هونەر و مۆسیقا و سروشتم تێیدا پەروەردە بوو، و پاڵی پێوەنام ... بەڵێ جوانی کوردستان بوو. سادەیی ژیانی

خەڵکی، شوان و شمشاڵ ژەندن، لەگەڵ ئارەزووی خۆشم کە حەزم لە مۆسیقا و گۆرانی وتن بوو، لە راستیدا بیرم نییە، تەنیا ئەوەندە نەبێ کە گەورە بووم، بەڕاستی بە میلۆدی «فریاد رەس» سەرسام بووم، چونکە میلۆدی، گۆرانی رۆژهەلاتیی بە گشتی میلۆدییە، تا ئەمڕۆکەش، میلۆدیش هەر هونەرمەندێک، ئاوازدانەرێک میلۆدی بەهێز بێت، گۆرانی سەرکەوتووە، منیش کە ئەوە بە نموونە دەهێنمەوە، بۆ ئەوەی بڵێم، هەمان رێگەم گرتووە، ساکاریی لە ئاوازدا، بەلام بەهێز، هەرچەندە شتێکی ئاسانە، بەلام هەموو کەسێ ناتوانێ بەدەستی بێنێ.

* مەبەستتان لە میلۆدی؟

– ئاوازێکە کە بۆ یەک ئامێر دادەنرێت، بۆ نموونە کە رۆژهەلاتێک گۆرانی دەڵێ، سەرجەمی ئامێرە مۆسیقاییەکان یەک ئاواز دەژەنن، واتە هارمۆنی تێدا نییە، گۆرانیبێژەکەش هەر ئەو ئاوازە دەڵێتەوە، بەلام هەندێ جار کۆپلەیەکی تایبەتی، بەلام هەرهەمان شت، وەک گۆرانییەکانی «اخوان الرحباني» کە هەندێ جار دابەشکردنی تێدایە، دوو ئاواز بەلام لە هەمان کاتدا گونجاو، لە هەمان کاتدا بە دوو پەیژەی مۆسیقادا سەردەکەون چ مۆسیقا و چ گۆرانی بەلام یەک میلۆدی دەڵێنەوە.

* دەگەڕێینەوە بۆ پرسیارەکەمان، کامەیان بەر لەوی تریان بوو مۆسیقا، یان گۆرانی؟

– لەکام لایەنەوە؟

* بە لایەنی خەیاڵ و هەستی هونەریتەوە، وەک یەکەم هەنگاو؟

– گۆرانی

* خووت دایە چ ئامێرێکی مۆسیقا؟

– لە منداڵیمدا شمشاڵم لێ دەدا، پاشان ئارەزووم چووە سەر عوود بەلام

من لەو بڕوایەدا بووم کە تەنیا ئامێرێ بەسە بۆ هونەرمەند تا بتوانێ ئارەزووی پێ پڕ بکاتەوە، لەگەڵ شارەزابوون بە لایەن و تیۆرەکانی هونەری مۆسیقا، لە سەرەتاوە ئاواتم بوو پاش تەواوکردنی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا بچم بۆ «ڤیەنا» تا خوێندن لەسەر کەمانچە ڤیلۆن تەواو بکەم، بەڵام هاتمە سەر ئەو بڕوایەی کە بۆ ئەو کاتەی ئێمە ئەوەی دەمزانی کەم نەبوو و لەوە زیاتریش بێ وەرنەدەگیرا دڵنیاش بووم لەوەی کە بۆ رۆژی خۆی هونەرمەندی بە توانا دەبێ لەگەڵ سەردەمەکەدا بڕوات.

* کەی بیرت لە ئاوازدانان کردەوە؟

– هەر لە سەرەتاوە حەزم دەکرد شتی نوێ دابنێم، شتێکە ، توانایەکە خۆت هەستی پێ دەکەیت، بێگومان هەموو هونەرمەندێ حەز لە ئاوازدانان دەکات، بەڵام هەموو سەرکەوتوو نابن، لەلای من ئاوازدانان لووتکەی بالآیە لە هونەری مۆسیقادا، هەر کەسێکت بوێت بە ساڵێ فێری مۆسیقا لێدانی دەکەیت، بەڵام ناتوانی بە بیست ساڵ بیکەی بە ئاوازدانەر، ئاوازدانان ئەو توانایەیە کە لە هیچ شت دروست دەکات.

* کاکە شەماڵ گۆرانییەکی زۆرت هەیە، بەڵام جەماوەر دەرهەق مێژوویان و سەرچاوەیان، یان کامەیان پێش ئەوەی تریانە بێ ئاگایە، یان ئەوەتا چەند گۆرانییەکی بیستووە و هەندێکی نازانێ وەکو لە یادت بێ دەتوانی ئەو ریزکردنە بەسەر کەیتەوە؟

– ناتوانم بە تەواوەتی، ئەوەندە نەبێ کۆمەڵە گۆرانییەک پێش ئەوانی ترن، بەڵام وەک لە بیرم بێ، بێگومان سەرقاڵی خوێندن بووم وەک وتم قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی، لەگەڵ خوێندنی پەیمانگەم لە بەغدا بوو، ژیانێکی زۆر سەختم هەبوو، نەبوونییەکی زۆرم بە خۆمەوە دی لەبەر ئەوە بە ناچاری زۆر جار لە هونەر و مۆسیقاکەم دوور دەکەوتمەوە. بەڵام ئەو گۆرانییانەی کە وتوومن وەک لە یادم بێ بەم ڕیزە بوو:

هەی دڵ هەی دڵ، لە ژێر ئاسمانی شینا، بولبول مژدە بەهارە، بۆ منت ناوێ، تاکەی تاکەی، ئەمنەی بالابەرز، گیانە سوێند ئەخۆم، سەراب، گۆرانی شوان، بەیانییان تاریک و لێڵ، شوانە شوانە، هەندێ سروود، ئەو ڕۆژەی لە دایک بووم، سەربازین، ئێمەی ئاشتیخواز، ئەو گۆرانییانە پێش ساڵی ١٩٥٧ بوون، هەرێ لەیلێ، بۆ تۆیە دڵ، دەمەکەت بێنە، ئازیز بەهارە، پێم بڵێ، هاتی بۆ هاتی، زوڵەیخا، لە یارەوە، بەردە بەردە، لە دڵمایە، زاڵم زاڵم، تا ئێستاش ئەم گۆرانییانەم تۆمار نەکراون:

ئەو ڕۆژانە ڕۆژانێ بوو، خۆم و یارە جوانەکەم، خاکی خۆمە و خاکی تۆیە، سروودی زانکۆم دانا و گەلێ گۆرانی ترم هەیە کە زۆربەیان بنچینەکانیانم داناوە، دەتوانم بڵێم بیست تا سی گۆرانییە، کە تەواوم نەکردوون.

* ئەمانەی کە باست کردن، ئەو گۆرانییانە بوون کە خۆت وتووتن، بەڵام ئاوازیشت هەیە کە خۆت نەت وتووە، گۆرانی بێژی تر وتوویەتی.

– بەڵێ، وایە.

* لە چ ساڵێکا یەکەم گۆرانیت بڵاو کرایەوە؟

– وابزانم ساڵی ١٩٤٧ یان ١٩٤٨ بوو.

* لە ڕادیۆوە؟

– بەڵێ لە ڕادیۆی کوردی بەغداوە.

* کاک شەماڵ تەمەنێکی دوور و درێژت هەیە ماشەڵڵات لێ بێ.

– من هەموو شتێ بشارمەوە تەمەنم ناشارمەوە، لە ساڵی ١٩٣١دا لە دایک بووم، واتە ئێستا تەمەنم ٤٧ ساڵە.

* بەڵگەت دەفتەری نفووسە؟

– نەخێر، باوکم لەدایکبوونی هەمووماني تۆمار کردووە.

* کاک شەماڵ، بیرمە تەمسیلت دەکرد، خۆم گوێم لێت بووە.

– بەڵێ، چونکە لەو سەردەمەدا بۆشاییيەکی گەورە لە هونەری نواندنا هەبوو، ئیتر ئێمە دەستەیەک بووین لە پاڵ کارە مۆسیقاییيەکەماندا هەندێ تەمسیلمان بۆ ڕادیۆ تۆمار کرد، بەڵام بڕواناکەم هیچیان بە تەواوەتی هەبێ، هەتا لە بیرمە جارێکیان لەم ماوەیەدا گوێم لە چیرۆکێک بوو کە خۆم نووسیبووم و لەگەڵ قادر دیلان و ئەوانی تردا تەمسیلیمان کردبوو. خۆشم لێی تێ نەدەگەیشتم، نە لە قسەکان و نە لە مانای چیرۆکەکە، تەنیا بۆشایی پڕکردنەوە بوو.

* وەکو وتت لە مۆسیقادا زیاتر خووت دابووە ئامێری عوود پاش شمشاڵ.

– بەڵێ دوای شمشاڵ خووم دایە عوود هەر بەو ئامێرەشەوە گیرسامەوە، چونکە عوود ئامێرێکە لەبارە بۆ ئاوازدانان و بۆ هەڵگرتنیش ئاسانە، هەروەها لێدان و دەنگەکەشیم پێ خۆشە، ئێستاش هەر لەسەر عوود بەردەوامم.

* بە لایەنی عوودەوە، ئەگەر یەکێک شارەزا بێت، لێدانی هونەرمەندێ لەگەڵ لێدانی هونەرمەندێکی تر جیا دەکاتەوە، عوود لێدانی تۆش تامێکی تایبەتی هەیە، خۆزگایە بە تایبەتی چەند ئاوازێکت بە عوود تۆمار بکردایە ناشلێم دەنگەکەی جارانت نەماوە، تا گۆرانی نەڵێی بۆیە عوود بژەنی بە دڵنیاییيەوە دەڵێم دەنگت لە یەکەم گۆرانیتا تا ئێستا وەک خۆی ماوە کە وەک وتتان سی چل ساڵ بەر لە ئێستا بووە.

– بەڵێ.

* مـەبەســتم لەوەیە حــەزم دەکـرد بە تایبــەتی ژەنـدنی عـوودت هەبووایە.

– خوا یار بێ و لەبەر دڵی تۆ چەند ئاوازێ بۆ تەلەفزیۆن تۆمار دەکەم.

* با کەمێ گوێمان لە عوودەکەت بێ.

– بەسەرچاو (دەست بە عوود لێدان دەکات)

* حەزم لە «ڕەست»ە.

– هەرچەندە خۆت ئۆکۆردی عوودەکەت کردووە، بەڵام تۆزێ لەمەوپێش کە چوومـە دەرێ دەسـتکاری کـراوە، وەتەرێکی تـەواو نیـیـە، بەڵام فـەرمـوو ئەمـە «ڕەست» (لێی دەدات).

* کاکە شـەماڵ هەرچەندە پرسـیـارەکەم لاسـاییکـەرانەوەیە، ئایا وەک هونەرمـەندێک کـام گۆرانیت لە سـەرجـەمی گـۆرانییـەکـانتا بەلاوە باڵاتر و خـۆشـتـرە، سـەرکـەوتووترە، ناڵێم کـامـەیانت لەلا خۆشەویستترە؟

– بەلایەنی ئاوازدانەرەوە گۆرانی وەک منداڵی خۆی وایە ناتوانێ یەکێکیان لەوانەی تری جیا کاتەوە.

* تۆ دەزانی من ویسـتم شـێوەی پرسـیـارەکـە لە لاسـایی بە دوور بێ بەڵام وەرامەکەت وا دەرچوو.

– بەڵام ئەوە حـەقـیـقـەتەکـەیە، چونکە هـەریەکەیان کات و ڕۆژ و یادگـار و پاڵپـێوەنەری خـۆی هـەیە، بەڵام ئـێستـا گـۆرانییـەکت بـۆ دەڵێم گـۆرانی «لە ژێر ئاسـمـانی شـینا بڕوا دەکـەی بیـست سـاڵە نەمـوتووە، ڕەنگە لێـشم تێکچێ، هـەرچـەندە ئێـسـتـا ئـاوازی تریان بۆ دانـاوە، شـیـعـری گـۆرانە، بێگومـان کۆرسیشی دەوێ.

* ئەگــەر بوارم بدەیت لام وایە گــەلـێ لە گــۆرانیــیــەکـانـت هـەر شیعرەکانیشی خۆت نووسیوتن؟

– بەڵێ وایە زۆربەی شیعری خۆمە، بەڵام شیعری چی! وەکو (زجل) وایە.

* واتە شیعرت هەیە؟

– (بە پێکەنینەوە) بەڵێ شاعیرین «گۆرانی لە ژێر ئاسمانی شینا» دەڵێ وابزانم وشەکانیم بیر چووەتەوە.

* دەتوانی، یان یەکێ دەتوانێ لەبارەی ژینتەوە بدوێ؟

– زۆر لە هاوڕێکانم ئاگەدارن، ژیانێکی ناخـۆشم هەبووە، لـە زۆر لایەنەوە، دەردم گەلێک بووە و بیست و حەوت ساڵ ئاوارەیش بووم.

* بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا شـێواز و مـۆرکی گۆرانییـەکانت ڕوو لە شادی و دڵخـۆشـی و هەڵپەڕکێن، کەواتە دەبوو گۆرانـی خەمناکت بوتایە؟

– لە خـەڵکـی زۆر دەترسم، بۆیە لە ژیانما لـە هـەر کوێیـەک بووبم پـتر لە دوو هاوڕێ زیاترم نەبووە، هاوڕێـی زۆر ناگـرم، ناسـیـاو جـیـایە، ئەو هاوڕێیـانە دەزانن ئەو دەمانەی ئەو گۆرانییانەم وتووە لە کاتی گوشادی و خۆشحاڵیدا بووم، کـە دەڵێم ئەو هـاوڕێیـانە ئاگـەدارن، چونکە لە نـزیکەوە شـارەزام بوون، هاوڕێیـانم چ لێـرە و چ لە بەغـدا و ئەمـەریکا هێندەی ژمـارەی، پەنجـەکـانی دەسـتـمن، لێرە واتە سلێمـانی تۆ و کاک نەجات عەبدە نزیکترین هاوڕێمن و جێگەی شانازیمن، نامەوێ تێکەڵی کەسانێک ببم کە لە بـاسی خەڵکی بەولاوە کاری تریان نییە، جا لە بری ئەوە خـەریکی عوود لێدانەکەی خـۆم دەبم، لەبەر ئەوە هەمیشە کە شتێکم هەبووە کە تایبەتە بە خۆم.

* بە «انطوائی» ناو دەبرێت ئـەگەر وابێ، بەڵام ئاشکرایە کە ئێوە

گوڵێکی گەشی کۆمەڵگەکەن، دانیشتن بەبێ تۆ خۆش نییە. کاکە شەماڵ تۆ بەڵێنت دا گەشتێک بە گۆرانییەکانتا بکەیت؟

– وایە، بەڵام باشە منیش پرسیارێک دەکەم: کاکە چالاک تۆ ماوەیەکە خووت داوەتە ژیانی من، ئایا لەو دنیاوە هیچ هەواڵ و برووسکەیەکت لەسەر من پێ گەیشتووە؟ کە بەم زووانە کۆچ دەکەم یان هەر لە خۆشەویستییایە؟

* کاکە شەماڵ هیچ گومانی تێدا نییە هێندەی هەردوو چاوم خۆشم دەوێی، جگە لەوەی خۆم زۆر حەز بە هونەر دەکەم، تۆش بە هونەرمەندێک دەزانم کە زۆر دڵم پێت دەکرێتەوە، زۆریش حەز لە عوود دەکەم، بەتایبەتی عوود لێدانی تۆ.

– بژیت.

* لە کاتی خۆیدا وتت، بەڵام خوا تەمەنت درێژ بکات، ئەگەر شتێکم لێ هات، عوودەکەم بۆ تۆ بێ.

– کەواتە پەلەتە، بۆیە دەتەوێ «سۆدە»م پێ وازبێنی.

* ئاخر تۆ پرتەقاڵیش بخۆی سۆدەی بەسەرا دەکەی بەهەرحاڵ کاک شەماڵ ئەوە بیرت دەخەمەوە، بەڵێنت دا گەشتێک بە گۆرانییەکانتا بکەیت، کەواتە عوودەکەت هەڵگرەوە و دەست پێ بکە.

– بەسەرچاو (دەست بە گۆرانی وتن دەکات).

«هەرێ لەیلێ» ئای کە کۆنە «بولبول مژدە بەهار»، «بۆ منت ناوێ»، «تاکەی تاکەی»، «ئەمنەی بالابەرز» ئەمە فۆلکلۆرە، «گیانە سوێند ئەخۆم»، «سەراب»، «بەیانییان»، «شوانە شوانە»، «ئەو ڕۆژەی لە دایک بووم»، «بۆ تۆیە دڵ»، «هەی دڵ هەی دڵ»، «دەمەکەت بێنە»، «ئازیز بەهارە»، «پێم بڵێ»، «هاتی بۆ هاتی» «لە یارەوە».

# لەگەڵ شەماڵ سائیبدا

ئا: مەحموود زامدار

ئەو ڕۆژەی کە «شەماڵ»ی هونەرمەند لە خاکی پاکی ئێمەدا پەیدا بوو، ڕۆژگارێک بوو، ئاواز و گۆرانی کوردیمان پێویستی بە تەکانێکی بایەخ و هێز و هاندەرێکی گەورەی وەک «شەماڵ» هەبوو.

کە شەماڵ هات، باهۆزی شۆڕشێکی مەزنی هونەریی بەخۆیەوە هێنا کە ئاوازەکانی «هەرە لەیلێ و هاوار و زولەیخا و وەرە وەرە و ئازیز بەهارە» دەستیان لە مل سۆز و گۆدار و تاسە و نەوای «بەردە بەردە و دەمەکەت بێنە» دەکرد، خەم و جوانی و شەنگی و چرپەکانی «بۆهاتی و پێم بڵێ!» لێواری لێوی شیرینی «بۆ منت ناوێ گیانە و دڵدار و جوانی و شوانە و بلبل مژدە و بۆ تۆیە و لە یارەوە و سەراب» یان هەڵدەمژی، بە هەمووشیانەوە لەگەڵ چریکە و مارشی «ئاشتیخواز و ئێمەی ڕۆڵە و سەربازین و...» ڕەشبەڵەکێکی شیرینی کوردەواری و سترانێکی مەزنی کوردستانیان بۆ خولقاندین ... دنیا و ژیان و ژن و جوانی و منداڵ و گوڵ و سروشت و خەبات و کوردایەتییان لە بەرچاو دەڕازاندینەوە. کە شەماڵ هات گیانی لاوک و حەیران و سیاچەمانە و هۆرە و سۆز و ئای ئای و سەحەر و قەتار و خاوکەر و ئەلاوەیسی و سەراپای گۆرانی روح بووژێنەری مەقام و بەستە و ئاوازەکانی فۆلکلۆری کوردیمان تێکەڵاوی دەنگ و چەقچەقەی و هەرای نارەسەندا قڕ کرا و خنکێندرا!

ئەو ڕۆژەی کە بە خەمناکییەوە شەماڵی هونەرمەند، وڵاتی بەجێ هێشت و بەرەو هەندەران و بۆ خوێندن و خۆ ئامادەکردنێکی تێروتەسەل کەوتە ڕێ، هێشتا بە تەواوی ئامانج و مەبەستی قوتابخانەکەی نەگەیبووە قۆناغی

چاوەڕوانکراوی  پەیامی پیرۆزی هونەری کوردی، بۆیە زۆرەها شتی وا ڕووی دا کە زۆر لەنگە و زۆریش سەیرە لێرەدا لێی بدوێین. هەرچۆنێ بێت «شەماڵ» دووبارە گەڕایەوە، ئەوەبوو هەزاران مەقۆمەقۆ و پرسیار و وەڵام و بەرپەرچدانەوە و قسەلۆک و سەر و سۆراخی جۆراوجۆر خۆی لە دەوروبەری ئەم هونەرمەندە ئالاند... هەندێ وتیان «شەماڵ وشک بووە و هیچی لە بارا نەماوە» هەندێکی کە وتیان «هەزار مەخابن بۆ شەماڵی کۆن» هەندێکی تریشیان بەرپەرچی زۆرەها شتی دەدایەوە بە «حەق و ناحەق» چەشنەها پرسیار ملی قوت کردەوە! ئەوەی دواییشیان بەسەرنجدان و تێڕامانەوە سەیری مەسەلەی گەڕانەوەی شەماڵ چوست و چالاکی و داهێنان و دەسپێشکەری شەماڵیان دەکرد.

تەمەنی ٤١ ساڵەی شەماڵ سەرگوزشتەیەکی کوشندە و چیرۆکێکی بەهاداری بەربەرەکانێ و هونەری کوردییە. هەر لە منالییەوە کە خووی داوەتە هونەر و پابەندی گۆرانی وتن و ئاوازی بەسۆز بووە، تا ئەو سالانەی کە بەشداری لە تیپەکانی سروودی قوتابخانەکاندا دەکرد، چ لە ساڵی ١٩٤٦دا و لە شاری بەغداد کە ملی داوەتە خوێندنی مۆسیقا و چووەتە ئامۆژگەی هونەرە جوانەکانەوە، هەتا ساڵی ١٩٥٥ ـ ١٩٥٦ کۆلێجی ئەدەبیاتی تەواو کردووە و بڕوانامەی «بەکالۆریۆس»ی لە زانستی مێژوودا وەرگرتووە، تا گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی بۆ گوزەرانی ژیانی خۆی زۆر جار «عوود»ەکەی بفرۆشێ، تەنگ و چەڵەمەکانی خوێندن و قوتابخانە و هونەروەریانەی خۆی پێ تەخت بکات، هەر لەوساوە دوور وڵاتی و وەرگرتنی بڕوانامەی «ماجستێر»ی لە زانستگەی «ئینديانا»ی ئەدەبیات و مێژوو و مۆسیقادا، تا ئەم ساتەی کە دڵی بۆ کردینەوە دەروازەی گەلێ ڕاز و گلەیی و بیروڕای جۆر بەجۆری بۆ والا کردووینەتەوە خۆ  ئەگەر شەماڵ «کورد» نەبووایە ـ خوانە خواستە ـ ئەوا ئەمڕۆ ئەو شەماڵە نەدەبوو، ئاواش هەڵنەدەسەنگێنرا و بەم چەشنەی ئەمڕۆیش سەودای لەگەڵ نەدەکرا... بەڵام چش دەبێ هەر مرۆڤێکی بلیمەت خەرج و باجی بلیمەتییەکەی بداتەوە خۆ ئەگەر شەماڵ نەبووایە، ئەم

خەڵک و خـوایە ئاوا مـتووی نەدەبوون و ئاوایش حسـابیان بۆ نـەدەگرتەوە لە دانیشـتنێکی کوردانەی چەند سەعاتـی لەگەڵ شەمـاڵدا، کە بەلای منەوە تـەنیا «دوو دەقیـقە» بـوو ویستمـان چەند پرسیـارێکی وای لێ بکەین کە لە شـێوازە تەقلیدییەکە دەرچێت و لایەنە شـاردراوەکانی شەمـاڵمان بۆ بدرکێنێ، کەچی لەبەر هەندێ شـتی گشتی ـ جێی داخە ـ هـەردوو لامان وامـان بە باشـی زانی، بە ناچاری تەنیا باس لەو شـتانە بکەین کە پێوەندیی بە هـەندێ پرسـیـاری وا هەیە کە ئـەمـڕۆکـە دۆست و لایەنگرانـی شـەمـاڵ و شـەیدایانی هـونەری کوردیمان مەبەستیانە، کەچی دەیەها قسە و باس و خواس و بیروڕا و سەرنج و لێکۆڵینەوەمـان خـسـتە دەرفـەتێکی گـونجـاوتر و لەبارتر!! هەرچۆنێ بێ، هیواداریـن وەڵامی هەندێ لە پرسیارەکانی تێدا هەبێت!

* مامۆستا ... یەکەم گۆرانیت؟

– ئەو گـۆرانیـیـەیە کـە بـۆ سـروودی ئێـزگـەی کـوردی و لە سـاڵی ١٩٤٨دا وتوومە، کە شیعرەکەی هـی «پیرەمێرد»ی نەمرە «موژدە بێ ساڵ گەڕایەوە» !

* ئەی مەسەلەی خوێندنی تازەتان؟

– بڕوانامـەی مـاجسـتێرم لە ئـەدەبیات و مێژوو و مۆسـیـقـادا وەرگـرتووە، ئەمـەو سـەرەڕای تەواوکردنی هەمـوو پێداویست و داخـوازییـەکانـی «دوکتـۆرا» کـە شـەش مـانـگم مـابوو تەواوی بکـەم کـەچی لەبەر ئـەو داوا گـەرمـەی کـە زانسـتگەی سلێمـانـی لێی کـردم ناچـار بووم بگەڕێمـەوە وڵات و بۆ مـاوەیەک ڕایگرم زۆر شت بخەمە پشت گوێوە!

* ...... ئەی خۆشترین گۆرانی خۆت چییە و لەبەر چی؟

– هیـچ گۆرانییـەکی دەستنیشـان کـراوم نییە، بەڵام دەتوانم بڵێم کە لە نێوان «بۆ هاتی و پێم بڵێ»دایە.

* بۆ...؟

– ئەم پرسیارە دوای دوو ساڵی تر وەڵامی دەدەمەوە.

* خواستی خۆتە ... ئەی کەواتە پرۆژەکانی ئەم دواییەت لە ئێزگە و تەلەفزیۆندا گەیشتووەتە کوێ؟

– جارێ دەمەوێ لە پێشدا زۆر سوپاسی کاربەدەستانی داوودەزگای ئێزگە و تەلەفزیۆن و سینەما بکەم، لە سەروویانەوە مامۆستا (محەمەد سەعید سەحاف) کە زۆر دڵسۆزانە دەستی یارمەتییان بۆ درێژ کردین و زۆرەها گیروگرفتیان بۆ تەخت کردین، لەو پرۆژانەی زۆر بۆ جێبەجێکردنی بەتەنگەوە بووین لەمانەش «پرۆژەی بووژاندنەوە و تۆمارکردنی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانمان» بۆ تەلەفزیۆن، کە زۆر ئومێدەوارم لە ڕێگەی سینەماوەش بە شێوەی تابلۆهات تۆمار بکرێ، کە کوڕ و کچی تێدا بەشدار بووە، لە پێناو بووژاندنەوە و پێشاندانی ڕووی گەش و پرشنگداری گۆرانی و سامانی هونەری میللیمان، هەروا بۆ سوود وەرگرتنی هونەرمەندانی لێهاتووی کورد لەم سەرچاوە ڕەسەن و دڵگیر و جوان و پرپیت و پێزە... هەروا دامان ناوە بە زووترین کات ستۆدیۆیەکی وەختی دامەزرێنین، کە خەرج و مەسرەفەکەی «بەرژەوەندی گشتی ئێزگە و تەلەفزیۆن و سینەما» دەیگرێتە ئەستۆی خۆی. سەرەڕای ئەوەش هەوڵی دامەزراندنی تیپێک دەدەین لە «کوڕ و کچ» کە مەرکەزەکەی سلێمانی دەبێت بە پێی نەخشەیەکی ڕێک کە لەلایەن لیژنەیەکەوە لە هونەرمەندانی هەڵکەوتووی مۆسیقا و فۆلکلۆر و شیعر و هەڵپەڕکێوە دەخرێتە کار. ئەوەی ڕاستی بێ ئەم کارە گرینگە، پرۆژەیەکی یەکجار زل و تەجرەبە و تاقیمانەیەکی هەرە گەورەی کوردیمانە، کە بە تەواوی شەیدای بووم و خەو و خۆراکی لێ زویر کردووم، چونکە ئەرکی خستنەکار و جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆ کەوتووەتە سەرشانی من و بووە بەمایەی (ئا) یان (نا)ی پاشەڕۆژی من لە مەیدانە فراوانەکانی هونەردا، دەزانی بۆ؟ چونکە من بە گەورەترین مەسەلەیەکی نەتەوایەتی و هونەری دەدەمە قەڵەم هیچ ناووناتۆرەی تاکە کەسی و شەخسی خۆمانی تێدا نییە، بەڵام گەورەترین

گیروگرفت و شملّی شەڕێک کە بێتە سەرەڕێ ئەم پڕۆژە بە قیمەتە، تەنیا هەر کۆنە دەردەکەیە، دەردی نەبوونی کادیری «ئافرەت» بەڵێ «ئافرەت، ئافرەت، ئافرەت» .. سەد خۆزیا هەوڵ و ڕەنجێکی بێ شومار بدرایە بۆ چارەسازکردنی ئەم مەسەلەیە چ لەلایەن میرییەوە، چ لەلایەن دڵسۆزانی کورد و پیاوانی هونەر و مامۆستاکان و دایک و باوک و برا و ئامۆزا و خاڵۆزا و خوارزا و پوورزای «ئافرەت»انەوە.

تا هانی ئافرەت و کچانی هەڵکەوتە بدەن و یاریدەیان بدەن تا دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ بکەن، لە پێناو سەرسەختین ئەم پرۆژە ئینسانی و نەتەوەیی‌یە دەمەوێ ئەوەشیان پێ ڕابگەیەنم کە لەلایەن کاربەدەستانی بەرژەوەندی ئێزگە و تەلەفزیۆن و سینەماوە، دەستوور و ماوەیەکی زۆر فراوانی پێ دراوە کە بە ئارەزووی خواستی خۆم هەرچی پارە و پوول و توانست و پێویستییەک هەیە بۆ هەر ئافرەتێک کە ئێمە هەڵی دەبژێرین سەرف و تەرخان بکەم بەبێ هیچ قەید و شەرتێک!! ئەمە وا، بەڵام ئەو پرۆژانەی کە تا ئەمرۆ تەواوم نەکردوون، ئەمانەی خوارەوەن: جارێ لە پێشدا زۆر حەز دەکەم، ئەم خەڵکە هەندێ بە حەق و لەسەرخۆ و بە گیانێکی مەوزووعییانە ڕەخنە لە هونەرمەندان و دۆخ و وەزعی هونەر و هونەرمەند بگرن ئینجا زۆر بە هێمنانە و دڵسۆزانە حوکمی خۆیان بدەن و هەرچی دەڵێن سەرفرازن:

١- یەکە ئیشێکی هونەری سەرکەوتوو کە تا ئێستا و بۆ یەکەم جار لە عێراقدا کرابێ، دەربارەی تۆمارکردنی گۆرانی سینەمایی بوو کە سەعات و نیوێکی خایاند و تەنیا بە دوو حەفتەیش تەواومان کرد، کە بەلایەنی کەمەوە ساڵێکی رەبەقی پێ دەوێ بۆ تەواوکردنی، جارێ ئەو کچە کە لە گۆرانییەکاندا لەگەڵ منا بەشداری کرد هەر ئەوەندەی پێ کرا تەنیا پێنج گۆرانیم لەگەڵدا تۆمار بکات، بێ ئەوەی هەردوو لامان لەسەر مەسەلەی تۆمارەکە ڕێک بکەوین، یا ئاگەدار بکرێینەوە. جگە لەوەش ئەم کچە تەنیا حەفتەیەک ئیجازەی پێ درابوو نەیدەتوانی لەمەش زیاتر چاوەڕوان بێت سەرباری ئەوەیش پرۆژەکە

زۆر باش لێی نەکۆڵرابووەوە و نەخشەییەکی دیاریکراوی نەبوو، بگرە هەر زۆر ناکاو و بەپەلە بوو و هیچ خۆ حازرکردنێکی نەفسی و هونەری تێدا نەبوو ـ بە گشتی ... جا ئەگەر گۆرانییەکان هەر کەم و کورتییەک و کەلێن و کەلەبەرێکی هەبێ، یەکسەر بەندە بەو وەزع و زرووف و حاڵە تایبەتییەی کە ئێمە و پرۆژەکەی تێدا ژیاوە، ئەمەو جگە لە گەلێ هۆی وا کە دەورێکی گەورەی لە دواخستنی تۆمارەکەدا بینی، وەک گۆڕینی شوێن و کات و هاوینەهەوارەکان و هەروا نەخۆشکەوتنی زۆربەی پسپۆڕ و کارگێڕەکان... بەسە کە بڵێم من لە گۆرانی «زوڵەیخا و هیوا»دا، دەرەجەی گەرماییم چل بووە.

٢– نەخشەی پرۆژەی تۆمارێکی تازەم بەدەستەوەیە، کە لە چلەی زستان و کڕێوەی بەفر و ڕێژنەی بارانا دەست پێ دەکات.

٣– هەروا نەخشەی پرۆژەی چەند تابلۆیەکی گۆرانی و هەڵپەڕکێی کوردیم بە دەستەوەیە بۆ «فرقەی قەومی» کە ئەندامەکانی تیپەکە خۆیان بەشداری تێدا دەکەن و دەیهێننە کایەوە.

* باشە مامۆستا... دەڵێن بەم نزیکانە بۆ خوێندن دەڕۆی، کەی و لە کوێ؟

– ڕاستییەکەی، بیعسەکەم بۆ ئینگلتەرەیە، بەڵام من هەوڵ دەدەم بیکەم بە ئەمەریکا، لە هەردووکیان زیاتریش حەز دەکەم لە «قاهیرە»دا ئەم خوێندنە تەواوبکەم، لەبەر گەلێ هۆ، وەک: دەتوانم سوودێکی باش لە مەجالی هونەری قاهیرە وەرگرم و جار جارەش چەند پرۆژەیەکی هونەری بێنمە کایەوە و بینێرم بۆ وڵات یا هەر یەکسەر خۆم ـ ناوە ـ ناوە بێمەوە بۆ وڵات و هەندێ پرۆژە جێبەجێ بکەم.

* ئەی نەخۆشییەکانی گۆرانی کوردیمان چۆن بۆ دەستنیشان دەکەیت؟ چارەی چۆنە؟

– شێرپەنجە و نەخۆشییەکانی گۆرانی کوردیمان زۆر ڕوون و ئاشکرایە:

لەبەرئەوەی چونکە کەرەستەی  خاوی ئەم گۆرانییە لە کوردستانایە کەچی مەرکەزی چوست و چالاکی هونەر کەوتووەتە پایتەخت، کە بەلامەوە دەبێ بە تەواوی و لە بنەڕەتەوە ئەم گیروگرفتە چارە بکرێت، ئەمیش:

بە کردنی شاری سلێمانی بە مەرکەزی هونەری کوردی، چونکە هەم زانستگەی لێیە، کە سوودێکی زۆری لێ وەردەگیرێ هەم هاوینەهەوار و شوێنی خۆرسکێکی ئامادەیە و هاوینەهەوارەکانی تری کوردستانیش نزیکە، خۆ ئەگەر هات و دەزگایەکی کارامەی ئێزگە و تەلەفزیۆنیش لەم شارەدا دابمەزرێ بە سێ و چوار «شەپۆل و قەنات» ئەوا وەها باشتر و لەبارتر و ڕاستتر دەبێت، هەروا گرینگییەکی زۆر بدرێت بە منداڵ و کردنەوەی قوتابخانە  یا ئامۆژگایەکی مۆسیقا بۆ منداڵان لە پێناو خوێندن و فێربوونی مۆسیقای رۆژهەلات و رۆژئاوایی، ئینجا دەسخستنی باوەڕنامەیەکی بالا و رۆشنبیرییەکی تێر لە زانستی مۆسیقادا، بێگومان دەستنیشانکردنێکی «مسح» فراوانیش دەربارەی منالە لێهاتووەکان  بکرێت لە قوتابخانەکان و بەسەرپەرشتی مامۆستاکانەوە، هیچ دوودلی تێدا نییە، با ژمارەشیان کەم و دەگمەن بێت، سوود و خزمەتێکی زۆر گەورەی تێدا دەبێت، دوا جار، بۆ ئەوەی چاری ئەم نەخۆشییانە بکرێت، دوایان ببرێت، دەبێ هەموو هونەرمەندێکی جگەر قایمی کورد، هەست بە بەرپرسیاری خۆی بکات، لە پێناو خولقاندنی سەرفراز و رزگاری بەخش، بە تایبەتی لەم قۆناغە تەنگە کە ئەنگوستەچاوی نەتەوەمانە.

* گومانی تێدا نییە... باشە ئەی دوا هەوالی دەردی نەخۆشییەکانی ناو هونەرمەندانی کورد؟

– ئەمە دەڵێم و بەس خۆزیا ئەگەر بلوایا، هەر هونەرمەندێک یا نەختێ شارەزایی لە دنیای فراوانی پێگەیاندنی هونەرمەند ببوایە، یا هەرنا بیتوانیایە بگاتە ولات و ئینجا پاش هیلاکبوونێکی زۆر، زۆر چاک دەرکی بەوەوە دەکرد، کە رۆژئاواییەکان چۆن هونەرمەند پێ دەگەیەنن و چۆنیش

هەڵدەسـەنگێنن و خـۆیشـی چۆن خـۆی ناسـیـوە و پتـر بە دوای خـۆ ناسـینی خـۆیدا شـەیدایە، خـۆ ئەگـەر بێـتـو کۆمـەڵەیـەکی وەخـتـیـیش بوایە تەنیـا بۆ هونـەرمـــەندانـی گـــەنج و بە توانا و بلیـــمـــەت تـا بە هـەمـــوو لایەک هـەوڵی سـەرخـسـتنی ئەو ئـامـانجـە پیـرۆزەمـان بدایە کـە پەیامی پیـرۆزی هونەری کوردیمان مەبەستیەتی، گەلێ لە کولک و مووی ئەم نەخۆشییانە چارەسەر دەکرا!

* ئەمە وا... ئەی کامە گۆرانیبێژی کوردی و جیهانیت بەدڵە، بۆ؟

– کاکی خـۆم .. هونـەر وەک گـوڵزارێکی رازاوە بێ وایە گـوڵـەکان بەیەکەوە جوانن و کامیان لە ئەوەی تریان دابڕ ناکرێت.

* ئـەمـــەیش وا... ئـەی مـــەســـەلەی گـــەشـــەپێکردنی گـــۆرانـی فـــۆلکلـۆریمـان چۆنـی لـێ حـــاڵیت و بە چ ڕێبـــازێک هەڵی دەسەنگێنی؟

– بەلامـەوە، ئەم گیـروگرفـتـانەی ناسکتـرین و بەهادارترین مـەسـەلەیە، کە پێـداویسـتـی بە لێـدوان و مـوناقـەشـەیەکی تێـر هەبێت، چونکە ئەمـانـەتی میللەتێکی بەجەرگ و دواکەوتە و بێ دەرەتانە، جارێ مادامەکی ئێمە ئەمڕۆ لە قۆناغی کۆکردنەوە داین، دەبێ گۆرانییەکان لە دەقی خـۆیان بمێننەوە و وەک خـۆیان تۆمـار بکرێن و هیچ دەسکارییـەکی نـاڕەسـەن و نـاڕەوا و کـاڵ و کـرچی تێدا نەکرێت، هـەروا لەبەرئەوەی (اداء ـ وتن) دەورێکی کاریگەر و دیاری هەیە، دەبێ بایەخێکی زۆر زۆری پێ بدرێ.

* زۆر ئاشـکرا و راســتــە: باشـــە ئـەی چۆن بیــر لـەم وشـــانە دەکەیتەوە؟

–هاوین: گەرمـایی، هـەر بەم بۆنەیەوە لە هاویندا زسـتـان و لە زسـتـاندا هـاوینم بیر دەکەوێتەوە، بۆ نازانم؟

بووک: نازناوێکە پاش ماوەیەکی زۆر کەم نامێنێ!

کوردستان: جوانترین وشەیە لە فەرهەنگا

سید علی اصغر: جێگەی شانازیمانە، چونکە اداء وتنی زۆر راست و رەوان بوو!

شیعر: دەنکێکە لەو ملوانکە ئاڵووالآیەی ژیان و سروشت کە بە ملی مرۆڤی رەنجکێشەوە دەکرێت.

دڵداری: راز و نهێنی بوون و مان و ژیانە، بەلآم نەک وەک ئێمەمانان تێی دەگەین ... لە ناو ئێمەدا زۆر تەمەن کورت و دەگمەنە وەک دەگمەنی «ڕۆژگیران» و «مانگگیران» دڵداری سەرچاوەی هەموو هێز و پێز و داهێنان و بلیمەتی و جوانییەکە.

ڕۆما: بەداخەوە، هەر لە نیو سەعاتێک لە «فرۆکەخانە»کەیدا ماومەتەوە، سەیر ئەوەیە لەو کاتەدا قەشەیەکی گەنجی ریش پان، باسی دڵداری و جوانی بە گوێچکەما دەچرپاند.

بێدەنگیی خۆت: بە زۆری ئەوەیە خەڵک لێم تێ ناگات!

ئارەزووی ترت: یاریکردن لەگەڵ منداڵی ساوادا!

ورده نیازت: خۆزیا پێش مردنم ببوومایە بە «باوک» و پێشکەوتنی هونەری کوردیم بەم دوو چاوانەم بدیایە!

* ...... دەڵێن هەندێ لە گۆرانییەکانت بە زمانی تریش دەوترێ؟

– بەڵێ ... بەردە بەردە بە دەنگی «هیام یونس» وەرە وەرە بە دەنگی «سەباح فەخری» کراوە بە عەرەبی، هەروا هەرێ لەیلێ بەزمانی «فارسی» بیستوومە دەڵێن بەزمانی «چین»یش هەرێ لەیلێ دەوترێ.

* ئەی برێ لە ژیانی رۆژانەی دوور وڵاتی و غەریبیی خۆتمان بۆ باس ناکەیت؟

– بەڕاستی، تاقە یەک شتم بیر ناچێتەوە، ئەمیش کە دۆست و ئاشنا و برادەرەکانم بە «شێت»یان لە قەڵەم دابووم، چونکە ئێواران لە زەردەپەڕدا کە سەردەکەوتمە سەربانی خانووەکەم لە «واشنتۆن»دا، بۆ خوێندن و موتاڵاکردن، بیرم لە کوردی لانەواز و کوردستانی شیرین و بێکەس دەکردەوە، سەربەرزیی مرۆڤی دەکردەوە، شپرزەیی دای دەگرتم دەتاسام و دەسووتام و زیندوو دەبوومەوە، هۆن هۆن فرمێسکم هەڵدەڕشت. بۆیە پێیان دەوتم «شێت» نازانم شتێ لەم شێتایەتییە جوانتر هەیە کە عاشقی کێو و تەلار و بەندەن و بەرد و کانیاو و ئەستێرە و ڕووبار و چەم و خیزەلان و ئاسمان و خاکی ئەم کوردە مەردە بیت.

* ئەی مەسەلەی ئاڵۆزکان و کارتێکردنی ئاواز و گۆرانی بێگانە، بە تایبەتی هی عەرەب و تورک و فارس بۆ سەر گۆرانیبێژە گەنجەکانمان چۆن دەسنیشان دەکەیت؟

– راستییەکەی ئەم مەسەلەیە بەندە بە وەزعی کورد و بە حوکمی سنوور و پێوەندی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری کورد لەگەڵ ئەم میللەتانە و میللەتانی تریش، لەگەڵ ئەوەشا هەندێ گۆرانیبێژی رەسەنی میللی وامان هەیە لە هەندێ شوێنی تووشی شاخاوی هەزار بەهەزاری کوردستاندا کە بە تەواوی پارێزیان لە رەسەن و مۆرکی گۆرانی بێگەردی کوردیمان کردووە، کە بەلای منەوە، سەرچاوەیەکی زۆر ڕوون و پاکە بۆ شت لێ هەڵێنجانی! دیارە ئەم مەسەلەی کارتێکردنەش یاسای مێژووە و پێویستە ئێمەش بە وردی لە شت بکۆڵینەوە. ئەمە سەرەڕای ڕۆڵی ناپەسەندی ئێزگە و تەلەفزیۆن لەم مەسەلەی شێواندن و ئاڵۆزکان و کار تێکردنەدا.

* باشە، ئەی ئەدەبیات و بزووتنەوەی رۆشنبیری ئەمڕۆتان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

– بێ دوودڵی دەڵێم: کە بزووتنەوەیەکی یەکجار بەهێز و پیرۆزی ئەدەبیات و

ڕۆشنبیری کوردیمان ئەمڕۆ لە گەڕدایە و قۆناغەکان گڕ تێ بەردەدا، خۆزیا بزووتنەوەی هونەریشمان بگەیشتایەتە ئەم پایە و پلە و ڕادەیەی کە وشەی زیندوو و شۆڕشگێڕی کوردیمان تێدا دەژین! دەمەوێ ئەوەیش بەبرا ئەدیب و شاعیرە لێهاتووەکانمان بڵێم: کە تۆزێکیش خوو بدەنە مەسەلەی هونەری «شیعری گۆرانی» یا «شیعر دانان بۆ گۆرانی» و بەس!

* ... ! ئەو بیروڕایانەی کە باوەڕێکی پتەوت پێیانەوە هەبێ؟

– پێش هەموو شتێک کێشەی ئادەمیزادی کورد و مافی کورد، ئینجا گیانی لەخۆبووردن و قوربانیدان و برایەتی هەروا دەوری هونەر و ئەدەبیات لە کۆمەڵدا، دواجار خێر و خۆشی مرۆڤایەتی و دوا رۆژی بەختەوەر و رزگاربوونی.

* ئایا دەتەوێ چی تر بڵێیت؟

– دەمەوێ بە کۆمەڵی ئازیزم بڵێم کە دەستی یاریدەدانم لێ نەبڕن، هەروا خۆزگە هەموو ئەندامێکی ئەم کۆمەڵەمان وازیان لە گیانی خۆپەرستن و چاوە چاو و ناو و ناتۆرە و هەڵبەستن و رقەبەرایەتی بهێنایە، وەفا و مەردایەتی و دڵسۆزی رێبازمان ببوایە، «خۆشەویستی»ش ببوایە بە دروشم و پێوانی ژیانی رۆژانەی هەموو لایەکمان، چونکە هەر تەنیا لە پەڕەی «خۆشەویستی»یەوە دەگەین بە هەموو مەزنی و پێشکەوتن و سەرفیرازی و بەختیارییەک.

هاوکاری – ژمارە ١٤٦ – ١٩٧٢/١٢/١٥

# دیدار لەگەڵ شەماڵ سائیب

عەبدوڕەحمان بێلاف

* مامۆستا شەماڵ چ شتێک سەرنجی بۆ لای مۆسیقا و گۆرانی ڕاکێشای؟

– من باوکم قایمقام بوو ئیتر هەرساڵی لەجێیەک بووین، لە عەقرە لە چوار تا چەمچەماڵ، ڕەواندز، شەقڵاوە، من لە عەقرە لە پۆلی یەکەمی سەرەتای وەرگیرام و دەستم بەخوێندن کرد. بەڕاستی زیاتر دەنگی تەیر و دەنگخۆش بەعزێ جار لە دوورەوە ئەیانووت زۆر تەئسیریان لێ کردووم، بەڵام خۆشم قابیلیەتی ئەوەم نەبوایە، کە وەکو ئیستعابی ئەو دەنگخۆشەی بکەین. حەزم لە دەنگخۆشە ئەکرد، یەعنی ئەتوانم بڵێم من دەنگم خۆشە نییە، بەش خۆم خۆشم کرد، ئەمەندە لاسایی ئەمانم کردەوە، جارجار ئەڵێ دەنگی دەهۆڵ لە دوورەوە خۆشە، ئیتر مەسەلەن شوان لە دوورەوە گۆرانی ئەووت یا شمشاڵێکی لێ ئەدا، یا هاژەی ڕووبار و دەنگی باو گەڵای درەخت. ئیتر کە هاتینەوە سلێمانی دووەم دەرچووم لەشەشی ئیبتیدائی، چووم بۆ کولیەی "مەلیک فەیسەڵ ئەو وەختی کولیەی "مەلیک فەیسەڵ" هەبوو "سانەوی" بوو بەس پێیان ئەووت کولیەی "مەلیک فەیسەڵ" بە ئینگلیزی ئەمانخوێند، بەس پێش ئەوەی تەقدیحی ئەوێ کەم، تەقدیحی "معهد فنون جمیلە"م کرد، ئەوەڵ کورد بووم کە مۆسیقام خوێند. فێری سێ ئالەت بووم "عود، کەمان، پیانۆ". بەر لەوەی برۆمە "معهد فنون جمیلە" شمشاڵێکی باش فێر ببووم، چونکە ئالەتەکەم بە ئاسانی دەست کەوت.

* مامۆستا ساڵی چەند چوویتە ئیستگە و کەمێک باسی

هونەرمەندانی ئەو سەردەمە و کاری ئیستگەی کوردی ئەو کاتەتان؟!

– لە ساڵی ١٩٤٧ پێم نایە ئیستگەی کوردی، ڕادیۆی کوردی ئەو کاتە زۆر ساکار بوو، بەڵام تاکە ئیستگەیەک بوو خەڵک بەتاسەوە گوێی لێ دەگرد، هەمووماں وەک خێزانێک کارمان دەکرد، ئاواتمان بەرز بوونەوەی هونەر و مۆسیقای کوردی بوو، نامەوێ لە کارو خزمەتی کەس کەم بکەمەوە، مامۆستا علی مەردان سەرقافڵەی هەموومان بوو، بەڵام منیش هیچم لەو کەمتر نەبوو، تەوزیعی مۆسیقام بۆ هەموویان دەکرد، ئیشرافی سەر فرقەی مۆسیقام دەکرد، فرقەکە هەموویان عەرەب بوون و مۆسیقا لەلایەک بوو گۆرانی لەلایەکی تر، هیچ نەبێ هەوڵم دەدا شتێ ببێتە بەرهەم زۆر لەگەلیان هیلاک دەبووم، مەبەست مۆسیقیە عەرەبەکانە، سەماعی فێرببووم، زۆربەیان کوێر بوون، دەبوایە هەم شتیان بۆ ڕاست بکەمەوە، هەم ماوە نەدەم زۆر بەلای عەرەبیادا بڕۆن. وە هەروەها پڕۆگرامێکم هەبوو بەناوی "باخچەی مۆسیقا" لەگەڵ چەند پڕۆگرامێکی تر بە هاوکاری برای خۆشەویستم کاک عومەر هەڵمەت ئامادە و پێشکەشمان دەکرد.

* مامۆستا هەندێ باسی ژیانی ڕابردووی خۆت و پەیوەندیت لەگەڵ هاوڕێکانت و تێکەڵاوتیان لەگەڵ شەیدایانی دەنگی بەڕێزتان؟

– من ژیانێکی ناخۆشم هەبووە، نەبوونیم زۆر بینیووە، هیچ شتێ لە نەبوونی سەخت و زەحمەت تر نییە، توانیوومە خۆم لەسەر قاچەکانم ڕابگرم و تەنازول بۆ کەس نەکەم، نابێ ئەوەشیان بشارمەوە، بەحوکمی نەبوونی گەلێ جار لە هونەر دوورکەوتوومەتەوە و دواتر گەڕاومەتەوە ناو هونەر، من هاوڕێم زۆر کەم بووە لە پەنجەی دەست تێنەپەڕیووە، ناسیاوی ناڵێم، ناسیاوی جیایە لە هاوڕێیەتی، هاوڕێ هەموو متمانەیەکی پێ دەکرێت، بەڵام ناسیاوی نا. بەردەوام ڕێزم لە حەز و ئیرادەی شەیدایانی دەنگی خۆم ناوە، بەڵام وەکو

پێویست نەمتوانیووە. من لە کۆمەڵگای کوردەواری زۆر دەترسم، شتەکان زیاتر بەچاو مقیاس دەکرێن نەک بە عەقڵ و ویژدان، بەڵێ عەیب نییە من لە بوختان بترسم، سەنەدێکیان پێ نییە کە بوختان دەکەن، بەڵام کاتێ بۆ ئیسپاتی قسەکەیان پرسیاریان ئاراستە دەکەین، لە وەڵاما دەڵێن وایان گوت وا دەڵێن... کۆمەڵگا نەخۆش موسیبەتێکی گەورەیە.

* سەردەمی بەڕێزتان هونەرمەندی مۆسیقیمان نەبوو، ئەگەر هەشبووبێ ڕەنگە هەر بەڕێزتان و دوای بەڕێزیشتان چەند دانەیەک بووبێ، کەچی ئێستا مۆسیقیمان زۆرن و ئاوازدانەریشمان زۆرن بەڕێزتان دەڵێن چی؟

– لە میسر سەرژمێرییەکیان کرد، "٣٥" هەزار مۆلیقی هەبوو "١٠"دە ئاوازدانەر هەبوو. لە لوبنان سەر ژمێرییەکیان کرد "١٥"پانزە هەزار مۆسیقی هەبوو "٨" هەشت ئاوازدانەریان هەبوو. لە کوردستان تەماشا ئەکەی ئەڵێ فۆلکۆری، مەعنای ئەوەیە ئاوازدانەر نییە، من ناوی کەس ناڵێم کاتێ شەوانە سەیری تلفزیۆن ئەکەم هەموو شەوێک ئەڵێ گۆرانی فۆلکلۆری، بۆ نموونە گۆرانیەکی من هەیە، یەکێک گوتویەتیەوە نووسیویەتی فۆلکلۆر گۆرانییەکە "بێ شەرت بێ وەفا کوا مەیلی پارت.. گیان لە لەرزانەکەی وەی لە لەرزانەکەی یار بەچی منی کوشتووە.. گیان بە لەنجەو لارەکەی".

ئەمە ئاوازی منە فۆلکلۆر نییە، لێرە دەزانی هەندێ لە هونەرمەندانی ئێمە چەندە بێ سەواد و نەخوێندەوارن، کە دەڵێم نەخوێندەوار مەبەستم شەهادە نییە، خەڵک زۆرن ئەوانەی شەهادەیان هەیە و خوێندەواریان نییە. من ئەم گۆرانیەم لە پەنجاکان لە ئیستگەی بەنجا تسجیل کردووە.

* مامۆستا گۆرانیتان بۆ منداڵان نەگوتووە؟!

– چۆن نەمگوتووە کەسی بەر لە من سروود و گۆرانی بۆ منداڵان نەگوتووە چەند گۆرانییەکم بۆ منداڵان گوتووە لە شیعر و ئاوازی خۆم بۆ نموونە

"جوانین ئێمە جوانین".

* ئەی سروودی نەتەوەیی نیشتمانی؟!

– بەڵێ لە ساڵی ١٩٦١ سروودی ئەی ڕەقیبم تۆمارکرد لە شیعری دڵدار و ئاوازی شێخ حسین بەرزنجی.

* چۆنتان بۆ ئەمریکا کاریگەری چی بوو بەسەر هونەرەکەتانەوە؟!

– لە ئەمریکا خۆم زۆر ماندوو کرد بە دوای زانست و مێژووی هونەر و مۆسیقادا، هەر خۆشم بۆ ئەمە ڕۆیشتبووم، توانیم تەجرەبەیەکی فراوان کۆبکەمەوە بۆ ئەوەی لە ئاستێکی بەرزدا خزمەتی هونەر و مۆسیقای کوردی پێ بکەم، تەنانەت لە ئەمریکا لەسەر حسابی پشووەکانیشمدا مەبەستم ڕۆژانی پشوی خۆمدا هەر مۆسیقام بۆ هاوڕێکانم لێ ئەدا. باقسەیەکی خۆشت بۆ بگێرمەوە ویستم لە ئەمریکا ئاهەنگێکی کوردی بۆ ئەمریکیەکان بگێرم ئەوە بوو خەڵکێک لە هۆڵێکدا کۆبوونەوە منیش چەند گۆرانیەکم ئامادە کردبوو پێشکەشیان بکەم، ئەوەڵ گۆرانی "هەر لەیلێم" بڕوابکە لەیەک بەیتە شیعر زیاتر هیچم لەیاد نەما تەنیا ئەوەندە نەبێ هەر ئەمەم دووبارە ئەکردەوە "بیستوومە لەیلێ ئەڵێن گۆڕاوی خۆزگە ئەمزانی لەچی تۆراوی" باشبوو کەسیان کوردیان نە ئەزانی و هەستیان بەمە نەکرد.

* لە دوای ئەوەی تلفزیۆنی کوردی پەیدابوو بەرهەمتان چی بوو؟

– لەسەر مستەوای عێراق چ عەرەب چ کورد، یەکەمین کەس بووم "١٠"دە گۆرانیم کلیپ کرد لەلایەن دەرهێنەرێکی فەڕەنسی بەناوی "شیراک". ئەمە دەنگی دایەوە لە عێراقدا هەتا تەلەفزیۆنی عەرەبیش گۆرانییە کلیپ کراوەکانی منی پەخش دەکرد، لە هەموو لایەکەوە موبارەک بابیان لێ دەکردم. تۆ ئەم ڕۆژە بخەرەوە بەرچاوت بۆ کورد ئەمە کەم نەبووە.

* مامۆستا من زۆر هەواداری حەسەن زیرەکم حەزدەکەم هەندێک باسی حەسەن زیرەکمان بۆ بکەی.

– لە کوردەواری بەشتی سەیر و سەمەرە ئەڵێن سینەما، بڕوا بکە حەسەن زیرەک سینەما بوو، خۆم زۆرم یارمەتی حەسەن زیرەک دا ماوەیەک لای من ئەژیا تا دواتر ڕۆشیتە ئوتێل و کاری دەکرد و شوێنی خۆی کردەوە. ئەگەر فرسەتمان لە شوێنێکی تر بەتێر و تەسەلی باسی دەکەین، بەڵام ئێستا لە سەدان بەسەرهات دوو بەسەرهاتی ئەوت بۆ دەگێرمەوە. جارێکیان سەردانی نازم غەزالیم کرد کە زۆر هاوڕێم بوو، حەسەن زیرەکیشم لەگەڵ خۆمدا برد، حەسەن زیرەک عەرەبی نە ئەزانی، بەڵام کە گوێی لە دەنگی نازم غەزالی بوو زۆر سەرسام بوشو، بەبێ ئەوەی خۆی بشێوێنێ گوتی شەماڵ ئەم نازمە هەتیوە، چەند قۆزە و دەنگی چەند خۆشە، دەبێ چ خوشکێکی جوان و دەنگ خۆشی هەبێ؟!

جارێکی تر من درەنگ ڕۆیشتمە ئیزاعە دیاربوو حسن زیرەک خەریکی پرۆڤە بوو لەگەڵ مۆسیقیە عەرەبەکان، منی بینی گوتی شەماڵ ئەوە لە کوێی دوو سەعاتە ئەمانە گۆرانیەکیان بۆ من پێ ئامادە نەکراوە، هەرچی لێی دەدەن ئەوە نییە من دەمەوێ، کاکە بەخوای ئەمانە بۆ جووت چاکن هەموویان لە گا ئەچن، هونەرمەند نین ئەم عەرەبە کوێرانە، خۆیان بە ئێمە ساغ ئەکەنەوە.

حەسەن زیرەک ئەوەندە بە توانا بوو وەسفی ناکرێت، هەتا بڵێی قسە خۆش و نوکتەزان و قسەی حازر بەدەست بوو، دڵنیام ئەگەر خوێندەواری هەبوایە ئەگەر لە گۆرانی شاعیر زیاتر نەبوایە کەمتر نەدەبوو ئەوە لە ئاوازیش هەر وەسفی ناکرێت. مامۆستا عەلی مەردان زۆری زۆری هاوکاری کرد، حەسەن زیرەک بەردەوام دەیگوت من بەندە و نۆکەری مامۆستا عەلی مەردانم.

* مامۆستا ئەو کچە دەنگ خۆشە کێیە کە گۆرانی لەگەڵ دەڵێی؟!

– من هەمیشە ویستوومە ئافرەت وەک پیاو دەوری هەبێ لە گۆرانی و مۆسیقادا. لە ناو کورددا بە پیاویان دەگوت چاوەش لۆتی ئەگەر ئافرەت بوایە شتی زۆر عەجایب تریان پێ دەگوت. بەداخەوە ئێمە ڕۆژگاری زۆر سەختمان بینی کە لە باسکردنی نایەت، بوختان، تانە و تەشەر، ناوزڕاندن. کۆڵم نەدا ڕۆیشتمە ئیستگەی بەشی عەرەبی کچێکی زۆر دەنگخۆش و جوان و شیرین و میهرەبان و زیرەکم دۆزییەوە، بەداخەوە هەر دوو چاوەکانی کوێر بوون خۆی ناوی "ساهیرە"بوو باوکی میسری بوو دایکی یۆنانی بوو، سەرەتا ناوەکەییم گۆڕی لە ساهیرەوە بۆ گەلاوێژ. هەموو شیعرە کوردیەکانم پێ دەگوت ئەو خێرا لەبەری دەکرد، دوایی مەعناکەی لێ دەپرسیم، من لە پرسیارێکیدا زۆرم بەزەیی پێ داهاتەوە، لە گۆرانییەکم کە دەڵێ، "پێم بڵێ.. پێت دەڵێم بەو چاوە جوانە" من لە جیاتی ئەو چاوە جوانەی بۆ تەرجەمە بکەم دەستم بە قژی دادەهێنا دەمگوت بەم قژە جوانە. ئەمیش پێ ئەکەنی ئەیگوت ئەم شیعرانە زۆر خۆشن.

* مامۆستا شەماڵ لە هونەرمەندانی کورد جەنابتان حەز بەدەنگی کام هونەرمەند دەکەن؟!

– ڕێزم بۆ تەواوی هونەرمەندانی کورد هەیە، من دائیمەن پێم خۆشە کاتێ گوێ لە گۆرانی کوردی دەگرم گوێم لە دەنگی "محەمەدی مامڵێ و تحسین تەها و تەنیا عەرەب عوسمان" بێ ئەم دەنگانە تایبەتمەندی و خاسیەتی خۆیان هەیە.

* مامۆستا بەر لەوەی بڕۆی بۆ ئەمەریکا کەسێکی چالاک بووی، لە دوای گەڕانەوەکان لە ئەمریکا زانستی هونەرکان بەهۆی خوێندەنەوە زۆر زیاتر بووە، کەچی بەرهەمتان نییە و ماوەیەکی زۆرە یاخود ساڵانێکە بێدەنگن، ئەم بێدەنگیە بۆ؟!

– پرسیارەکەتان جوانە، من دایم قەناعەتێکم هەیە لە هونەرا، لە کوردستان

ئەوەڵ کەس بووم عودم هەڵگرت، ئەوەڵ کەس بووم داخڵی "معهد فنون جمیلة" بووم، لە دوای ئەوەی کولیەی ئادابم تەواوکرد سەری خۆم هەڵگرت بۆ خوێندن بەرەو ئەمریکا، وازم لە مۆسیقا نەهێنا و لە زانکۆی "ئیندیان" بەپلەی نایاب ماجستێرم تەواو کرد و ماجستێرەکەم نیوەی هونەر و نیوەی مۆسیقا بوو، بەس کە هاتمەوە زروفێک هات ئەویش بووم بە مامۆستای زانکۆی سلێمانی، تەواو مەشغوڵ بووم، زۆر ئاواتم هەبوو بەجێی بێنم بەداخەوە بهێنم بێن بەفرقەی کۆرس لە مەسرەحی جامیعە چونکە دەنگخۆش کولیە ئاداب بووم. موشرفی فەنی بووم، یەعنی قسمی فەننی جامیعە. شتەکە بە دڵی من نەبوو، زۆر لە هونەرمەندە کوردەکان، وەکو ئەڵێ بە داخەوە هەرکەس بۆ خۆی ئیشی دەکرد، ئیشێکی جەماعیان نەدەکرد بۆ خزمەت.

تێبینیی: ئەم چاوپێکەوتنە ٣ کاتژمێر تۆمار کراوە لەلایەن عەبدورەحمان بێلاف لەگەڵ هونەرمەند شەماڵ سائیب سازدراوە، ئێمە تەنیا لە کاسێتێکیان ئەم چەند پرسیار و وەڵامانە لێ دەرهێناوە لە ١٩٨٥/١/٢٠ ئەم دیدارە ئەنجام دراوە لە ٣ کاسێت.

# چی لەسەر شەماڵ سائیب نووسراوە؟

## مامۆستا شەماڵ سائیب دەگەڕێتەوە جیهانی هونەر

د. کوردستان موکریانی

کاتێ لە بەهاری ساڵی ١٩٧٧دا لە کۆلێجی ئادابی زانکۆی سلێمانیدا دامەزرام، مامۆستا شەماڵ سائیب یەکێک بوو لە مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی و پسپۆڕ بوو لە مێژوودا. من تا ئەوسا مامۆستا شەماڵم هەروەکو هونەرمەندێک لە ڕێگەی هونەرەکەیەوە دەناسی، بەڵام باری نالەباری تایبەتی ئەوسای کاک شەماڵ وای کرد وە نەبێ هەر بە ڕێگەی خۆیەوە بیناسم، بگرە بە ڕێگەی کۆمەڵەوەش، بەڵام چ ناسینێک کاک شەماڵ وێنەیەکی ڕووناک و زۆربەی خوانان و دانیشتنان بابەتی زۆربەی مالان و درەوشەداری دەنواند، کۆمەڵەکەش لەو ساڵەدا هەر باس باسی ژینی تایبەتی کاک شەماڵ بوو، کە هەر یەکەی بە پێی بۆچوونی ئەو بارە تایبەتییەی کاک شەماڵی دەنەخشاند، زۆربەی وێنەکانیش لەگەڵ ڕاستیی کاک شەماڵدا نەدەگونجان و یەکیان نەدەگرتەوە. ئەگەر چاکەخوازێک هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم کێشە ناهەموارەی دابا، هەر ئەوەندەی دەدیت وا ئەویش لە ناو بازنەیەکی داخراودا دەخولێتەوە و کەوتووەتە بەر توانج.

هونەرمەندێک لە نێو ڕۆژانێکی پڕ لە کارەسات و ڕووداوێکی وا سەخت و ئالۆزدا بژی، دەبێ چۆن مامەڵە لەگەڵ هونەر بکات، ئایا بیرێکی ماندووی تەمومژاوی پڕ لە کێشە، دەروونێکی دوور لە ئاسوودەیی و خۆشی و سرەوتی، هەستێکی ناسکی بریندارکراو دەبێ چ بێنێتەوە بەرهەم؟

سەرباری هەموو ئەمانەش، کاک شەماڵ ماوەی چوار ساڵ بەواتا ساڵی پار

هەر بێ لانە و بێ ماڵ بوو و هەر ڕۆژەی میوانی ئوتێلێکی شاری سلێمانی نازدار بوو...... دەبێ چ ئاسوودەییەکی ژینی لە ئوتێلدا بۆ تەرخان کرابێ، تا بەدڵنیاییەکی زۆرەوە ساز و ئاوازی تازەمان بۆ دابنێت؟

ئەگەرچی ماوەیەکی زۆر ناخۆشی باڵی بەسەر ژینی کاک شەماڵدا کێشابوو، چونکە گوڵی خەم لە نێو دڵیدا ڕواو بوو و بەبارانی خەم ئاو درابوو و ڕۆژی ڕووناکی لە ناو تاریکاییی شەودا دیل کرابوو. لەگەڵ ئەوەشدا کاک شەماڵ نەیدەویست ئەم خەمە بخاتە ناو چوارچێوەی هونەرەکەیەوە و خەم پێشکێش بە کۆمەڵەکەی بکات، بۆیە وەستا... وەستا هەتا کێوی خەم ڕووخا، پەیتا پەیتا رووناکی لە ئاسۆی ژینیدا سەری هەڵداو وەکو کەشتیوانێک لە هەموو بەندەرێکدا لە خۆشەویستی دەگەڕا، کەچی لێواری ئاسوودەیی زەریایان خۆی هێمنانە لێی نزیک دەبوو، ئەوسا هەستی بە بەختەوەرییەکی راست دەکرد، کە یادی ئەوەی دەکردەوە کەوا ئاوازەکانی هەتا تەلی نوستووی مرۆڤانی کۆمەڵەکەی هۆشیار دەکاتەوە و ئەو خۆشەویستییەی کە لە کۆمەڵەکەی هەستی پێ دەکات بۆنەکەی لە هەموو گولاوێکی گێتی بۆن خۆشترە، هەر بۆیە بوو ماوەی مانگێک لەمەوبەر لە ماڵەکەیدا لە هەولێر بەڵێنی بە من و بە چەند برادەرانی دڵسۆزی خۆی دا کە بۆ هونەر بگەڕێتەوە، نەک هەر بە ئاواز و وشەدانان، بگرە بە نووسینی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی دەربارەی هونەری کوردی، هەر لەو کاتەدا تۆزی چەند ساڵەی لەسەر عوودەکەی راماڵی و ئەو ئاوازانەی ماوەی پێنج ساڵێک ئامادەی کردبوون و بڵاوی نەکردبوونەوە بۆی دووبارە کردینەوە، وشەی گۆرانییەکانی هەر ئاوازەکەی شەقڵی تایبەتی و کەسایەتی تایبەتی کاک شەماڵ دەنوێنن، پیرۆزبایی لە خۆمان و کاکە شەماڵ دەکەین بۆ ڕۆژی نوێ لە ژینی نوێدا، کە بەرهەمی نوێی هونەریمان پێشکێش دەکات.

تەواوەتی بۆ چاو پێکەوتنی تر دادەنێت!

ئاوەها شەماڵ سائیب ون بوو.

ئەوە بوو بەر لە چەند ڕۆژێک باسی یادگارەکانی یەکەم سەردانی واشنتۆنم

بۆ برادەرێک دەگێڕایەوە، ناوی شەماڵ سائیبیش پتر لە جارێک هاتە گۆڕێ، کە بووە گوڵاوی پاکژی یادگارەکە. سەرنجم دا هاوڕێکەم وەک نهێنییەکی پێ بێت و نەیەوێت بیدرکێنێت تاوەکو هەست و سۆزم نەورووژێنێت دەیویست بەسەر باری دەروونی خۆیدا زاڵ بێت. بەڵام هەرخۆی پێ نەگیرا و بەرلەوەی ئازارەکە بەسوێتر و ئەزیەتدەرتر بێت درکاندی و وتی: «ماوەیەک لەمەوبەر دوکتۆر شەماڵ سائیب پاش ئەوەی نزیکەی سێ ساڵ بەویستی خۆی، خۆی دوورخستەوە گەڕایەوە بۆ عێراق و، ئەوە بوو لێرە مرد و تەرمەکەی لە خاکی نیشتماندا نێژرا».

ئاوەها بەبێ ژاوەژاوی ماڵئاوایی لە فرۆکەخانەکەدا جێی هێشتین و بەبێدەنگی و بەبێ پێشوازیش لەلایەن هاوڕێکانییەوە گەڕایەوە بۆ هەتا هەتایە جێی هێشتین بەبێ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕاستەقینە هەقی خۆی بدەینێ.

من نامەوێ لێرەدا بۆ هاوڕێم هونەرمەندی کورد شەماڵ سائیب بلاوێمەوە، کە وەکو بزانم بڕوانامەی دوکتۆرای لە هونەری مۆسیقا وەرگرت لە زانکۆی جۆرج ستاون لە واشنتۆن، چونکە وشە خەمبارەکان ناتوانن لە ئاستی سۆزی ناوەوەی خەمەکە و فرمێسکە قەتیسماوەکاندا بن، بەڵام ئایا لە ڕووی وەفاوە بۆ ئەو هونەرمەندە هەق نییە لێکۆڵینەوەی تێروتەسەلی لەسەر بنووسرێ، یان باس لەسەر ژیانی هونەری بکرێت و لێی بتوێژرێتەوە؟

شتێکی راست نییە و نابێ شەماڵ سائیبمان لە بیر بچێتەوە، بەبێ ئەوەی کەسانی پسپۆڕ ئاوڕ لە گۆرانی و مۆسیقاکەی بدەنەوە ... یا هیچ نەبێ ئەوانەی کە لەسەر بوارەکە حیسابن، پاشان ئەوە ڕاست نییە بایەخ بە کەسانێک بدرێ و بە هونەرمەند لە قەڵەم بدرێن لە کاتێکدا کە دوورن لە هونەری راستەقینەوە، کەچی پێشەنگە داهێنەرەکانمان بە جۆرێک پشتگوێ بخەین کە شایستەی ناوبانگ و پایە و هەوڵ و ئەو ماندووبوونەیان نییە کە لە پێناوی شکۆبەخشین بە مۆسیقا و ئاواز پێی هەڵساون.

بەڕای من ... ئەمە ئەرکێکی پێویستە و کەوتووەتە ئەستۆی ئەوانەی بایەخ بە ڕەخنەی مۆسیقایی و گۆرانی و زیندووکردنەوەی کەلەپوور دەدەن و لە

ونبـوون و فـەوتان دەیپـارێزن و خـۆش بەحـاڵی ئەوەش کـە بۆ ڕەسـەنـایەتی هەمیشە بە ئەمەگداری دەمێنێتەوە.

هاوکاری ژمارە ٦٧١ی ڕۆژی ٢٠/١/ ١٩

**کۆچی دواییی هونەرمەند شـەماڵ سـائیب**

علي الحلي

لەم دواییـیـەدا زانیم کـە هاوڕێم هـونەرمـەنـدی کـورد شـەمـاڵ سـائیب کـۆچی دوایی کـردووە، ئەم هەواڵە کـتـوپڕ و خـەمـهـێنە سـەری سـڕمـاندم، چونکە هونەرمـەندە رەسـەنەکـان، هەروەها ئەمـە بەسـەر بواری ئەدەب و شـیـعـر و هونەریشدا دەچەسپێن، بەدەگمەن هەڵدەکەوێ کەسێک جێیان بگرێتەوە و لە ئاستیاندا بوەستێت.

یەکەم چاوپێکەوتنم لەگەڵ هاوڕێی ناسکمدا شەماڵ سائیب... لە چایخانەی «الزهاوی» بوو، ئەو چایخـانـە بچکۆلەیەی کـە کـەوتووەتە کـۆتاییی گـۆشـەی شـەقـامی «حـسـان بن ثابت»دا وە لەلای دەسـتـە راسـتـەوە کە دەچێـتـە سـەر شـەقـامی «الرشـیـد» کـە ناسـراوە بە ئاسـەوارە کـەلەپووری و چەشنەکـان و پانۆرامای ڕووداوەکانەوە.

ئەو چایخانەیە ئەگەرچی ئەوەندە گەورە نەبوو. هێندەش خاوێن نەبوو، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا بووبووە شـوێنی بەیەکگەیشـتنی ڕووناکـبـیـرانی ئەو قـۆنـاغـە جیـاوازە لە ژیانی هونەری و ڕۆشـنبـیری و زانست و زانیـاری گـەلەکـەمـان، لە هەمـوو تەمـەن و بۆچوون و لایەنگرییـە جیـاوازەکـان و هەر لە ئەوپەڕی باکوری نیشتمانەوە تا ئەوپەڕی باشووری کە دەگاتە ئاوی کەنداوی عەرەب.

لە سـەرەتای پـەنجـاکـاندا، یان بـە شـێـوەیەکی وردتر بڵـێین لە کـۆتاییی چلـەکـانـدا و لەم چایخـانـە ئەفـسـوونکە ر و ئەفـسـوون لێکراوەدا یەکـەمین هاوڕێکانم تێدا ناسی لەوانە شـەمـاڵ سـائیب، جـیـان، پـیـرباڵ مـەحـمـوود، عەبدولسەمەد خانقاە، مەحموود الریفی، عەبدولقادر رەشید ناسری و زۆری تر کـە لەگـەڵ هـەندێکیـاندا پێـوەندییـەکی بـەتین لە نێـوانمانـدا دروست بوو و

هەندێکی تریشیان ئەو شوێنەوارەیان لام جێ نەهێشت.

ئەودەمە شەماڵ سائیب بە گۆرانییەکی خۆشەوە ناسرابوو، ئەو گۆرانییە بە جۆش و خرۆشە وەکو لە یادم بێ «هەرێ لەیلێ» بوو، کە لە ناو هەموو خەڵکیدا بڵاو بووبووەوە و یەکەم جاریش بە هۆی ئەو گۆرانییەوە جەماوەر ناسییان، بە تایبەتی گەر ئەوە بزانین کە ئاوازی گۆرانییەکانی پەنجاکان تایبەتمەند بوو دەبوایە هەر گۆرانییەک کاریگەرییەکی بە هێزی هەبووایە تاوەکو جەماوەرێتی و نەمری دەستەبەر کات، بۆ نموونە وەکو گۆرانی «عمی یا بیاع الورد» و «هلی یا ظلام هلی» و ...... هتد.

پاشان چەندان ساڵ لەیەک دابڕاین و هەریەکەمان لە کار و سەرقاڵییەکاندا ون بووین و کەسمان ئاگەداری چارەنووسی ئەوی تر نەبوو لە ڕێگە فراوان و پێچاوپێچەکانی ژیاندا.

ڕۆژێک لە ڕۆژانی مانگی کانوونی دووەم کە ڕۆژێک بوو بەرگی بەفر و تەومژ و بارانی پۆشیبوو. لەلایەن هاوڕێیەکمەوە کە ئەوسا لە باڵیۆزخانەمان لە واشنتۆن کاری دەکرد دەعوەت کرابووم کاتێک خۆم بەژوورە خنجیلانەکەدا کرد. یەکسەر چاوم بە دوکتۆر باسل بستانیی کەوت کە بۆ دوا جار و بە شێوەیەکی زۆر خێرا لە پۆلیسخانەیەک بینیم – لەو ڕۆژەوە پڕ ترس و خۆکوشتنی هیوایانەدا، جگە لەو ئافرەتێکی ڕۆژنامەنووسی ئەمەریکایی «هێلین»م بینی کە لە ئەسڵدا لوبنانییە و تا ڕادەی شێتی لەگەڵ مەسەلەی فەڵەستیندا دەخرۆشا ... لای هەردووکیشیانەوە هاوڕێ شەنگەکەم بە خۆی و عوودەکەیەوە دانیشتبوو، هەموو لەسەر مافوورێک بوون و دانیشتنەکەیان دانیشتنێکی ڕۆژهەڵاتییانەی پەتی بوو ... بەم جۆرە سەرلەنوێ بینیمەوە. غوربەت و دووریش جەوێکی گەرمی دروست کردبوو. هەست و سۆزمان بۆ نیشتمانی ئەودیو ئۆقیانووس و کیشوەرەکانەوە گڕی سەندبوو سەرلەنوێ لێک دابڕاینەوە ... هەمووشمان دڵ پڕ خۆزگە بووین بە دیداری داهاتووی مژدەهێنەر، نەماندەزانی دووەم و دوا لێک دابڕانە.

ڕۆژنامەی ئاسۆ. ژمارە( ؟ ). شەمە ٢٥ی محرم ١٤١٠ کۆچی ١٩٨٩/٨/٢٦ز

# سوپاس

بۆ فریشتەی ئاسمان هەی ڕەوشت بەرزی جوان

کاک «عەبدوڕەحمان بێلاف» کوڕی شێخ سەلاحەدین بەرزنجی باقلانی

مرۆڤی خاوەن هەستی بەرز... هەی لاوی نووسەر و شاعیری کۆمەڵی کوردان...

بەڕاستی نازانم چۆن پێنووس لە ئاستی جەنابتا بەکار بهێنم و ئەو هەست و وشە ناسک و جوانانەی لە دڵمایە بەرامبەرت بینووسم، چونکە ئەو کارە بەرز و مرۆڤانەی خۆت و خێزانەکەت بەرامبەر هونەرمەندێکی بەرزی کورد کردووتانە کە ماوەی شەش مانگ بەهەموو تواناتانەوە خزمەتتان کردووە، نە خێزانی نە کەسی نزیک بەو نەیان کردووە. هەرچەندە لە خۆم دەکەم جوانترین کاری باش جوانترین وشەت بۆ ئاراستە بکەم، بەڵام هیچم لە دەستدا نییە کە شایەنی تۆ بێت تەنیا کە دەوری تۆ دەبێ مێژوو بینووسێت و شاهید بێت بۆت.

بەناوی خۆم و دوو کوڕەکەم «ژیمۆ و تیشکۆ»ی نازدارەوە دەستخۆشی و سوپاسی بێ پایانت دەکەین و دەگەڕێین بۆ ئەو کاتەی کە بتوانین ئێمەش بە خۆشی و لەش ساغی تۆ و خێزانت لە خۆشیدا خزمەتتان بکەین.

لە ژیان و دڵما جێگەی بەرزم وەک دوو کوڕەکەم بۆ داناویت و لەمەودوا دەڵێم ٣ کوڕی نازدار و ڕەوشت جوان و هەست ناسکم هەیە.

ڕێز و وەفاداری خۆم دەگەیەنم بە گشت عائلە و وەجاغزادە و ئەسڵ زادەکەتان یاخوا هەر ناو بەرزبن لە ناو کۆمەڵدا...

هەر بژیت بەلەش ساغی و هەست بەرز و پاکی بە درێژاییی تەمەن.

دایکت/ نەزیرە مەلا کەریم

خێزانی شاماڵ سائیب و دایکی ژیمۆ تیشکۆ

١٢/ ٨/ ٢٠٠١

# گۆرانییەکان

## هەرێ لەیلێ

شیعر و ئاواز و وتنی: شەماڵ سائیب

کوڕان: هەرێ لەیلێ　　هەرێ لەیلێ　　هەرێ لەیلێ

لەیلێ لەیلێ　　لەیلێ لەیلێ

کچان: ئۆف هاوار لەیلێ　　عومرم لەیلێ　　ئەمان لەیلێ

کوڕان: ئۆف

کچان: هاوار لەیلێ

کوڕان: ئۆف　　ئەمان لەیلێ

گۆرانی بێژ:

لەیلێ بیستوومە و ئەڵێن گۆڕاوی
خۆزگە ئەمزانی لە چی تۆراوی
لە دوای چی لەیلێ وازم لێ دێنی
لە من بەو لاوە کێ شک ئەبینی
رۆژێ نەتدیبام وەڵڵا ئەمردی
لەیلێ لە ڕێی خوا کێ وای لێ کردی
مانگەشەو دائیم دەم لە ناو دەم بوو
لەیلێ لە بیرتە یا لە بیرت چوو
لەیلێ لە ڕێی خوا ئەمجاش وەرەوە
دڵداری خۆشە و یادم کەرەوە

## ئازیز بەهارە

شیعر و ئاوازی: شەماڵ سائیب

وتنی: شەماڵ سائیب و گەلاوێژ

کچ و کوڕ: ئازیز بەهارە      ئازیز بەهارە
بەهاریش ئازیز      جەژنی دڵدارە
دەسەکەت بێنە و بابڕۆین      بۆ ناو ئەو باخ و گوڵزارە
کوڕ: ئازیز وڵاتمان زۆر جوانە      سەیری لووتکەی ئەو شاخانە
کچ : ڕەبی ئاوابێ کوردوستانە
کوڕ: ئازیز چاو کاری گریانە      لەبەر نازی ئەو شاخانە
کچ : ڕەبی ئاوابێ کوردوستانە
کوڕ: ئازیز دڵم پەرێشانە      لە بێ کەسی ئەم شارانە
کچ: ڕەبی ئاوابێ کوردوستانە

## بۆ هاتی

شیعر و ئاوازی: شەماڵ سائیب

وتنی: شەماڵ سائیب و گەلاوێژ

کـورِ: هاتی بـۆ هاتی ئـێ بۆ هاتی بـۆ بۆ
دڵی هەتیو ئەگری ئەی هاوار بۆ تۆ
کچ: هـاتم و ئـەڕۆم تـوخــــوا ببــــوره
دڵ بــریــنـداره و رێــگــاشــم دووره
کـورِ: بۆ بۆ هاتـــی ئـــێ بۆ هـاتـی بـــۆ
دڵی هەتیو ئەگری ئەی هاوار بۆ تۆ
کچ: هــــاتم ...... ئـەڕۆم ...... نـاچارم
کـورِ: زاڵـمــــی غـەدار کـــە دڵـــت داوه
بەیەکـێکی کـــە و چیت لـە من داوه
هـاتی بـۆ هـاتی ئـێ بۆ هـاتـی بۆ بـۆ
دڵی هەتیو ئەگری ئەی هاوار بۆ تۆ

## هاوار سەد هاوار

شیعر و ئاوازی: شەماڵ سائیب

وتنی: شەماڵ  سائیب و بەهاوبەشی کۆرس

کۆرس: هاوار سەد هاوار        ڕۆژێک نەتبینم
گریانم دێ نانووم وەڵڵا        مردن ئەبینم

کوڕ: ئازیز وەرە لام تاکو نەمردووم
غەریب و ڕیسوا لە کەست کردووم
ڕەنگ زەرد و ماتم        هاوار لە ناوت بردووم

کۆرس: هاوار سەد هاوار        ڕۆژێک نەتبینم
گریانم دێ نانووم وەڵڵا        مردن ئەبینم

کوڕ: شێت ئەبم وەڵڵا ڕۆژێک نەتبینم
فرمێسکی خوێنین بەکوڵ ئەڕژێنم
بڕیارم داوە و گیانە ئەتهێنم

کۆرس: هاوار سەد هاوار        ڕۆژێک نەتبینم
گریانم دێ نانووم وەڵڵا        مردن ئەبینم

## وەرە وەرە

شیعر و ئاوازی: شەماڵ سائیب

وتنی: شەماڵ سائیب بەهاوکاریی کۆرس

کۆرس: وەرە وەرە توخوا وەرە دەردی دنیام لە بیر بەرە

کوڕ: شەو تا بەیان

کۆرس: ها ها

کوڕ: بۆ یاری جوان

کۆرس: ئەهم

ڕۆژ ئەکەینەوە بەگریان

کوڕ: کوژراوی چاوی جوانین چاوی کچی کوردستانین

کچان: وازمان لێ بێنە

کوڕ: واز ناهێنین شێتی جوانین شێتی کچی کوردستانین

کچان: وازمان لێ بێنە

## هیوا

شیعر و ئاوازی: شەماڵ سائیب

وتنی: شەماڵ سائیب لەگەڵ کۆرس

خۆزگە دنیام هەبایە پێشکەش یارم کردایە

کۆرس: پێم ئەوت

کوڕ : هانێ دڵ

کۆرس: پێم ئەوت

کوڕ: هانێ گیان

کۆرس: پێم ئەوت

کوڕ: هانێ ماڵ

کۆرس: پێم ئەوت

کوڕ: ها ژیان

تاکو یارم ئەو سایە بڕوای بەدڵ کردایە

حەرامبێ ئەگەر لە تۆ بەولاوە

کەسم ویستبێ و دڵم نەداوە

هەرئەو عاشقەی جاری جارانم

بڕوام پێ بکە هیوای ژیانم

هیوا ...... هیوا

دڵسۆزم وەڵڵا بۆچی وا ئەکەی

بەناحەق هاوار دڵ وێران ئەکەی

چیم لێ ئەبینی بە دڵت نەبێ
تۆ ڕام سپێرە و من ئەیکەم شەرتبێ
هیوا ...... هیوا

## پێم بڵێ

شیعر و ئاوازی: شەماڵ سائیب

وتنی: شەماڵ سائیب و گەلاوێژ

کچ و کوڕ: پێم بڵێ و پێت ئەڵێم
بەو چاوە جوانە دڵ پەرێشانە
دنیا ناهێنێ
مردن لە ڕێیە
خۆشی خۆت بگرە واهاتین
دوو دڵمان پێیە
کوڕ: پێم بڵێ توخوا ئەی جوان
هاوار بۆ تۆ کوردوستان
دڵت بۆ کێ بۆ کێیە؟
کچ: بۆ تۆ بۆ تۆ بۆ تۆیە
کوڕ: ئەی بالابەرزی چاو جوان
پەریی هەموو کوردوستان
دڵت بۆ کێ بۆ کێیە؟
کچ: بۆ تۆ بۆ تۆ بۆ تۆیە

## زلێخا

شیعری: ئەحمەد موخلس

ئاواز و وتنی: شەماڵ سائیب

دوهی سـپـیـدی لسـەربـانـی
من جـانەک دیت ژخـەو ڕابوو

ژمـاڵ دەرکـەت دەری خـانی
تـەخـمین کـرد زلێـخـا بوو

زلێـخـا بـوو سـفـەت حـووری
وەکی تیـــرێ ژمـــن ڕابووری

چوو ســـەرئـاڤێ ڕەخێ ژووری
وەکی ڕۆژێ ل مـن ئـاڤــا بـوو

دەمـا طاقی ل بـەژنی دا
وەکی گـولێ بەری سـپـیـدا

ئـەوا دەرکـــەت دنـــاڤ ڕیدا
چەحـــال بو مـن نـەهێـــلابـوو

نەهێـــلا بو کـــەس حـــالەک
دەقـــیـقــە لمن بوونـه ســـالەک

له ڕوویا وی هـــەبوو خـــالەک
خـودی حـەق تازە کێشـا بوو

## دەمەکەت بێنە

شیعر و ئاواز و وتنی: شەماڵ سائیب

کۆرس: دەمــەکــەت بێنە و دەســتت لابە

یاری باڵابەرز کــیـــژی چابە

دڵم بە جـــۆشـــە و چاری نیـــیـــە

هاوار ئەکا و ئەڵێ تۆش ئاوابە

کـــــوڕ: پرچی درێژ و چاوی کـــاڵت

باڵای لاولاوی و لێـــــوی ئاڵت

هاوار بەمــاڵم شــێــتــیــان کــردووم

دەمــەکــەت بێنە و دەســتت لابە

کۆرس: دەمــەکــەت بێنە و دەســتت لابە

یاری باڵابەرز کــیـــژی چابە

دڵم بە جـــۆشـــە و چاری نیـــیـــە

هاوار ئەکــا ئەڵێ تۆش ئاوابە

کــوڕ: لەو ڕۆژەوە پێت وتووم گــیــانە

لەبەر من پیشــەت هەر گریانە

بـــڕیـــارم داوە و دڵ بـــۆ تـــۆ بـــێ

دەمــەکــەت بێنە و دەســتت لابە

## بۆ منت ناوێ

شیعری: مەدهۆش

ئاواز و وتنی: شەماڵ سائیب

بۆ منت ناوێ ، بۆ منت ناوێ
خۆ من بەبێ تۆ هەڵناکەم تاوێ
خۆشەویستی تۆم لێ بۆتە داوێ
گیانە دڵداری شەرمی پێ ناوێ
پێم بڵێ بۆچی بۆ منت ناوێ
من کە لە پێشدا دڵ بەستەی تۆ بووم
بەخۆشەویستی تۆ ڕەنجەڕۆ بووم
وەک مەلی هەژار زوو دەستەمۆ بووم
لە پەشیمانی تۆ ڕەنجەڕۆ بووم
لە دەمت دەرچێ بۆ منت ناوێ
خۆزگە لە پێشا بمزانیایە
کە ڕاست لەگەڵما نایەیتە کایە
خۆشەویستی من بە دڵتا نایە
تکات لێ ئەکەم تو ئەو خوایە
ئەگەر پێم نەڵێی بۆ منت ناوێ
لەسەر تۆ خۆشیم ناوەتە لاوە
دڵم دەرپەڕی جەرگم بڕاوە
هۆشم وەکو خۆم سەر لێ شێواوە

لەســـەر جـــوابێکی تۆیە دامـــاوە
تـوخـــــوا پـێم بڵـێ بۆ مـنت ناوێ
خۆشـەویستی من لەگەڵ جـوانی تۆ
تـێکـەڵاو بـووە وەکـــــــو تـان و پـۆ
جــیـا نابێــتــەوە پێــشم مـــەڵێ بۆ
خـۆشت ئەزانی عــەشـقی کـۆن و نۆ
کـــــەچی پێم ناڵێی بۆ منت ناوێ

## گیانە سوێند ئەخۆم

شیعر: هاوار

ئاواز و وتنی: شەماڵ سائیب

گـــیـــانە ســـوێند ئەخـــۆم بەیەزدانـی تاک
بە عـــەشـــقـی ڕاســـتی دڵدارانی پاک
بەگـــڕەی ســـینەی دەروون ســـووتـاوان
بەقـــــــــرچەی زامـی دڵپـــــــــڕووزاوان
بەجـــوانی ڤـــینۆس بەعـــەشـــقی فـــەرهاد
بە دێـوانەیی مـــــــەجنوونی ناشـــــــاد
ســـوێند ئەخـــۆم نیـــازم لەگـەڵتا پاک بێ
خـــۆشـــەویســـتی تۆ لە دڵمـــا تاک بێ
هـەتـاکـــــــو مــــــردن هـاوڕێی ژینـت بم
هـاوبەشی هەردوو خـــۆشی و شـــینت بم
دایم بەخـــــــەیاڵ دیدەم جـــــێگەت بێ
بۆشـــاییی ناو دڵ شـــوێن پێی ڕێگەت بێ
شـــەرت وایە گـــیـــانە تۆش وەک من وابی
دڵ پاک و خـــــــاوێن زۆر بەوەفـــــــا بی
لانەی ژیـانم لـێ نـەشـــــــێـــــــوێـنی
بناغـــــەی شـــــادیم لێ نەڕووخـــــێنی
منیش ئەوســـاکـــە لە ناو دڵمـــای تاک
وەک ئەستێرەی گەش لەسەر ئاسۆی پاک

## بەستەی دڵدار

شیعری: گۆران

ئاواز و وتنی: شەماڵ سائیب

لە ژێر ئاسـمـانی شـینا

لە پاڵ لووتکەی بەفـرینا

کـوردسـتـان گـەڕام

دۆڵاو دۆڵ پـێـوام

نە لە شـار و نە لە دێ

نەمدی کەس وەک تۆ جوان بێ

کچە کوردێک دڵ پێی شادبێ

وەک فـریشـتـە و پەریزاد بێ

نە باریکی نە گـۆشـتن

نە کـچـۆڵەی نە شـاژن

نـە زۆر چـاو ڕەش

نە ئێـجگار گـەش

بەڵام بە نیگای شـیـرین

نەمـدی کـەس وەک تۆ بەتین

کچە کوردێک وەک گوڵ وابێ

کـوردسـتـانی پێ ئاوا بێ

## شوانە

شوانە هۆ شـــــوانە
شوانـــەی ڕەنجەڕۆ
بســـتێ منداڵ بووم
قـــەولـــم دا بـــە تۆ
حەوساڵ شوانیم کرد
تا قـــەدریان زانیم
کاوڕێکیان دا پـێـم
لەبری شەرتە شوانیم
گـــورگی زاڵم هـاوار
لێـــم بوو بـــە دوژمن
کـاوڕەکەی خـواردم
خەڵکە چی بەم بەژن
دەســـتی شــــکاوم
بۆ خـــوریـــیەکـــانی
بۆ ڕانک و چۆغـــەی
لای هـــەورامـــانی
دەســـــتی شکاوم
بۆ قـــــاچەکـــــانی
بۆ ڕەو و ڕۆیــــــنی
ســەر شاخـەکانی
دەســـــتی شکاوم
بۆ چـــاوەکـــــانی
بۆ بــــزە بــــــزی
ناو باغـــەکـــانی
دەســـتی شــــکاوم
بۆ شـــاخـــەکـانی
بۆ دەسکە چەقـۆی
لای وەســـتـاکـانی
مـــەڕوانە شـــــوانم
چۆغـــەم لەبەردا
لە ژێر ئەو چۆغـــە
دانـــەی گـــەوهەردا

## جوانین ئێمە جوانین

گۆرانی کچان

شیعر و ئاوازی: شەماڵ سائیب

جـوانـین ئێـمـە جـوانین
ڕۆڵەی کـوردسـتـانـین
پەری ناو شـاخـانـین
لەخـواشـەوە جـوانـین
بولبـولـی باغـانـین
هەڵپـەڕکێ ئـەزانـین
عـاشـقی کـوردانـین
لە خـواشـەوە جـوانین
بـالای بـەرزی لاولاو
ئەبرۆی ڕەشـی سـەرچاو
ڕەنگی سـپی پاکـمـان
هاوار ئەکـا جـوانـین
بـەهـاری ڕەنـگـیـنـی
شـەمـاڵی هـاوینی
نێـرگـز و ڕەیحـانی
هاوار ئەکـا جـوانـین

## بولبول مژده

شیعر و ئاواز و وتنی: شەماڵ سائیب

بولبول مژده بەهارە		هەور نەماوە و ڕۆژ دیارە
ئاسمان ڕووی بێ غوبارە		سەرما بەرەو فیرارە
خۆشە بولبول		چوونە سەرچڵ
نەغمە خوانی و		دیمەنی گوڵ
بولبول سازی باغانی		دەنگ خۆشی کوردوستانی
هاوارکە چەندە جوانی		بەکوردی بڵێ گۆرانی
خۆشە بولبول		چوونە سەرچڵ
نەغمە خوانی و		دیمەنی گوڵ
بولبول دەمەوبەیانی		وەرە لام بەگۆرانی
خۆشەویستی کوردانی		بۆیە هێندە جوانی
خۆشە بولبول		چوونە سەرچڵ
نەغمە خوانی و		دیمەنی گوڵ

## بۆ تۆیە دڵ

شیعر و ئاواز و وتنی: شەماڵ سائیب

کۆرس: بۆ تۆیە دڵ بۆ تۆیە    کیژۆڵەی شاری کۆیە

گۆرانیبێژ: ماڵەکەشم

کۆرس: بۆ تۆیە

گۆرانیبێژ: چاوەکەشم

کۆرس: بۆ تۆیە

گۆرانیبێژ: بێ تۆ پیشەم ڕۆ ڕۆیە

یارێکم هەیە وەکو مانگی تابانە

حەز ناکەم کەس بیبینێ چونکە دڵم پەرێشانە

هاوار

کۆرس: چەندە جوانە

گۆرانیبێژ: بووکی...

کۆرس: کوردوستانە

گۆرانیبێژ:    یارێکم هەیە جوانە وەک ئەستێرەی ئاسمانە

حەز ناکەم کەس بیبینێ چونکە دڵم پەرێشانە

هاوار

کۆرس: چەندە جوانە

گۆرانیبێژ: بووکی

کۆرس: کوردوستانە

## لە یارەوە

شیعری: هەردی

ئاوازی: قادر دیلان

وتنی: شەماڵ سائیب بە بەشداری کۆرس

گۆرانیبێژ: لە یارەوە لە یارەوە

لە شۆخ و شەنگی یارەوە

لە ڕازی پڕ نیهانییا

لە تەک شنەی بەیانییا

پەیام لە یاری جوانەوە

گەیشتە لام

کۆرس: چە نامەیەک

گۆرانیبێژ: وەی وای

چە پەنجەیەک چە خامەیەک

ئەوەندە دڵ ئەکاتەوە

خەفەت لەبیر ئەباتەوە

ئەخاتە کامی گیانەوە

تەزووی بەتام

کۆرس: بەرامەکەی

گۆرانیبێژ: وەی وای

گوڵاوی باخی نامەکەی

که ئاوی زیندەگانییە
شەرابی کامەرانییە
گوڵی هیوای ژیانمەوە
گوڵی هیوا

## سەراب

شیعری: کەریم سەعید زانستی

ڕەنجی بێ وەرم　　بەندی جگەرم
داد بۆ کێ بەرم　　کێ تۆی ون کرد لێم
مەوجی دەریا بوو　　تونگ و بەتاو بوو
یا کڵپەی ئاگر　　ئەم زامەی کرد لێم
یا پەنجەی ئەجەل　　یا ڕۆژی ئەزەل
وەهای دانابوو　　وابوو ونبێ لێم
کە چاو ئەگێڕم　　تۆ نی لە دەورم
لێلاییم دایە　　ژیان تاڵە لێم
کوا پرچی خاوت　　کوا پرشەی چاوت
ڕەنجی بێوەرم　　بەندی جگەرم

## بەرزانی

ئاواز و وتنی شەماڵ سائیب

شیعری قەدری جان

بەرزانی بەرزانی

د جەنگا وڵاتدا        د مەیدانا خەباتدا

پاڵەوان قارەمان        هەر تۆی بەرزانی

هیـمی کوردوسـتـان بارزانی

تەهێمی کوردوستان بارزانی

کـێ ڤـێ نـاڤـێ وی نـازانـی

بەرزانی بەرزانی

ئەستیرا ئاسمان        بارزانی

ئاسمانی کوردان        بارزانی

## ئێمەی ئاشتیخواز

کۆرس:

ئێمەی ئاشتیخواز ئەبێ دەست بەینە دەست
نەوەستین هەتاکو ئەگەینە مەبەست
سەربازبین هەموو فیداکار بین بە گیان
بژی ئازادی و پێشکێش بێ ژیان
بمرێ ئیستعمار بمرێ نۆکەران

کچ: ئەژین وەک برا
کۆرس: لەگەڵ گشت گەلان
کچ: ئاشتی ئەخوازین
کۆرس: تا ماوە ژیان

هاوار ئەکەین بۆ گشت جیهان
داوا ئەکەین لە گشت گەلان

کچ و کوڕ: بە ئاشتی ئەژین تاکو ماوە ژیان
کچ: ئەژین وەک برا
کۆرس: دوژمنی شەڕین
کچ ئاشتی ئەخوازین
کۆرس: ئاشتی پەروەرین

هاوار ئەکەین بۆ گشت جیهان
داوا ئەکەین لە گشت گەلان

کچ و کوڕ: بە ئاشتی ئەژین تاکو ماوە ژیان

# گۆرانی منداڵ

## بابە هەستە

بابە هەستە   مژدەم بەرێ
لە ناو جێگا   وەرە دەرێ
مژدە مژدە   مژدەم بەرێ
ئەمڕۆ چواردەی گەلاوێژە
هەستە و ئیستعمار بنێژە
شۆڕشە و مێژوومان گۆڕی
ئیستعمار گرەوی دۆڕی
شۆڕشە و زەمانی ئیشە
خزمەت و کار کە بەپیشە

## ئێمە ڕۆڵەی

شیعری: کامل هێمن "ژیر"

ئێـــمـــە ڕۆڵەی بیـــری تازەی ڕابەرین
ئێـمـە کـوردی جـەربـەزەی تێکۆشـــەرین
بۆ وڵات و ســـەربەخـــۆیی و ژینی شـــاد
خوێن ئەڕێژین لەش ئەنێژین ئەفسەرین
نیشتمان، نیشتمان، ئێمە بۆ تۆ سوپەرین
تـەقـــــــەلای بێ وچـان
سـامـان و سـەر و گـیـان
بـــۆ تـــۆیـــە و بـــۆ ژیـــان
ژیانـیش بـەمـــــــەرجێ
بـەرهـەمـی دەســـبـــەجێ
تـــۆی پـــێ بـــێ ئـــاوەدان
ئاشتیخواز ئاشتیخواز
ئێـــمـــە بۆ تۆ ســـوپـەرین
ئێمەی کورد ئێمەی کورد
گـــــــەلـێکـین بێ زیـان
دۆستی گشت میللەتان
بۆ ئاشـــتی و ئاســـایش
گـــۆرانی و ســـتـــایش
ئـەبێـــژین هـەمـــوومـــان

ئاشتیخواز ئاشتیخواز
ئێــمــە دوژمـنی شــەڕین

***

پـەیڕەوی ڕێـگـەمـــــــان
خـــەباتـە و تێکـۆشــــان
نـەبـەزین کـــــــۆڵـنـەدان
نـابـەزیـن ئـەجـــــەنـگین
تـاکــو مـــاف ئەســـەنـین
بۆ هـەمـوو کـوردسـتـان
ئاشتیخواز ئاشتیخواز
ئێــمــە دوژمـنی شــەڕین

## سـەربازین

شیعری: عوزەیری

سـەربازین ئێـمـە گشـتـمـان
پێشـمـەرگـەین بۆ نیـشـتـمـان
کــاتی گـــەنجــیـــیـــە هەڵمان
خـــۆ بـەخت ئـەکـــەین بۆ ژیان
ســـەربازە نیـــشـــانەی هـۆز
پـارێـزەری لانـە و کـــــــــۆز
دروشـــــــمـــــــــە بـۆ وڵات
دەرخــــەری هـیـــوا و ئـاوات
تێکڕا بڵــێین ئێــمـــە هەمــوو
زوڵمـی زوومــان لە بیــر نـەچوو
بمـرێ نـەمـــــــێنـێ زۆرداران
سـوپـای بەهێـز تاجـی ڕووخـان
با گــشــتــمــان هـاوار بکـەین
بۆ ئازادی گیان بەخت ئەکـەین
تـا نـەهـێـــــــــڵین پـێ بـەراز
دەرچـێ لـە سنـووری ڕێبـــــاز
بــەرز کــــــــــەرەوەی وڵاتــین
هـێــــزی گــــەل و خــــەباتـین
کــــــەواتـە ئـێـــــوەش وەرن
لـەگـــەڵ ئێــمـــە دەست بگـرن

## ئەو رۆژەی لە دایک بووم

ئەو رۆژەی لە دایک بووم
ئەو رۆژەی من ئازاد بووم
نامەوێ بە دیلیی ژین
عەیبە بۆ ئێمە بگرین
دەست بەرە دەستم بڕۆین
سنگی زۆرداران بدڕین
ئەیگرین ئەیبڕین ئەیدڕین
ئەو خاوەن مێشکە کۆنانە
نۆکەرن لە بۆ بێگانە
خوێن مژینمان پیشەیانە
ئەمڕۆ رۆژمانە
راپەڕن ئازادان شەو نەما
هەڵمەت بەن ئیشکەران خەو نەما
بۆ یارمەتی دڵسۆزان
ماڵ و گیان ئەکەین فیدا
بێگانە شڕ ئەکەین و دەرئەکەین
نۆکەران دەرئەکەین و شەڕ ئەکەین
لە پێناوی سەربەستی
ماڵ و گیان فیدا ئەکەین

## سروودی زانکۆی سلێمانی

شیعری: شێرکۆ بێکەس

ئاوازی: شەماڵ سائیب

تۆ هۆش و بیر و گیانی
ئەی زانکۆی سلێمانی
ئێمەش پەیامی ڕێتین
خوێندکار و نەوەی نوێتین

زانکۆمان............ مەشخەڵی پیرۆزە
مامۆستا............ ڕابەری دڵسۆزە
سڵاو بێ لە زانستی
سڵاو بێ لە سەربەستی

چەک قەڵەمە و بڕوایە
زانیاریی...... چرایە
لە شەودا بڵێسەین
گڕ لە خەم بەر ئەدەین

شار و دێ
مژدە بێ
وا هیوا کەوتە ڕێ

گۆشی دایکی زانستین
وشەی ڕاستی پەرستین
کۆتی خەو ئەشکێنین




وەرە وەرە



## پێم بڵێ




## هاوار سەد هاوار



## خۆزگە دنیام هەبوایە



هاتی بۆ بۆ هاتی




بۆتۆیه دڵ



## بەردە بەردە




## هەرێ لەیلێ




دەمەکەت بێنە



## ئازیز بەهارە




# وێنەکان



شەماڵ سائیب لە تافی لاویدا، بەغدا ١٩٥٧



شەماڵ سائیب لە تەمەنی سێساڵیدا



شەماڵ سائیب لە تەمەنی یازدەساڵیدا، کەرکووک



بنەماڵەی سائیب

لە ڕاستەوە بۆ چەپ:

هادی سائیب، ئەنوەر سائیب، جەمیل سائیب، جەلال سائیب، عارف سائیب،

منداڵەکانی: فەوزی سائیب، ؟، محەمەد عەلی سائیب



دایک و باوکی شەماڵ سائیب، فاتیمەخان و جەلال سائیب



لە ڕاستەوە بۆ چەپ: شەماڵ سائیب، فاتیمەخانی دایکی، لەیلا سائیب، نیهاڵ سائیب، سوهەیلە سائیب



شەماڵ سائیب، بەسرە ١٩٤٨




شەماڵ سائیب بەر لە سەفەری بۆ ئەمەریکا، ١٩٦٠



شەماڵ سائیب و ژاڵەی سوهەیلەی سائیبی خوشکەزای ١٩٦٠/٩/٢٦




شەماڵ سائیب لەگەڵ کچەکانی عەلی ئاغا، گێلاس و ئەڵماس
١٩٦٠



له ڕاستەوە بۆ چەپ: رەئووف عەلی ئاغا، گێلاس عەلی ئاغا، شەماڵ سائیب، ئەڵماس عەلی ئاغا ٢/٨/١٩٦٠



له ڕاستەوە بۆ چەپ: کاوە هەڵمەت، شەماڵ سائیب، عومەر هەڵمەت، ولیەم یوحەننا



له پشت ئەم وێنەیە شەماڵ سائیب نووسیویەتی:
من و عەبدولوەهاب لەسەر شەتی بەغدا لە شەوی ١٩٥٦/٦/٦ ئێوارەی ڕۆژی چوارشەمە پێش ڕۆشتنەوەی بۆ سەعیکردن لە کەرکووک بەچەند ڕۆژێک و ئەم ڕەسمەم لە کاتی زەعیفبوونمدا گرت.

ئیمزا
شەماڵ سائیب
بەغدا ١٩٥٦/٦/٨



ئەوانەی کە ناسراون؛ ئەنوەر ئەسکەندەر، د. شاخەوان نامیق شوان، عومەر
هەڵمەت، قادر مستەفا، عوسمان خاڵ و... هتد. ١٩٥٨



لە ڕاستەوە بۆ چەپ: چوارەمین کەس شەماڵ سائیب لەگەڵ عەبدوڕەحمان
محەمەد ساڵح و هاوڕێ قوتابییەکانی لە (عەمادییە) ئەوکاتەی جەلال سائیبی
باوکی لەوێ قایمقام بووە.





شەماڵ سائیب و هاوڕێ قوتابییەکانی، لەم تابلۆیەی پێشیان نووسراوە "الدورة الموسيقية السلمانية ١٩٤٧"



شەماڵ سائیب ١٩٥٨

لە کەرنەڤاڵی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ لەگەڵ قوتابیانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا، چەندین ئاهەنگیان گێڕا هەر لە پەیمانگە.






شەماڵ سائیب لە کاتی کلیپکردنی گۆرانییەکانی



لە پشتەوەی ئەم وێنەیە شەماڵ سائیب نووسیویەتی:
کاتی تۆمارکردنی سرووودی ئەی رەقیب، بەغدا ١٩٦١، شیعری دڵدار
و لەحنی شێخ حوسێن بەرزنجی تۆمارم کرد.



شەماڵ سائیب، بەغدا ١٩٤٦



لە چەپەوە بۆ ڕاست؛ دووەمین کەس شەماڵ سائیب



شەماڵ سائیب، ئەمەریکا



شەماڵ سائیب عودەکەی دەژەنێ و گۆرانی دەڵێ لە ئەمەریکا ئەوەی
ناسراوە لەگەڵیدا عومەر هەڵمەتە ئەوانی تریش ئەمەریکین



له چەپەوە بۆ ڕاست: شەماڵ سائیب، ولیەم یوحەننا، عومەر هەڵمەت،
نەوزار سائیب، کاوە هەڵمەت



لە ڕاستەوە بۆ چەپ: ئالا قادر شاڵی، یادگار شێخ مەحموود بەرزنجی،
شەماڵ سائیب، خالید سەرکار



له بەغدا لە ستۆدیۆی چقماقچی سێ کچی کۆرسی ئیزاعە، عەینەگ لە چاوەکە کوێرەکەیە ناوەکەی یا سامیە بوو یا ساهیرە بوو، کە بەردە بەردە دەڵێت و دەنگێکی ئەفسوونی هەبوو، شەماڵ سائیب، ئەندازیاری دەنگ، عومەر هەڵمەت، گۆرانیبێژی خانەقینی.



شەماڵ سائیب یاری دەکات، عومەر هەڵمەت لە دواوەی وەستاوە، ئەمەریکا ١٩٦٣



لە ڕاستەوە بۆ چەپ: شەماڵ سائیب، ئەکرەم مستەفا، عومەر هەڵمەت، میشیل حەدید. ئەمەریکا



لە ڕاستەوە بۆ چەپ:
شەماڵ سائیب و هەلەنی هاوڕێی، عەبدوڕەحمان برای د. مەحموود عوسمان، عەبدولوەهاب و خێزانەکەی و منداڵەکەی بەردەمیان ناوی دلێرە، دوکتۆر شەفیق قەزاز و لیندای خێزانی، ئەحمەد سالم، عومەر هەڵمەت، محەمەد ساڵح کەریم.



شەماڵ سائیب لە واشنتۆن لە چێشتخانەیەکی ڕۆژهەڵاتی ئەو پیرێژنەی لە بەرامبەری دانیشتووە ناوی (مامە عائیشەیە) کەواتە (دادە عائیشە) عەرەبە و فەڵەستینییە خاوەنی چێشتخانەکەیە و ئەوانی تریش کچە ئەمەریکین و یەکێکیان دۆستی شەماڵ سائیبە. شەماڵ سائیب داوەتی کردوون.




شەماڵ سائیب لە ناوەڕاستی هەشتاکان، لە مەسیف سەڵاحەدین، بەپێوە وەستاوە لەنێو هاوڕێیانیدا و مامۆستایانی زانکۆی سەڵاحەدین لە سەیرانگەدا



لە ڕاستەوە بۆ چەپ: نەناسراوە، د. عەبدولقادر، شەماڵ سائیب لە ناوەڕاستی هەشتاکان



شەماڵ سائیب و ژیمۆی کوڕی و حوسێن
١٩٧٩/٣/٢٠



نەزیرە مەلا کەریم خێزانی شەماڵ
سائیب و دایکی ژیمۆ و تیشکۆ



کوڕەکانی شەماڵ سائیب، ژیمۆ و تیشکۆ




له ڕاستەوە بۆ چەپ:
تەحسین تەها، گوڵبەهار، شەماڵ سائیب



حەیرانبێژی گەورەی کورد ڕەسووڵ بێزار گەردی لەگەڵ هونەرمەند
شەماڵ سائیب. ئەم وێنەیە لە ١٩٥٣/٤/٣ لە بەغدا گیراوە



شـەماڵ سـائیب و ڕەشۆڵ



شەماڵ سـائیب لەگەڵ غەفوور ئاغا ١٩٧٩/٨/١


شـەمـاڵ دەیگوت: غـەفـوور ئـاغـا وەک جگەرەیە هـەمـوو گـیـانـی زەرەرە بەس پـیـاو بۆی تەرک ناکرێ. غـەفوور ئاغا پیاوێکی قسـەخۆش بووە و هـاوڕێی نزیکی شـەمـاڵ سـائیب بووە.




شەماڵ سائیب و هاوڕێیەکی
بەبەرگی ئەفسەری لە ڕواندز



د. جەبار و شەماڵ سائیب



شەماڵ سائیب لەگەڵ عەبدورەحمان بێلاف رێک دەکەون بۆ دانانی کۆمەڵێک پرسیار
و دواتر لە ماوەی سێ رۆژدا هەر رۆژەی سەعاتێک، دەکاتە سێ کاسێت،
عەبدورەحمان بێلاف دیدار لەگەڵ شەماڵ سائیب دەکات – هەولێر





عەبدورەحمان بێلاف لە ماوەی سێ رۆژدا سێ کاتژمێر دیداری هونەری لە سێ
کاسێت لەگەڵ شەماڵ سائیب ساز دەکات– هەولێر





شەماڵ سائیب و عەبدوڕەحمان بێلاف لەماڵی شێخ سەلاحەدین بەرزنجی باقلانی،
کە دەکاتە باوکی عەبدوڕەحمان بێلاف. شەماڵ سائیب نەخۆشە و خزمەتی دەکەن.
هەولێر ١٩٨٦





شەماڵ سائیب و عەبدوڕەحمان بێلاف لە کاتی نەخۆشیدا لە ماڵی شێخ
سەلاحەدین بەرزنجی باقلانی، هەولێر ١٩٨٦





شەماڵ سائیب و عەبدوڕەحمان بێلاف لە نەخۆشخانە، عەبدوڕەحمان بێلاف
بەرزنجی خزمەتی دەکات، هەولێر ١٩٨٦



شەماڵ سائیب و عەبدوڕەحمان بێلاف بەرزنجی چەند هەفتەیەک بەر لە مردنی شەماڵی سائیب ئەم وێنەیە گیراوە، ئەمە دوا وێنەی شەماڵ سائیبە لە ژیانیدا

صاحب الدفتر رقم ( ٦٠٠١٩ )

الاسم واللقب [illegible]

اسم الاب والجد [illegible]

اسم الام والجد [illegible]

رقم سجل النفوس العام ....... ١ .......

الصحيفة ....... ٧٠ .......

اللــواء ....... بغداد .......

محل الاقامة الاعتيادي ....... [illegible] .......



بأسم رئيس الدائرة

التوقيع [illegible]

التاريخ [illegible]

- ١ -



TRUE COPY

DEANSHIP
FINE ARTS INSTITUTE
BAGHDAD - IRAQ,

No: 2316

Date: 8/10/1960

We herewith certify that Mr. SHEMAL SAIB, whose photograph is affixed above was one of our students for the academic year 1959-1960, in the Field of Oriental Music -Lute Instrument Section- the Fourth Form. He was considered a failure due to his absence.

Below is his academic record during the First , Second and Third Scolastic years of study.

| Subjects | 1st. year | 2nd. year | 3rd. year |
| --- | --- | --- | --- |
| PRACTICAL Music | 78 | 83 | 68 |
| Theories of Music | 73 | 00 | 91 |
| English Language | 80 | 83 | 00 |
| Sol-fa Syllables | 66 | 00 | 73 |

( Sgnd )

Dean of Fine Arts Institute

--

IRAQI MINISTRY OF EDUCATION
DIRECTORATE GENERAL FOR TECHNICAL AFFAIRS
CERTIFICATES AND EXAMINATIONS
BAGHDAD

وزارة الخارجية

No: 61747
Date: 31-10-960

الرقم 8850 في 1/11/1960

V.B./31/10/

FOR DIRECTOR GENERAL FOR TECHNICAL AFFAIRS.

REPUBLIC OF IRAQ
CITY OF BAGHDAD
UNITED STATES OF AMERICA INTERESTS SECTION
EMBASSY OF BELGIUM
SS:

I, Ronald L. Main, Third Secretary of the United States of America Interests Section, Embassy of Belgium at Baghdad, Iraq, duly commissioned and qualified, do hereby certify that the annexed photostat copy of certificate of educational background of Mr. Shamal J. Saib issued by Indiana University on 8/19/70 is a true and faithful copy of the original this day exhibited to me, the same having been carefully examined by me and compared with the said original and found to agree therewith word for word and figure for figure.

IN WITNESS WHEREOF I have hereunto set my hand and affixed the seal of the Embassy of Belgium, United States of America Interests Section, Baghdad, this Twelfth day of February, 1973.

Ronald L. Main
Third Secretary

fi

INDIANA UNIVERSITY

Department of Near Eastern Languages and Literatures

**Name:** Shamal J. Saib

**Candidate for Master of Arts Degree**

**Major in Arabic** ~~XXXXX~~ **(delete one)**

**Courses presented (18 or more hours involving use of the language):**
Major (to be tested)

| | | |
|---|---|---|
| N420 | Medieval Arabic Geographical Literature | 3 credit h |
| N407 | Classical Arabic Literature | 3 |
| N421 | Readings in Modern Arabic Political Literature | 3 |
| N609 | Seminar in Modern Arabic Literature | 3 |
| N414 | Readings in Classical Arabic | 3 |
| N607 | Seminar in Classical Arabic Literature | 3 |
| N414 | Readings in Classical Arabic Literature | 3 |
| | | 21 total |

**Minor:** (not to be tested)

| | | |
|---|---|---|
| H575 | Individual Readings in History | 3 |
| H575 | Individual Readings in History | 3 |
| M553 | History of Musical Instruments | 3 |
| | | 9 total |

**Thesis Title:** No thesis

**Language in addition to major:**

**Certified proficient: (date)**

**Final Oral Examination: (date)** February 7, 1969

**This certifies that** Shamal J. Saib **has passed the final oral examination for the Master of Arts degree and is recommended for that degree.**

**Committee:**

Prof. C. E. Farah **, Chairman**

Prof. V. Cantarino

Mr. V. Danner Victor Danner

الجمهورية العراقيـــــة

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
رئاسة جامعة السليمانية
مديرية الادارة والذاتية
الذاتية
العدد / ٧٠٢١٦١
التأريخ / ٦ /١٢/١٩٧١

أمر جامعـي

م / مسؤول النشاط الفني

تقرر قيام السيد جمال جلال صائب المعيد في كلية الاداب بجامعتنا بمسؤولية الاشراف علــى النشاط الفني فـي جامعتنا اعتباراً من تأريخـه اعــلاه ٠

الدكتور محمد دايب عتراوي
و ٠ رئيس جامعة السليمانيـــــة

نسخة منه الى /ـ
ـ وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
ـ مكتب السيد الرئيس
ـ مكتب السيد مساعد الرئيس
ـ عمادة الطلبة ورعـاية الشباب/ الذاتية/ اشارة الى كتابكم المرقم ١٦١٠ والمؤرخ فـي ١٩٧١/١١/١٥ ٠
ـ عمادة كلية الاداب/ قسم الدراسات الكردية/ اشارة الى كتابكم المرقم ٦/١ والمؤرخ فـي ١٩٧١/١١/٢٩ ٠
ـ العمادات كافة
ـ مديرية التسجيل العامة
ـ كافة المديريات والشعب المرتبطة بالجامعة
ـ شعبة الذاتية
ـ الاضبارة الشخصية
ـ ملفة الكتب الصادرة
ـ المومأ اليه / ٠٠٠٠٠

كزة ١٢/٥

بسم الله الرحمن الرحيم

زارة التعليم العالي والبحث العلمي
ئاسة جامعة السليمانية
مديرية الادارة والذاتية

١٦٢

ختم الواردة

شعبة / الذاتية
عدد / ١٢٢٥٢
تاريخ ٩ / ١٢ / ١٩٧١

الى / وزارة التعليم العالي والبحث العلمي

م / تأييد

نؤيد بأن السيد شمال جلال صائب معيد في كلية الاداب/ قسم الدراسات الكردية بجامعتنا ويقوم بتدريس مادتي التأريخ الاسلامي والموسيقى ويتم بالاشراف على النشاط الفني في الجامعة هذا بالاضافة الى كفاءة المومأ اليه وقابليته في اختصاصات اخرى التي تستفيد منها هذه الجامعة وبناء على طلبه زودناه بهذا الكتاب للتفضل بالاطلاع والعلم .

مع التقدير .

الدكتور محمد طيب عقراوي
و . رئيس جامعة السليمانية

نسخة منه الى /ـ
ـ مكتب السيد الرئيس
ـ مكتب السيد مساعد الرئيس
ـ عمادة كلية الاداب/ قسم الدراسات الكردية/ اشارة الى هامشكم على اصل الطلب المقدم الينا من قبل المومأ اليه .
ـ شعبة الذاتية
ـ الاضبارة الشخصية
ـ ملفة الكتب الصادرة
ـ المومأ اليه/ ......

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
رئاسة جامعة السليمانية
مديرية الذاتية:
الذاتية
العدد / ٢٦٤٥ / ٢٧،
التاريخ / ٢٦ / ٥ / ١٩٧٤

## أمر جامعي

استنادا الى الفقرة الثامنة من كتاب وزارة التعليم العالي والبحث العلمي / المكتب الخاص المرقم ص/ ١٠٩٦ والمؤرخ في ٢٢/٥/١٩٧٤ .

تقرر قيام السيد شمال جلال صائب العرف في كلية الاداب بجامعة السليمانية بمهام اعمال المشرف على المكتبة المركزية اعتبارا من تاريخ مباشرته وفي ادناه نموذج من توقيعه باللغتين العربية والانكليزية .

نموذج من توقيعه باللغتين العربية والانكليزية

الدكتور طارق حسن السعادي
و. رئيس الجامعة

نسخة منه الى /-

- وزارة التعليم العالي والبحث العلمي / المكتب الخاص / اشارة الى كتابكم المشار اليه اعلاه تفضلا بقبول الاكرام مع التقدير .
- رئاسة جامعة بغداد / الموصل / البصرة / المستنصرية
- رئاسة مؤسسة المعاهد الفنية
- محافظة السليمانية
- العمادات كافة
- كافة المديريات والمؤسسات والشعب المرتبطة بالجامعة
- مديرية الذاتية / الذاتية
- الاضبارة الشخصية
- ملفة الكتب الصادرة
- السيد شمال جلال صائب

٥/٢٥

بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهورية العراقيــــة

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
رئاسة جامعة السليمانية
مديرية الذاتيــة
الذاتيـة
العدد / ٣/ج/ ٥٥٩٠
التأريخ ٤ / ٧ / ١٩٧٤

أمــــر جامعي

م / أناطــــــة

الحاقا بأمرنا الجامعي المرقم ش/ ٥٣٦٠ والمؤرخ في ١٩٧٤/٦/٢٩ .
تقرر أناطة وكالة عمادة شؤون الطلبة بجامعتنا بالسيد شمال جلال صائب المعيد في كلية الاداب والمشرف على المكتبة المركزية بالوكالة اعتبارا من تأريخ انفكاك عميد شؤون الطلبة ولغاية مدة الاجازة .

الدكتور طارق حسن عبادي
و . رئيس الجامعــــة

نسخة منه الــــى / ـ
ـ وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
ـ عمادة شؤون الطلبة / مكتب العميد / لاعلامنا بتأريخ الانفكاك والمباشرة
ـ مديرية الذاتية / الذاتيــة
ـ مديرية الحسابات
ـ الاضبارة الشخصية / ٢
ـ ملفة الكتب الصادرة
ـ الدكتور خسرو غني شالي
ـ السيد شمال جلال صائب

كولزار ٧/٣

جامعة السليمانية

مديرية التسجيل العامة

مكتب المسجل العام

الرقم ٢٢٦

التاريخ ٨/٧/١٩٧٤

الى /

ختم الواردة

أمـــــر اداري

م / مباشرة وانفكاك

استنادا الى الامر الجامعي الصادر من رئاسة جامعة السليمانية / مديرية الذاتية / الذاتيـــة / المرقم م ش/ ٥٤٦٥ والمؤرخ في ١/٧/١٩٧٤.

١ـ باشر السيد شمال جلال صائب بمهام اعمال المسجل العام وكالة اعتبارا من تاريخ ١٩٧٤/٧/٤ ق.ظ.

٢ـ انفك الدكتور عمانوئيل سلمو عزيز من مهام اعمال وظيفته اعتبارا من تاريـــخ ١٩٧٤/٧/٣ ب.ظ.

(توقيع)

شمال جلال صائب

المسجل العام بالوكالـــة

نسخة منه الـــى / م

ـ وزارة التعليم العالي والبحث العلمي / مديرية الشؤون الادارية العامة الذاتية / السجل الشخصي

ـ رئاسة جامعة السليمانية / مديرية الذاتية / الذاتية

ـ " " " / مديرية الحسابات

ـ الاضبارة الشخصية / ٢

ـ ملفة الكتب الصادرة

ـ الدكتور عمانوئيل سلمو عزيز

الجمهورية العراقية

١٦٨

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة السليمانية
عمادة شؤون الطلبة
مكتب العميد
العدد / ع م ش ل / ٢٩٩٢
التأريخ ٢٧ / ٧ / ١٩٧٤

أمر اداري

م / انفكاك ومباشره

– الحاقا بأمرنا الاداري المرقم م ش / ٦٨٦ والمؤرخ في ١٩٧٤/٧/٢٥ تقرر مايلي :–

١ – انفك الدكتور فؤاد باقر كمال الدين عميد كلية الهندسه بالوكالة من مهام وكالة عمادتنا اعتبارا من تأريخ ١٩٧٤/٧/٢٧ . ق . ظ .

٢ – باشر السيد شمال جلال صائب بمهام وكالة عمادتنا اعتبارا من تأريخ ١٩٧٤/٧/٢٧ . ق . ظ

(توقيع)
شمال جلال صائب
العميد بالوكالة

نسخة منه الى /–

– وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
– عمادة كلية الهندسه
– رئاسة جامعة السليمانية / مديرية الذاتية / الذاتية / للعلم رجاء . مع الشكر
– " " " / مديرية الحسابات
– مديرية التسجيل العامه
– المكتبه المركزية
– مكتب السيد العميد
– كافة مديريات وشعب العمادة
– الاضباره الفرعية
– ملفة الكتب الصادره
– الدكتور فؤاد باقر كمال الدين
– السيد شمال جلال صائب

(توقيع) ٢/ ٨ / ٧٤

تادره ٧/٢٧/

بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهورية العراقية

العدد م ش/ ٧٦٩
التاريخ ١٩٧٤/٨/٧
الواردة

١٦٩

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة السليمانية
عمادة شؤون الطلبة
مكتب العميد
العدد / م ش / ح ، / ٧
التاريخ ١٩٧٤/٨/٢

## امـــــــــــــر اداري

م / انفكاك ومباشـــــــرة

الحاقا بامرينا الاداريين المرقمين م ش/ ٦٣٠ وم ش/ ٦٩٢ والمؤرخين على التوالي فـــــــي ١٩٧٤/٧/٦ و ١٩٧٤/٧/٢٧ .

١ـ انفك السيد شمال جلال صائب من مهام وكالة عمادتنا اعتبارا من تأريخ ١٩٧٤/٨/٣ . ق . ظ .
٢ـ باشر الدكتور خسروغني شالي بمهام وكالة عمادتنا اعتبارا من تأريخ ١٩٧٤/٨/٣ . ق . ظ .

الدكتور خسروغني شالي
العميـــــد بالوكالـــــــة

نسخة منه الى /
ـ وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
ـ رئاسة جامعة السليمانية / مديرية الذاتية / الذاتية / للعلم رجاء
ـ " " " / مديرية الحسابات
ـ مديرية التسجيل العامـــة
ـ المكتبة المركزية
ـ مكتب السيد العميد
ـ كافة مديريات وشعب العمادة
ـ الملفة الفرعيــة
ـ ملفة الكتب الصادرة
ـ السيد شمال جلال صائب
ـ الدكتور خسروغني شالي

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقيـــة

١٧٠

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي

جامعة السليمانيـــة

مديرية التسجيل العامة

مكتب المسجل العام

العدد / ٥٠٥٠

التاريخ ١٩٧٥/٨/٢٨

امـــــــــر اداري

م / انفكاك ومباشـــــرة

استنادا الى الامر الجامعي المرقم م ش/١١٥٦٨ والمؤرخ في ١٩٧٥/٨/٢٨ الصـــادر من رئاسة جامعة السليمانية /مديرية الذاتية /الذاتية .

١ــ انفك الدكتور عبدالمجيد اسماعيل حقي من مهام اعمال وكالة المسجل العام بالوكالـــة اعتبارا من تاريخ ١٩٧٥/٨/٢٤ ق . ظ .

٢ــ باشر السيد شمال جلال صائب بمهام اعمال وكالة المسجل العام بالوكالة اعتبارا مـــن تاريخ ١٩٧٥/٨/٢٤ ق . ظ .

شمال جلال صائب

و . المسجل العام بالوكالـــة

نسخة منه الـــى /

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي /المكتب المركزي للقبول

رئاسة جامعة السليمانية / مديرية الذاتية /الذاتية /امركم الجامعي المشار اليه اعلاه علما بأن تاريخ الانفكاك والمباشرة هـــو ٨/٢٤ بدلا من ٨/٢٥ يرجى تصحيح امركـــم الجامعي . مع التقديـــر .

رئاسة جامعة السليمانية / مديرية الحسابات

عمادة كلية الاداب /الذاتية

الاضبارة الشخصية / ٢

الصـــادرة

الدكتور عبدالمجيد اسماعيل حقي

السيد شمال جلال صائب .

٨/٣١٠

الجمهورية العراقية

**وزارة الصحة**

مديرية الاحصاء

## صورة قيد وفاة

رقم الشهادة الاصلية ٢٥٢٧٣٣

تاريخ تنظيمها ١٦/١/١٩٨٦

الى /

نؤيد لكم بان الوفاة المسجلة اوصافها ادناه قد سجلت لدينا في سجل الوفيات تحت تسلسل ٥٧٥ لسنة ١٩٨٦

اسم المتوفى سماك الجنس ذكر الجنسية عراقي العمر ٥٦ الديانة مسلم

اسم الاب جلال احمد

اسم الام فاطمة محمد

تاريخ الوفاة : رقما ١٥/١١/١٩٨٦

كتابة [illegible] ١٩٨٦

محل وقوع الوفاة [illegible]

سبب الوفاة تشمع الكبد

اسم المخبر عن الوفاة د. [illegible]

اسم المنظم [illegible]

التوقيع

التاريخ ١٦/١١/١٩٨٦

اسم الدكتور

التوقيع

ختم المؤسسة